# بالوولی دانا
# و قەرەقووش

**عەبدوڵڵا عەبدولڕحمان زەنگنە**
**پێداچوونەوەی هەردەوێڵ کاکەیی**
**٢٠١٢**

**ناوی کتێب: بالوولی دانا – قەرەقووش**
**بابەت: بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری**
**ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا عەبدولڕحمان زەنگنە**
**دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید**
**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١٥٩)**
**چاپخانە: کارۆ**
**چاپی یەکەم– ٢٠١٢**
**تیراژ: (٥٠٠) دانە**

پێشکەشە :

* بە جگەر گۆشەکانم تارا و شارا..

* بە هاوسەری ژیانم دایکی تارا، کە لە مردن ڕزگاری کردم..

* بەوانەی وەکو مۆم لەپێناوی مرۆڤایەتیدا دەسووتێن ..

خەڵکی هەتا هەتایە ناتوانن هۆیەکی بەجێ
لە خاچدانی مەسیح و خنکاندنی سوکرات
و کوشتنی غاندی بدۆزنەوە
" تارانێت – برای نەهرۆ

دەوڵەمەنـدێکی لـەخۆبایی ویـستی لەگـەڵ بـالوول گاڵتـە بکات......

پێی گوت: لە نێوان من و تۆدا سیفەتی لێکچوون هەیە؟ بالوول گوتی لە نێوان من و تۆدا لێکچوونێکی سەیر دەبینم ئەویش ئەوەیـە، کـە هـەردووکمان شـتێکی پـڕ و شـتێکی بـەتاڵمان هەیە...

دەوڵەمەند پرسی: ئەو دووانە چین؟

بالوول گوتی: گیرفانی تۆ پڕ و هی من بەتاڵ، سەری من پڕ و سەری تۆ بەتاڵ !!

سەری من وگیرفاتی تۆ پڕن ...
گیرفاتی من و سەری تۆ بە تێڵن.

## پێشەکی..

بالوول بە درێژایی ژیانی لە خۆشی وازی هێنا بوو، بیری لە دونیای جاویدانی دەکردەوە، هەمیشە ئامۆژگاری هارون ڕەشیدی کردووە، هیچ پاداشت و یارمەتییەکی لێ وەرنەگرتووە...

بالوول زانا و دانایەکی گەورە و خاوەن هۆشێکی بەپیت بووە، بۆ ئەوەی فتوای کوشتنی ئیمام مووسا نەدات، خۆی شێت کرد و بە کوچە و کۆلانانی کوفە دا بەسواری قامیش ڕایدەکرد، خەڵکەکە وایاندەزانی بەڕاستی شێت بووە. بەو بۆنەوەیەوە ڕەخنەی زۆری لە هارون ڕەشید دەگرت، زوربەی وەڵامەکانی لە ئاستی هۆشی زانا و ژیرەکان بەرزتر بووە.

بالوول مۆم بوو تواوەتەوە تا ڕێگا ڕووناك بكاتەوە بۆ كەسانی دیكە، هیچ خزمایەتییەك لە نێوان هارون و بالوول دا نییە.

هارون زۆر باش دەیزانی بالوول شێت نەبووە، بەڵكو بەمە ئاینی خۆی ڕزگار كرد، كەس نییە لە نێو كوردا باسی بەسەرهاتی بالوول دێوانەی گوێ لێ نەبووبێ، ئەو پیاوە ژیر و هۆشمەندەی كە ناوبانگی دێوانە و دانا یە چێروکی ئەفسانەی ئەم زاتە لە ژیری و یەكسانی و دادپەروەری دەدوێن. پشتگیری ولایەنگیری لە مافی مرۆڤ دەكەن، بۆیە دەبینین لە چیرۆكەكانیدا كار و بیری ناپەسەندی چەوت و چێڵی خۆش نەویستووە. تاوەكو ئێستا زۆر كەم لەسەر بالوول نووسراوە.



د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە كتێبی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری، هاشم كاكەیی لە هاوكاری، ئامادەكاری ئەم كتێبە لە چەند ژمارەیەكی هاوكاری لەسەر (بالوول) یان نووسیوە.

هەندێك دەڵێن بالوول موعجیزە و كەراماتی لێ بینراوە.. دەگێڕنەوە و دەڵێن، شوێن و جێگەی كەس پێی نەزانیوە، واتە شوێنی تایبەتی نەبووە تیایدا هەڵسوكەوت بكات.

زۆر چیرۆك و ڕووداوی هاوبەش لەنێوانی بالوول و مەلای مەشهورە و تەیموور لەنگ و شكسپیر و ئەبونواس و قەرەقووش و هەندێ لە فەیلەسووفەكاندا هەیە.

بۆ نموونە چیرۆكی ژمارە ٥٢ لەگەڵ بازرگانی بندقیە دا The merchant of venice شكسپیردا هاوبەشە، هەروەها چیرۆكی ژمارە ٦٨ هاوبەشە لە نێوان بالوول و مەلای مەشهورەدا.

چیرۆكی ژمارە ٧٢، كە بالوول دەڕوات بۆ حەمام یەكەم جار پارەیەكی زۆر دەدات، دووەم جار پارەیەكی كەم هاوبەشە لەگەڵ مەلای مەشهورەدا. هەروەها هەندێ چیرۆكی دیكەش هاوبەشە لەگەڵ مەلای مەشهورە و هەندێ لە فەیلەسووفەكاندا.

هیوادارم توانبێتم خشتێكی زێڕینم خستبێتە سەر دیواری گەنجینەی شارستانێتی میللەتەكەم.

سوپاسی ئەو برایانە دەكەم، كە یارمەتییان داوم، بەتایبەتی كاك عەزیز شێخانی وماموستا عەلی بەرزنجی.

عەبدوڵڵا زەنگنە

كەركوك /٢٠٠٢

# بالوولی دانا

خواناس و سۆفی باوکی وەهەیب بەهلوولی کوڕی عەمری کوڕی موغیرەی سەیرەفی کوفییە ساڵی ١٢٠ ك لە شاری کوفە لە باوکێکی دەوڵەمەندی خواناس لە دایك بووە، هێشتا منداڵ بووە باوکی مردووە ... لە مەجلیس و کۆڕو کۆبونەوەکانی کوفە فێری قسە بووە و لای زانا گەورەکانی ئەو سەردەمە خوێندویەتی تا دیاردەی زیرەکی وبلیمەتی تێدا دەرکەوتووە، ئامۆژگاری خەڵکەکەی کردووە، بەمجۆرە باس و ناو و ناتۆرەی بڵاوبۆتەوە، کە خیلافەت لە کوفەوە گواسترایەوە بۆ بەغدا ئەمیش ڕۆیشت بۆ بەغدا و نیشتەجێ بووە و هاوڕێتی پیاوان و سۆفییەکانی ئەو سەردەمەی کردووە ... خەلیفەی عەباسی هارون رەشید گوێی لە پەندەکانی دەگرت و لە کۆڕەکانی ئامادە دەبوو هاوڕێتییەکی بەتین لە نێوانیاندا پەیدا بووە.

بالوول بە درێژایی ژیانی لە خۆشی وازی هێنا بوو، بیری لە دونیای جاویدانی دەکردەوە، کە ڕۆژی بەرەو ئاوا بوون ڕۆیشت گۆچانی گەڕیدەی تەمەنی فرێدا لە بەغدا لە بەری کەرخ رەحمەتی خوای لێ بێت، ساڵی ١٩٠ك کۆچی دوایی کرد لە تەنیشت گۆڕی جونەیدی بەغدادیەوە ناشتنتیان گۆڕەکەی



دیارە و خەڵکی زیارەتی دەکەن ... نووسین هەیە لەسەر گۆڕەکەی مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٥٠١ك ...

لە دائرە المعارف الاسلامیەدا لە بەرگی چوارەم لاپەڕەکانی ٢٧١ – ٢٧٣ هاتووە بالوولە شێت یا وەهەیب کوڕی عەمرو کوڕی موغیرەی سەیرەفی کوفییە، یەکێکە لە ژیرە شێتەکانی سەردەمی هارون رەشید، کە ساڵی ١٩٣ ك مردووە. زۆر شتی لێ دەگێڕنەوە زۆر شیعری ڕەوشت بەرزی دەدەنە پاڵ ... لەو سەردەمەدا پێوەندی لە نێوان بالوول و گەمژەییدا نەبووە، وشەی بەهلوول لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا واتای پێکەنین دەگرێتەوە، یا زیندووی خانەدان یا گەور و کۆکەرەوەی هەموو چاکەیەك.

بالوول لە سەردەمی هارون رەشیدا ژیاوە هەمیشە ئامۆژگاری کردووە و هیچ پاداشت و یارمەتییەکی لێ وەرنەگرتووە ...

نووسینەکانی سەر گۆڕەکەی بالوول باسی دەکات و ناوی دەبات بە سوڵتانی شێتەکان یا دەروونی ئارام یا پێیان دەوت بالوولی دانا، واتا ژیری شێت خزمی هارون ڕەشید و کۆسەی دەربارەکەی بووە کردەوە و پەندەکانی لە چاخانەکان و دیوەخانەکاندا باس کراوە ... کەواتە ئەوشێت نەبووە وەکو ئەفسانە کۆنەکان باسی دەکات، بەهلوول بە عارەبی پێکەنین دەگریتەوە، زۆر کەس وادەزانێ بالوول برای خەلیفەی عەبباسی هارون ڕەشید یا ئامۆزایەتی یا نزیکییەتی، ئەمانە

راست نییە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ ئەمە، تەنها ئەوەندە هەیە هاوڕێتییەکی بەتین هەبووە لە نێوانیاندا هارون، زۆر جار داوای یارمەتی و ئامۆژگاری لێ کردووە.

خەلیفەی عەبباسی هارون رەشید ناوی: هارون رەشید کوڕی محەمەد مەهدی کوڕی مەنسور کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبباسە، بەڵام بالوول: بالوولە شێت، ڕەحمەت خوای لێ بێت ، کوڕی عەمرو سەیرەفی کوفییە.

## بەهلوولی کوفی.

زۆر کەس وادەزانێت ناوی بالوول لە گێلی و گەمژەییەوە هاتووە ... ئەم ناوەی دواییەدا واتای پیکەنیناوی دەگەیاند..

بالوول وانەبووە مەبەست لە بالوولی عەمری کوفییە ... زانایەکی گەورە بووە، خاوەن هۆشێکی بەپیت بووە، سەربە هەردوو ئیمام سادق و کازم بووە، سڵاوی خوایان لێ بێت، هارون ویستی بالوول بکاتە قازی تا فەتوای کوشتنی ئیمام موسای کازمی بۆ بدات، کەوا لەئاین لای داوە و دژی خەلیفەی موسلمانانیشە، لێرەدا بالوول ڕاوێژی ئیمامی کرد..

ئیمام وتی: خۆت شێت کە تا لەو مەترسییە دوورکەویتەوە، بۆ بەیانی خۆی شێت کرد سواری قامیش بوو بە کوچە و گۆڵانانی کوفەدا رایدەکرد خەڵکەکە وتیان: بالوول شێت بووە بەو بۆنەیەوە زۆر رەخنە و تانووتی لە ڕەشید دەگرت..



بەبێ ماوە دەچووە مەجلیسی هارونەوە کەسیش بەرگری لێی نەدەکرد دەنگ و باس وایە، کە بالوول خاوەن هۆشی گەورە بووە و هەرگیز شێت نەبووە.. ئەو ڕێگایەی گرت تا خۆی و کەسانی دیکە لە مەترسی دوورخاتەوە، زۆربەی وەڵامەکانی لە ئاستی هۆشی زاناو ژیرەکان بەرزتر بووە.. هەموو ئایندار و خواپەرستێك و خاوەن باوەڕێك با تەماشاکات بزانێت بالوول و جۆرەکانی بالوول چەندێ ئەشکەنجەیان کێشاوە لە پێناوی ئایندا و بە چی زیانێکی چەرمەسەری ژیاون ... ئەو جۆرە کەسانە مۆم بوونە و تواونەتەوە تا ڕێگا ڕوون بکەنەوە بۆ کەسانی دیکە ...

## بالوولی دانا.

دەربارەی ناوی بالوول زۆر سەرچاوە هەیە لە کتێبی (عتلاء المجانین) دا دەڵێت: باوکی وەهەیب بالوول کوڕی عەمرو سەیرەفی لە ساڵی ١٩٠ی ك مردووە و گۆڕی لە بەغدایە..

لە (روضات الجنان) ل ١٤دا بالوولی کوڕی عەمرو کوفی سۆفی وەهەبە.. لە مجالس المؤمنین بالوول کوڕی عەمرو ئەبو وەهەیب هەندێك دەڵێن نازناوی ئەبو وەهەیبە..

لە (مجالس المؤمنین) دا لە مێژووی گزیدەی (حمد الله المستوفی)دا باوکی عەمرە مامی رەشیدی عە بباسییە بالوول لە مریدانی ئیمام جەعفەری سادق بووە.

له كتێبی (غرائب الاخباري نعمه الله التسنتری) دەڵێت: هارون رەشید ویستی یەكێك بكاتە قازی بەغدا پرسی لە دەوروبەرەكەی هەموو بڕیاریان لەسەر بالوول دا.. كە خەلیفە بانگی كرد و پێی وت: بالوول وتی: من ناتوانم، چونكە خۆم دەناسم بەكەڵك نایەم، ئەگەر بەكەڵك نەیەم ئەوە ڕاستم كردووە، ئەگەر درۆشم كردبێ ئەوا درۆزنم، درۆزنیش بەكەڵك نایات بۆ ئەم كارە، بەڵام هەر وازیان لێی نەهێنا.

وتی: ئەمشەو ماوەم بدەن بیر بكەمەوە، بۆ بەیانی خۆی شێت كرد و سواری قامیش بوو، كەوتە بازاڕ و كوچە و كۆڵانان، هاواری دەكرد: ڕێگا چۆڵكەن تائەسپەكەم لێتان نەكەوێت، خەڵكەكە وتیان: بالوول شێت بووە..

هارون وتی: شێت نەبووە، بەڵكو خۆی بەم جۆرە ڕزكار كرد، بەو شێوەیە مایەوە تامرد، خاوەن (مجالس) لە مێژووی (گزیدە) وە چیرۆكەكانی بالوول، لەگەڵ ئەبو حەنیفەدا دەگێڕێتەوە كەوا لە سەردەمی رەشید دا بووە، كەچی ٤٠ ساڵ ئەبو حەنیفە پێش بالوول مردووە، (ئەبو حەنیفە) ساڵی ١٥٠ی ك مردووە. بالوول ساڵی ١٩٠ی ك مردووە ... ئەگەر ئەمە لەسەردەمی هاروندا بێت ئەوە مەسەلەكە لە نباغەوە هەڵدەتەكێ، چونكە ئەبو حەنیفە لە سەردەمی هارون نەژیاوە، بەڵكو لە سەردەمی مەنسور ژیاوە..



كەس نییە لەناو كورددا باسی بەسەرهاتی بالوولی دێوانەی گوێ لێ نەبووبێ، ئەوپیاوە ژیرو هۆشمەندەی كە بەناوبانگە بە دێوانە و دانایی لە چیرۆكە گاڵتە و گەپ وئەفسانەییە كوردییەكاندا. فرە باس و چیرۆكمان سەبارەت گێڕاوەتەوە، كە بووەتە هۆی زاخاودانی مێشكی مرۆڤ چیرۆكی ئەفسانەی ئەم زاتە لە ژیری و یەكسانی و دادپەروەری دەدۆین ...پشتگیری ولایەنگیری لە مافی مرۆڤ ئەكەن.بۆیە ئەبینین لە چیرۆكەكاندا كاروبیری ناپەسەندی چەوتوچێڵی خۆش نەویستووە. بە گوێرەی سەرچاوە كۆنەكان وتراوە بەهلوول ناوی عومەری كوڕی لە هەبە و ناز ناوی بالووله و لە سەدەی دووەمی كۆچی ژیاوەو هاوچەرخی هارون رەشید بووە ... بەڵام كات و ڕۆژی لە دایك بوونی و مردنی نەزانراوە. ئەوەی شیانی وتن بێ بالوول لای هەندێ چین وكۆمەڵ بە پیاوێكی فەیلەسووفی ئاینی و هەق پەرست ناسراوەو بە كەسێكی پیرۆزو بەرزیش زانراوە. تاكو ئێستا وابزانم كەس شتێكی لە چیرۆكەكانی بڵاو نەكردۆتەوە تەنیا ئەوە نەبێ كە لە كتێبی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی.

چەند دێڕێكی لەسەر نووسراوە، چیرۆكەكانی بالوول كاتێ خەڵقی گوێیان لێی دەبێ. پێكەنینیان دێ بەو تەعبیر و كەرەسانەی، كە ئەو بە كاری هێناون بۆ دەربڕین و خولقاندنی چیرۆكەكەی لە هەمان كاتدا هەست بە بیر تیژی و ژیری ئەم

پیاوە دەکرێ. لەناو چیرۆکەکاندا بالوولیان بەم چەشنە وەسف کردووە: مرۆڤێکی هەژاری خواناس و جلوبەرگ بەڕپووت و جووتێ کەوشی دارزیوی لەپێی دابووە، سەر و پرچ و سمێڵ و ریشی لەیەك ئالاّ بووە. گۆچانی دەستی بریتی بووە لە قامیشێك و هەمیشە بەدەستییەوە بووە. کەرامات و هۆشمەندی ئەو لەو قامیشەی دەستیدابووە.

زۆر نەتەوە گوێیان لە چیرۆکی ئەم ناودارە بووە. کوردەواری ئێمەش یەکێکە لەو گەلانە و بەشی خۆی لە چیرۆکی بالوول لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا پاراستووە، نەوەکانی بۆ یەکتریان گێراوەتەوە، بەرگ و قسە و تەعبیراتی خۆمانەیان بەسەردا بڕیوە.

ڕەنگوبۆی تایبەتی کوردەواری پێوە دیارە ...

لە ناو کوردیشدا بەهلوول و قسەکانی هەر بەناوبانگە، لەنێو کوردەواریشدا، کە باسی بەهلوول دەکەن وای دادەنێن، کە برایەکی شێتی هارون رەشید بووە. لە لاپەڕەی کتێبی گەورە و زەردەوە هاتۆتە ناو خەڵك و لێی گۆڕاوە و شتی خراوەتە سەر و قارەمانێکی بۆ دروست کراوە و ناونراوە بەهلوولی کورد، دەڵێن: قسە یا لە شێت یا لە منداڵ، واتە شێت و منداڵ پێچ و پەناو شت شاردنەوە نازانن و ئەوەی لە دڵیانا بێت بە زمان بە دروستی دەیڵێن، بۆیە ئەم بەهلوولەی، کە لەناو خەڵکدا بووە بە قارەمانێکی شێتی گاڵتەوگەپ قسەی حەق و ڕاستەقینەی



بە زمانەوە دەگێڕنەوە قسەی حەقیش وەك کورد دەڵێت زۆر جار رەقە وەك بەردێك وایە دەدرێت بەسەر و گوێلاکی پیاو خراپان و زۆرداراندا.

قسەکانی بالوول لە سنووری ڕەخنە دەچنە دەرەوە بۆ چوارچێوەی ڕاپەڕین وشۆڕش و ڕووبەڕووی هەموو شتێکی ناڕەوا و کۆن لە کۆمەڵدا. بە داخەوە تا ئێستا لەناو کورد دا هەوڵی ئەوە نەدراوە کە قسەکانی بەهلوول کۆبکرێتەوە و لە دەمەوە بخرێتە سەر کاغەز و هەر لە بەر ئەوەشە، کە ناتوانین لێرەدا لێکۆڵینەوەیەکی گەورە و فراوانی ئەو قسانەی بخەینە بەرچاو.

بەهلوول بۆ نەتەوەی کورد هەر قارەمانێکی گاڵتە و گەپی نەتەوەی کوردە: قسەکانی بالوول و شەخسیەتی خۆی لە ناو کورددا ناسراوە قسەکانی بە کوردی دەگێڕێتەوە ئەچنە سەر سامانی نەتەوایەتی ئەدەبی فۆلکلۆری کورد و زۆر لە قسەکانیشی تەواو ئەوەیان پێوە دیارییە، کە لەناو کورد دا دروستکراون، شەقڵی تایبەتی کۆمەڵی کوردەوارییان پێوەیە.

گەر شەخسیەتی بەهلوول قارەمانێکی هاوبەشی زۆر نەتەوەی ڕۆژهەلاّت بێت و لەوناوەدا قارەمانێکی گاڵتە و گەپی کوردیش بێت، ئەوا کورد خۆی خاوەنی قارەمانێکی گاڵتە و گەپی نەتەوایەتی خۆیەتی، کە هەر لەو تیپە یا جۆری بەهلوولە. واتە قسە و حیکایەتەکانی ڕاپەڕین هاوارێکی پڕ لە داخ و کینە و ڕقە بەرامبەر بە ناڕەوایی و ناخۆشی ژیانە ...

**باسێك لەسەر ژیانی بالوول.**

خوالێخۆشبوو قازی نورەڵڵا شوشتەری خاوەنی کتێبی (مجالس المؤمنین) سەبارەت بە سەر گوزشتەی بالوول دەنووسێ ناوی وەهەبی کوڕی عەمرۆیە، مرۆڤێکی تێگەیشتووی شێت بووە خەڵکی ئاسایی بە شێتیان زانیوە. لە کوفە لە دایك بووە، هەروەك لە مێژووی گزیدە نووسراوەی (حمدالله مستوفی) دا هاتووە لە کوڕە مامی هارون رەشیدی عەبباسی ناوبراو لە ڕیزی خواناسان و پیاوچاکانی سەردەمی خۆی بووە. وادەگێڕنەوە هارون لەبەر پاراستنی دەسەڵات و حوکمڕانی هەمیشە تێکۆشاوە ئیمام لەنێو ببات و خۆی ڕزگار بکات، هەر بۆیە ئەوسا ئیمامی تاوانبار کرد گوایە لە ئاین لایداوە، لە خواناس و پیاوچاکانی ئەو سەردەمەی ویست بۆ کوشتنی ئیمام دەنگ بدەن، پاش ئەوەی ژمارەیەکیان کوشتنی ئیمام جەعفەریان بە ڕەوا زانی بالوول چووە خزمەت ئیمام و بۆ ئاگادارکردنی ناوبراو لەو هەواڵە، داوای لێکرد لەم بوارەوە یارمەتی بدا و ڕێگای ڕاستی پیشان بدات.

ئیمام جەعفەری سادق ئەمری کرد خۆی لە شێتی بدا و بالوولیش دوای جێبەجێ کردنی ئەم دەستووره توانی لە ژێر فەرمانی هارون خۆی ڕزگار بکات.



لە کتێبی ریشە مێژووییەکانی پەند و وتەدا ڕووداوی شێت بوونی بالوول باس کراوە، چونکە نووسەری بەڕێز لەم کتێبەدا بەڕوونی ئەو مەسەلەیەی باس کردووە دەقی بابەتەکانی ئەم کتێبە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز، بالوول کە بە مانای دەم وچاو کراوە و ڕوومەت جوان هاتووە و پیاوی قسەخۆش وەلاّم ئامادە و کۆنەکارەکانیش بەو دەشبهێنن، ئەگەرچی بە ڕەواڵەت شێت دیار بوو، بەلاّم لە زانا و تێگەیشتووەکانی سەردەمی خۆی بووە لە مێژوودا بالوول ناو زۆرن بەلاّم بالوولی ناودار ئەوکەسەیە لە زەمانی دەسەڵاتدارەتی هارون ڕەشید دا دەژیا و قوتابییەکی نموونەیی ئیمامی سادیقیش بووە. بالوول خزمی هارون و بە گوێرەی هەندێ ریوایەت لەگەڵ هارون ڕەشید دا دایکیان یەك بووە، بەلاّم سەرەڕای ئەو نزیکایەتییەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و منداڵەکانی خۆش دەویست.

لە کوفە لە دایك بووە و ناوی ئەسڵیشی وەهەب کوڕی عەمرۆ هاتووە ناوبراو بۆیە لە شێتی داوە، کە هارون رەشید بەمەبەستی مانەوەی لە دەسەڵاتدا پیلانی لە نێوبردنی ئیمام جەعفەری سادق داڕشت زۆر بیانووی دروستکرد، تاکو ئەو ڕێزدارە بکوژێ، لەبەر ئەوە کە لە هیچ ڕێگایەکەوە نەیتوانی سەرکەوێ ئەمجارە بڵاوی کردەوە ئیمامی شەشەم لە ئاین وەرگەڕاوە، لە زاناکانی ئاین و پیاوچاکانیشی ویست فەتوای

کوشتنی بدەن. ژمارەیەك لەوان فەتوایاندا، بەڵام بالوول بەڕێنمایی ئیمام خۆی لەشێتیدا، بۆ ئەوەی لە دانی فەتوادا خۆی بدزێتەوە، لەوە ناچێ ئەم چیرۆکە راست بێ، چونکە ئیمام سادق دوورە لەوەی کە پیاوێکی ئاقڵ و ژیر فەرمان بدا خۆی لە گێلی و شێتی بدا ... ڕاستی مەسەلەکە ئەویە ژمارەیەك لە یار و یاوەرانی نزیکی ئیمام بە بۆنەی دۆستایەتی لەگەڵ ئەم بەڕێزەدا کەوتنە ژێر چاودێری سۆراخەوە هارون رەشیدیش نیازی وابوو بەفیڵ و تەڵەکە ئۆگران ولایەنگرانی ئیمام بەشێوەی جیاواز لە نێو ببات، هەندێ لەم کەسانە لە ئیمامیان ویست کە ڕێگا و چارەیان پیشان بدا، ئیمام ئەوجا کە لە مەدینە بوو بەدانەوەی وەڵامێك کە لە پیتی جیاکراوەدا ئەویش جیم ج بوو واتە یاوەرانی ئاگادار کردەوە کەببێتە جیم لە بەر ئەوەی داواکارانی وەڵامی ئیجازەیان نەبوو لەوە زیاتر لە ١٦ئیمامیان بوێ بۆ شی کردنەوە چونکە بەکرێ گیراوە سیخوڕەکانی خەلیفە وەزعەکەیان لە ژێر چاودێریدا بوو. بۆیە پەیامی ئیمامیان هەروا کورت بە ئاگاداری ئۆگرانیان گەیاند، هەرکەسە و بە گوێرەی توانا پەیامی ئیمامی تاوتۆ کرد و بەمجۆرە لە دەستی هارون رەشید رزگاریان بووە، ئەوانەی پیتی جیمیان ج بە کۆچ کردن حاڵی بوون پەرتەوازە بوون و خاکی عێراقیان بەجێهێشت هەندێك وەڵامی ئیمامیان بە



مەبەستی (جبل) واتە کیۆ خوێندەوە و پەنایان بردە بەر کێوەکان.

بەڵام بالوول پیتی ج بە (جنون)، واتە بەشێتی لێکدایەوە سواری ئەسپی دارین بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ژیانێکی خۆشی هەبوو وازی لە جوانی و خۆشییەکانی ژین هێناو خزم ونزیکان و ئەوەی کە هەیە بە هیچ دانا لە ڕێگای شێتی ودێوانەییدا حەقیقەت و راستییەکانی دەگرت و لادەر و گوێراهانی بۆ سەر رێگای راست و عەداڵەت ڕێنمایی دەکرد ... بە گوێرەی داستانێکی دیکە (هارون رەشید) یش نیازی وابوو بالوول بکاتە قازی شاری بەغداد، بەڵام چونکە بالوول ئامادە نەبوو ئەو ئەرکە قبووڵ بکا بە دەستووری ئیمام سادق خۆی لە گێلیدا و بەم جۆرە لە غەزەبی هارون رەشید خۆی رزگار کرد هەروەك زانراوە بالوول لە راستیدا پیاوێکی ... ژیر و هۆشیارو دیندارێکی بە ئیمان بووە، سەرەڕای ئەوەش حازر وەڵام بوو، بۆ چارەسەر کردنی کۆسپەکانی لە نێو پیاوانی سەردەمیدا دیار و بەرچاو بووە، یەکەم لە سەردەمی هارون رەشید دا کەس نەیدەوێرا زمانی بگێڕێ جوامێرەکانی دنیا غەیری بێ دەنگی و دەم بەستن ڕێگایەکی دیکەیان نەبوو، یا ئەوەی لە ڕێگای ناماقووڵەوە ڕاستییەکان بدرکێنن دەنا خوێنی دەڕشتن و ژن و منداڵی بنەماڵەکەشیان وەك ئالی بەرمەك لە نێودەبرد ... هەروەك ئەو کاتەی رەشید سەبارەت

بە سەلماندنی ئیمامەتی ئیمام موسای کازم بەڵگەکانی هیشامی کوڕی حەکەمی بیست یەحیا کوڕی خالیدی بەرمەکی راسپارد زمانی ئەو پیاوە بۆ من لە سەد هەزار شمشێر ترس هێنەر ترە سەیرە ئەوکەسە دەژی و ئەمنیش دەسەڵات دارم هیشام کاتێ ئەم رووداوەی بیست دڵنیا بوو، کە هارون رەشید دەیەوێ گیانی لێ بسێنێ، رایکرد بۆ کوفە لە ماڵی یەکێك لە دۆستانی خۆی شاردەوە، زۆری نەکێشا لە ترسی هارون رەشید گیانی دەرچوو ...

بالوول لە وەها سەردەمێکدا دەژیا سەبارەت بەو هۆکارانەی باسکران ڕێگایەکی دی نەبوو بەغەیری ئەوەی ببێتە جیم (ج) تاکو لە مەترسییەکانی پارێزراو بێت ...

چیرۆکێکی دیکەش لەسەر هۆیەکانی شێتی بالوول هاتووە بەم جۆرە: دەگێڕنەوە هارون رەشید بۆ پێویستی قازێتی شاری بەغدا، بالوولی دیاری کرد کەسانی دەوروبەری خەلیفەش پەسەندیان کرد، بۆیە بانگی بالوولی کرد و پێی گوت پێویستی قازێتی بەغدا بگرێتە دەست، بالوول قبووڵی نەکرد و گوتی: ئەو کارە لە توانای مندا نییە خەلیفە کێشەی زۆر کرد و بالوول گوتی: وەزعی خۆم لە خەڵکی چاکتر تێ دەگەم ئەگەر لە قبوول نەکردنی ئەم پێویستییەدا راستگۆ و سادق بم، ئیدی بێ تواناییم دەردەکەوێ، ئەگەر فێڵباز و ریاکاریش بم، خۆ ناکرێ شەخسییەتی وا بۆ قازی دیاری بکرێ؟



بەڵام خەلیفە قەناعەتی نەهات و پێی داگرتبوو، کە بالوول ببێتە قازی بەغدا بالوول کە زانی هارون وازی لێ ناهێنێ بە ناچاری داوای دەرفەتێکی کرد تاکو بیربکاتەوە، بەڵام هەرچەندە بیری کردەوە دیتی بە بوونی خەلیفەیەکی واو لە بارودۆخێکی وادا ئەگەر ئەرکی قازێتی قبووڵ بکا بە ناچار دواڕۆژی خراپ دەکا وای بە باش زانی خۆ دێوانە و شێت بکا، بۆیە ڕۆژی دوایی وەك منداڵان بە سواری قامیش ئەسپەدارینە لە کوچە و کۆڵانانی بەغدا دەگەڕا و دەیگوت: خۆتان لادەن ئەسپەکەم جووتە دەهاوێ، بە مجۆرە لە قبوڵ کردنی ئەرکی قازێتیدا خۆی دزییەوە، هارون کاتێ بە ڕووداوەکەی زانی گوتی: ئەوە شێت نییە، بەڵکو هەر ویستویەتی بەو کارە دینی خۆی بپارێزێ ...

## لە تایبەت مەندییەکانی بالوول:

بالوول پیاوێکی زانا و کەسێکی تێگەیشتوو و خاوەنی عەقڵ و زەکاوەت و لە زەمانی خۆیدا تاقانە بوو، بەڵام لە پێناوی پاراستنی دین و پەرەپێدانی شەریعەتی راست و بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانی سەردەم و زانستی خواناسی خۆی لە شێتیدا. لەو سەردەمەشدا ڕێگایەکی نەبوو دەنا خوێنیان دەڕشت ...

بالوول قەناعەتی وابوو پلەیەك كە خوا پێی داوە زۆرە و چاوی لە ماڵ و موڵكی خەڵكەوە نەبوو، سەر بەرزی ئەو لە هەژاریدا بوو، نەك لە دەوڵەمەندیدا، بالوول بە هۆی شمشێری زمانی دژ بە دوژمنانی دین خەباتی دەكرد بە سەرنجدان بەو فەرمودەیەی محمد (د.خ) كە دەڵێ:

(المؤمن مجاهد بسيفه ولسانه) ... واتە خواناس بە شمشێر و زمان هەوڵدەدا ... بالوول لەوكەسانەیە دونیای پشت گوێ خستوەو لە غەیری خوا خۆی دوور كردەوە ئەو بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بووە و عەقڵی كردە ڕابەر و توانی بگاتە دۆندی بەرزی مرۆڤایەتی، كاتێ لە دنیای دەڕوانی هەموو شتی هەبوو لە دەسەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە خۆشییەكانی ژیان، چونكە كوڕە مامی هارون ڕەشید بوو، جگە لەوەش پیاوێكی بە هەق و ژیر و وریا بوو، بەڵام پشتی لە هەموو ئەوانە كرد، ڕووی لە خوا كرد و بیری دواڕۆژی كردەوە ...

هارون ڕەشید و یاوەرانی لەگەڵ هەموو گەورەییەكەوە كۆچیان كرد و سەرزەنشت و نەفرەت زیاتریان پێ نەبڕا، بەڵام بالوول عەقڵی كردە حاكمی نەفسی و دونیای فیدای دواڕۆژ كرد و گەیشتە لوتكەی مەعنەویات لە ساڵی ١٩٠ی ك بانگی ماڵئاوایی لە ژیان كرد.



## ئیمە و بالوولی دانا.

لە ناو كەلەپوری گەلانی ڕۆژ هەڵاتدا گەڵی بیروباوەڕ و شیعر و گۆرانی و داب و نەریتی جۆراوجۆر هەیە و بەجێماوە، هەر گەلێك لەم گەلانە بە درێژایی مێژوو پاراستوونی، ئەوە بۆ ئەوەیان بەجێ هێشتوون، میللەتی ئێمەیش یەكێكە لەو گەلانەی كە خاوەنی بیروباوەڕی تایبەت بە خۆی و هاوبەش بە گەلانە و دەوروبەری كاری تێكردووە، لەگەڵ خۆی هێناویەتی بەكارهێنانی و ناوبردنی ئەو جۆرە بیرۆكە و بەسەرهاتانەی، كە لە خوێندنەوەی پارچە شیعرێكدا دەستگیرمان دەبێت ڕاستی ئەم بۆچوونەیە، كە ڕابوردوومانی پاراستووە.

بالوولی دانا یەكێكە لە پاڵەواناتی ناو داستانی ئەدەب و كە لە پورمان، هەندێ بەسەرهاتی ئەم زاتەمان پاراستووە بە هۆی چەند دێڕێك شیعر یان گۆرانی و سروودی ئاینی لەو باوەڕەشداین، كە میللەتی ئێمەی كورد زیاتر گرنگێتی داوە بەم زاتە پێش گەلانی تری ڕۆژهەڵات. بالوول بە هۆش و بیرتیژی خۆی، كە ژیانی لە گۆشەگیری و خواناسیندا بەسەر بردووە و گەلێ قسەی فەلسەفی ڕێكوپێكی لێ بەجێماوە خەڵكی گوێڕایەڵی ئەو بوونە. هەروەها موعجیزە و كەراماتی لێ بێزاوە، دەگێڕنەوە دەڵێن شوێن و جێگای كەس پێی نەزانیوە، واتە شوێنی تایبەتی نەبووە تیایدا هەڵسوكەوت بكات، بۆیە دەمێ لە بەغدایان دیتووە بەناو كوچە و كۆڵان و

دوكان و بازاڕدا هاتوچۆی كردووه، كەم تێكەڵاوی خەڵكی و ژیانی ڕۆژانەیان بووه، هەندێ جاریش چونكه خاوەن موعجیزه و كەرامات بووه، بۆیه دەبینین له شاخەكانی كوردستاندا پێش چاو خەڵكی كەوتووه، بەتایبەتی (كێوی داڵەهۆ) بارگه و جێگای موبارەكی ئەو بووه، هەرچەنده به عەقڵی زۆر كەسدا ناچێ بەڵام دەبێ بوترێ دیاره هەندێ تیرەو تایەفەی تایبەت وەكو ئەهلی هەق (كاكەیی) هەبوون له ناو میللەتی كورد باوەڕیان هەبووه به موعجیزەو كەراماتی ئەم زاته و جێگای تایبەتییان لەناو دڵ و بیروباوەڕیاندا بۆ دانابوو. یاخود دەتوانرێ بوترێ كوردیش بالوولی دیوه و پێوەندی ڕۆحییان له گەڵدا هەبووه. دەنا چی گەیاندوویەتی به كێوی (ڕۆژهەڵاتی كوردستان)، ئەوەتا ڕەنجوری شاعیری زەنگنه له پارچه شیعرێكدا به ناوی قیبلەم خەیاڵان هەناو هاوارێ پەنای بردۆتەبەر پیاوچاكانی كوردستان و بالوولیشی له ڕیزی ئەواندا داناوه و له گەڵیاندا ڕاپێچی كردووه و دەڵێ:

**یا بارگەی ( بالوول ) هەردەی ( داڵەهۆ )**

**یا ( عومەر گودروون ) ماوا ( گودروون كۆ )**

دیوانی ڕەنجوری، لێكۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی (آفاق عربية)، بەغدا، ١٩٨٣، ل١٣٢

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی زۆری پێ سەیره، كه چۆن و كەی بالوول گەیشتووەته داڵەهۆی كوردستان و دەنووسێ و



دەڵێ: لێرەدا جێگەی سەرنج ئەوەیه، كه (بالوول) ئەگەر مەبەست بالوولی لەمەڕ هارون ڕەشید بێ چی گەیاندوویەتی به (داڵەهۆی كوردستان؟) بەڵێ دەبێ لەو باوەڕەدابین، كه بالوول كێوی داڵەهۆی دیتووه و تیایدا ژیاوه، ئەگەر بۆ ڕۆژێكیش بووبێت مەقام و جێگای خۆی لەو شوێنه بۆ بەجێهێشتووین، دەنا تێكەڵی بیروباوەڕیان نەدەبوو له شیعردا ڕەنگی داوەتەوه.

ئەوەتا شاعیرێكی كورد:

بەناوی (شێخ عەبدوڵڵا داخی)، كه هاوچەرخی مەولەوی بووه، ئەم دوو دێڕه كه بەسەرهاتێكی درێژی بەدواوەیه و دەڵێ:

**سوار نه یجه بی ( بالوول ) دانا**

**دێوانه و عیلم حەقیقەت زانا**

واته:"بالوولی دانا به سواری نەیجه (قامیش) خۆی كردبووه دێوانه، بەڵام له ڕاستیدا زانا و دانابوو".

بڕوانه هاوكاری ڕۆژی دووشەمه ١٩٧٩/٩/١٠ محەمەد عەلی قەرەداغی له نێوان داخی و مەجزوب دا. بەسەرهاتی ئەم دوو دێڕه ئەوەیه: دەگێڕنەوه و دەڵێن هارون ڕەشید به تەمای ئەنجامدانی پڕۆژەیەكی ئاوی بوو، واته دەیویست ئاو له شوێنێكەوه بۆ شوێنێكی تر بەرێت، كەسانێك به پڕۆژەی (عەبباسی) یان ناوبردووه. هەرچۆن بێت دەڵێن هارون بۆ ئەنجامدانی ئەم كاره پیاوانێ زۆری كۆكردەوه وەكو كرێكار

کاری پێ دەکردن هەر لە بەیانییەوە تا ئێواری لە هەر ماڵێك زەلامێکی بردووە، وای لێهاتووە، کە ژنان سکاڵای خۆیان گەیاندووەتە لای هارون لەولایشەوە خەڵکی سکاڵای خۆیان لای بالوول دەربڕیوە، تا وای لێدێت بالوول هەڵدەستێ دەچێتە لای هارون پێی دەڵێ ئەم کارەی تۆ چۆنە و چییە ئایا پیشانمی نادەی، ئەویش دەڵێ زۆر دوورە بالوولیش دەڵێ لە هەر کوێیەکە دە تۆ وەرە سوار پشتم بە هارون دەبینێ وا بالوول قامیشێکی بەدەستەوەیە سواری بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەندێ جار باوەڕی بە دانایی و ڕاستی بالوول هەبووە، بۆیە سواری پشتی دەبێ. خۆی و هارون دەگەنە سەر پڕۆژەی ئاوەکە، ئینجا بە هارون دەڵێ دە تۆ ئەو هەموو کرێکارانە ئیزن بدە بابڕۆن بۆ ناو ماڵ و منداڵیان هارونیش بە قسەی دەکا، پاشان بالوول دێت سەری قامیشەکەی لە قەراخێکەوە دەخاتە ناو ئاوەکە و پێی دەڵێ وەرە سوار پشتم بە، بەڵام نەکەی بۆ دواوە ئاوڕ بدەیت. دەڵێن هەردووکیان سواری قامیش — نەیجەکە بوون و کەوتنە ڕێ، هەرکە ئەوان کەوتنە ڕێ ئاوی پڕۆژەکەش بەدوایاندا کەوتە ڕی وّ دەڵێن هارون باوەڕی نە دەکرد و وتی: با ئاوڕێ بدەمەوە، ڕوانی ئاو بەشوێنیانەوەیە. بەڵام لە خواوە ڕاوەستاوە و ئیتر ئاوەکە بە شوێنیاندا نەچووە و دەڵێن هارون هەناسەی پەشیمانی دەکێشێ و بە بالوول دەڵێ:



ئەی دانای گەورە ئەو بەشەی بە تۆ دراوە بە کەسێ تر نەدراوە بە ڕاستی زاتێکی گەورەی گەورەتریش مەگەر هەر خوا خۆی بیزانێ. بۆیە شاعیرمان دەڵێ:

سوار نەیجە بی بالوول دانا
دێوانەوەعیلم حەقیقەت زانا

کورتەیەك لە جیاوازیی نێوان بالوول و هارون دا
هارون گەورەیی و ئیعتباری ئەم دنیایەی هەبوو ...
بالوول جوانی و گەورەیی و مەعنەوی
هارون دنیای خوارد و دینی لەدەستچوو
بالوول دینی پاراست و دنیای فەرامۆش کرد
هارون سواری ئەسپی ڕازاوە بە زێڕو زیو دەبوو
بالوول سواری ئەسپی قامیشی ڕازاوە بە مەعنەویات بوو.
هارون بە بەدبەختییەوە کۆچی کرد و لە دەرگای خوادا نەفرین کرابوو.
بالوول بە سەربەرزییەوە خۆشی نەدیوەوە ماڵئاوایی لە دنیا کرد
مەرگی هارون سەرەتای دەست پێ کردنی گرفتاری بوو
مەرگی بالوول دەست بێ کردنی خۆشی وئاسایش بوو.
هارون گەورەیی و دنیای ویست و بەدبەختی و ڕۆژ ڕەشی دواڕۆژی هەڵبژارد.
بالوول بەدەبەختی ئەم دنیایە و گەورەیی دنیای تر.
هارون دوای مردنی لەعنەت ونەفرینی خەڵکی بۆ مایەوە
بالوولیش ڕەحمەت و سلاوی خەڵك.

## چیرۆکەکانی بالوول

(١) کابرایەکی نامۆ ڕێی دەکەوێتە شاری بەغدا، ئەم کابرایە خەنجەرێکی دەسك زێڕینی کردبوو بەقەد پشتوێنەکەیدا و ڕووی لە بازاڕ کرد، لەوکاتەدا زێڕینگەرێك بە خەنجەرەکەی دەزانێ و دەیداتە گرتن بە بیانووی خەنجەرەکە هی ئەمە و ئەو کابرایە لێی دزیوە پاسدارەکان دەیان بەن بۆ دادگا. لەوێ پرسیاری لێدەکەن و دەڵێن کابرا چۆن ئەم خەنجەرەت لەم زێڕینگەرە دزی؟ بۆمانی ڕوونکەرەوە ! کابراش دەڵێ بە قوربان هی خۆمە و لەکەسم نەدزیوە. دادوەر لە زێڕینگەر دەپرسێ و دەڵێ چۆن ئەو خەنجەرەت لێ دزراوە و کێ شایەتیت بۆ دەدا کەهی تۆیە و مافی ئەم کابرا نامۆیە نییە؟ بە زێڕنگەر دەڵێن بڕۆ دوو شایەت بێنە سبەینێ وەرنە دادگا. خەنجەرەکەش لە کابرای نامۆ دەسێنن وەدەری دێنن وەدەڵێن بڕۆ تا بەیانی مۆڵەتت دەدەین، کە چۆن ئەو خەنجەرەت دزیوە دەبێ ڕوونی بکەیتەوە بۆ دادگا. کابرا دێتەوە ناو بازاڕ و لە قوژبنێکدا ئارام دەگرێ و خەم و پەژارە دایدەگرێ. لەولاوە بالوول دێ و کابرای نامۆ بە دی دەکا لە جلوبەرگێکی نامۆییدایە. خۆی لێ نزیك دەکاتەوە و پێی دەڵێ:

– کاکە خەڵقی چ شا و وڵاتێکی؟

– کابراش دەڵێ بۆ چیم ماوە لێمی بسێنن؟!



– بالوول دەڵێ: کێ شتی لێ سەندوویی؟!

– خوانەخواستە شتێکیان لێ بردووی بە زۆر؟!

ئەمیش لەوەڵامدا دەڵێ: خەنجەرێکی زێڕینی جوانم هەبوو زێڕینگەرێکی شارەکەتان بە درۆ خۆی(٢٦) کردە خاوەنی و لە دادگا لێی سەندم.

– بالوول دەڵێ باشە: شایەتی هەبوو؟!

کابرا دەڵێ نەخێر هەر ئەوەندوی وت، خەنجەرێکی مشتە زێڕینە و دادگاش بڕوایان بە قسەی ئەو کرد و پێیان وت بڕۆ دوو شایەت بێنە لە منیش داوایان کرد، کە بڵێم لە کوێ ئەو خەنجەرەم هێناوە و چاوەڕێی وەڵام و شایەتن و تا بەیانی مۆڵەتیان داوین بالوول دەڵێ: مادامێك وایە وەرە ئیمشەو میوانی من بەو چار و تەگبیرت بۆ دەکەم، کە چۆن خەنجەرەکەت وەرگریتەوە. کابرای نامۆ بە قسەی بالوول دەکا و پێکەوە بەرەو ماڵی بالوول دەچن. شەو تەکبیری بۆ دەکا و دەڵێ: بڕۆ دادگا و بڵێ ئەو خەنجەرەم بۆیە هەڵگرتووە لەبەر ئەوەی باوکی من بەو خەنجەرە کوژراوە، ئێستاش بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خەنجەرەکە دەگەڕێم بۆ تۆڵە وەرگرتنی خوێنی بابم. سبەینێ کابرای زێڕینگەری درۆزن دوو شایەت دێنێ و دێت بۆ دادگا ....

کابرای نامۆش دەڕواو لێپرسینەوە دەست پێ دەکات شایەتەکان شایەتی بۆ زێڕینگەری درۆزن دەدەن دادوەر ڕووی

دەمی دەکاتە کابرای نامۆ لێی دەپرسێ: کاکە تۆ دەڵێی چی؟ چیت لە قسە پێیە بیڵێ. کابراش هەر وەکو چۆن بالوول ڕێی بۆ دانا بەو جۆرە گێڕایەوە و وەتی: قوربان ئەم خەنجەرە کاتی خۆی باوکی منی پێ کوژراوە، بۆیە هەڵم گرتبوو بەڵکو خاوەنەکەی بدۆزمەوە. ئەوا لەپێش دادگا ئیسپات بوو. ئەم خەنجەرە هی ئەم پیاوەیە کەوابوو هەر ئەم بابی منی کوشتووە، ئێستاش داوای مافی بابم دەکەم لە دادگاتان.
دادوەری دادگا ڕوو دەکاتە زێڕینگەر و دەڵێی چی: کەوابو بابی ئەم پیاوەت کوشتووە. دەنا ئەو خەنجەرەت چۆن ناسییەوە؟ زێڕینگەر هاوارو داد دەکا و دەڵێ: گەورەم بە خوا من پیاوم نە کوشتووە ئەم خەنجەرەش هی من نییە و درۆم کرد.
بەو جۆرە کابرای نامۆ ڕزگاری دەبێ لەو تەڵە و داوەی بۆی کێشرابوو. کابرای زێڕینگەریش بە سزای خۆی دەگات و ئەمیش دەڕواتەوە لای بالوولی دانا و سوپاسی خۆی پێ ڕادەگەیەنێ و ماڵئاوایی لێدەکات.

***

( ٢) بالوول ئەو پیاوە دڵ شێواوە لە دەستی منداڵانی بەغدا بێزار بوو، چونکە بەردەوام بەرد بارانیان دەکرد، هەرکە چاویان پێ دەکەوت ڕاویان دەنا.. بالوول کاتێك نەیتوانی لە ڕێگای عەقڵەوە لەو بەڵایە رزگاری بێ، ئەمجارە داوای لێ کردن



و لەبەریان پاڕایەوە مادام وازم لێ ناهێنن بەردی بچووکم پێدادەن و بەم کارە شەل و سەقەتم مەکەن، چونکە ئەگەر لاقم ئازاری پێ بگا ناتوانم بە پێوە نوێژ بکەم. سەرئەنجام ڕۆژێك بەردەبارانکاری خۆی کرد و لە دڵی بالوول کاریگەر بوو بەجۆرێك لە ناڵە و دەروونی بالوول دڵی بەردەکە هاتە ژان و خوێناوی بوو. بۆ خۆ ڕزگارکردنی لە چنگی ئەوان بە شەلەشەل ڕێگای بەسرەی گرتە بەر.
بە کورتی بالوول شەوێ گەیشتە بەسرە و بە مەبەستی نووستن پەنای بردە قوژبنێك، لەو قوژبنە تەرمی کوژراوێکی لێبوو، کە لەگەڵ خوێن و خاکدا تێکەڵاو بووبوو و نەیدەزانی لە لای کوژاوێکەوە دەنوێ، لەو ماوەیدا جلوبەرگەکەی خوێناوی بوون، کە ڕۆژ بوووەوە خەڵك تەرمی کوژراوەکەیان دیت، کە بالوول لە تەنیشت و پەنای ڕاکشاوە جلوبەرگەکەشی خوێناوییە وایاندەزانی بالوول دەستی بردۆتە ئەو کوشتارە، پێیان گوت: ناکەس بەچە خەڵکی کوێی وەك ئاشناو خەڵکی ئەم ناوچەیە ناچی؟
بالوول گوتی: لە بەغداوە هاتووم لەو قوژبنە کە تەرمەکەی لێیە نووستم بەیانی کە هەوا ڕوناك بوو زانیم کوژراوێکم لە تەنیشتەوەیە.
پێیان گوت: لە بەغداوە بە مەبەستی خوێنڕشتن هاتویتە ئێرە هەردوو دەستیان توند بەستن و ڕەوانەی بەندیخانەیان کرد بە

زیندانەوانێکی بێبەزەییان سپارد، بالوول لە دڵی خوێدا دەیگوت:

جەرگی سووتاو ئەمڕۆ چ دەکەی؟

لە ترسی بەردەبارانی منداڵان هەڵاتییە ئێرە تێکەڵ بە مەسەلەی خۆین بووی. گەر بە بەغدا ڕازی بایەی کارت بە بەسرە چ بوو ... سەرئەنجام قازی بەسرەیان لەو مەسەلەیە ئاگادار کردەوە و ئەویش بڕیاری لە داردانی بالوولی دا.

بالوولیان بردە بن داری خنکاندن و پیاوکوژی شاری بەسرەش پەیژەکەی لە بن دارەکە دامەزراند، کاتێ ویستی پەتەکە لە مل بالوول بکا بالوول سەری بەرزکردەوە و بە هێواشی چەند وشەیەکی گوت لەناکاودا لە قوژبنێك پیاوێك هەستا و هاواری کرد، کە پێ گوناهە و ئەمن تاوانبار و بکوژم. ئێستاش نامەوێ کوژرانی یەکێ دیکە و ئەوەندە خۆگوناهبار ناکەم.

هەردووکیانیان بردە لای پاشاو وەزیریش لەوێ ئامادەبوو.

شای بەسرە لە مێژ بوو چاوەڕوانی بوو لە گەڵ بالوولدا دانیشێ زۆر حەزی دەکرد بیبینێ، بەڵام قەت چاوی پێی نەکەوتبوو وەزیر کاتێ لەوێ دیتی و ناسی لە خۆشیان سەری بەرزکردەوە گوتی: ئەی شاهی خاوەن شکۆ، ئەگەر بالوولت دەوێ ئەوەتا شا لە خۆشیان لە جێی خۆی هەستا و بانگی کردە پێش خۆی و دانیا. کاتێ حاڵی وەزعی کوژراو و بکوژیان گوت: باسی داستانی بالوولیان کرد شای بەسرە



ئەمری کرد بکوژ دەست بەجێ لەسەری بدرێ، بەڵام بالوول بە شای گوت، ئەی شای ئازا ئەگەر دەتەوێ بە دڵی من بکەی پەنا بە خوا نەکەی خوێنی بڕێژی، چونکە ئەگەر ئەو کارە بکرێ ڕاست نابێتەوە، چونکە ئەو بە هۆی دروستکاری هەستاو خۆی فیدای گیانی من کرد و چۆن دەبێ خوێنی ئەم لاوە بڕێژرێ ؟

شا ئەمجارە کەسوکاری کوژراوەکەی بانگ کرد و پێی گوتن: خوێن بایی وەربگرن، کوشتنی ناوبراو دروست نییە، لە جیاتی ئەو ئەوە منم و کارم پێی نییە، ئەگەرچی گوناهکار و تاوانبارە، بەڵام فەرمان بەردارە، چونکە بالوول داوای بەخشینی بۆ کردووە. ئاخری بە زێڕ ئەم مەسەلەیە چارەسەر کرا و هەموو دوژمنەکانیان ڕازی کرد ...

– شا پرسیاری لە لاوەکە کرد: تۆ لەو کاتەدا چۆن هەستایی و هاوارت کرد؟

– لاوەکە گوتی: ئەژدیهایەکم دیت، کە قەت نەمدیتبوو زاری کردبووەوە وەك گڕکان ئاگری لێدەباری و بەردی ڕەق و سەختیش لێی دەترسا... پێی گوتم: هەستە ڕاستییەکەی بڵێ، ئەگەر وانەکەی دەستبەجێ ورد و هاڕ دەبی و هەردوو چاوت بەیەك جێ دەردێنم لە سزایەکی هەمیشەییدا دەبی و کەسیش وەفریات ناگا. لە ترسی ئەو حەزیایە لە شوێنی خۆم هەستام

و ئەوەی کردبووم گوتم، تا رزگارم بوو، پاشان ڕووی لە بالوول کرد و گوتی: باشە تۆ لەسەر داری خنکاندن چیت گوت؟

بالوول گوتی: کاتێك دڵنیا بووم، کە گیانم لە دەست دەدەم سەرم بەرزکردەوە و گوتم: خوایە چیت لەم پیاوە هەژارە دەوێ؟

تۆ ئەوانەت بانگ کردۆتە ئێرە تا لەم کاتەدا بمکوژن. داوای خوێن بایت لێدەکەم داوێنی هێندێ ماڵ و حاڵ شێواو ناگرم بە تەنیا تۆ دەناسم، چونکە گیانم بێ حوکمی تۆ چی لێ نایێ، کاتێك ئەم قسەیەم لە ژێر لێوەوە وەك ڕاز و نیاز کرد، لاوەکە هەستا و هاواری کرد بەو هاوارە لە دارەکە هێنامیانە خوارەوە بە لابردنی پەردەی ڕاز وەڵامیدایەوە، ئەگەرچی ڕەنج و مەبەستێك، کە لێی حاڵی کردووم لە خوای مەزنەوەیە، ئەگەر جاری یەکەم گیانی ئەستانبایە ئارەزووی منی لەگەڵ سەت گیان بەرامبەر دەکرد، ئەگەر بێت من لە بارەگای ناکام بم. بە سەت گیان بەرەوئەو ڕێگایە دەڕۆن، بەڵام تا تۆ پیاوێکی بێگانە دەبینی هەموو لە بێگانە شەڕ و خێر دەبینن، تەنیا لە شوێنێکە، کە خۆشەویستی و کینە باری کردووە، هەموو شتێك لەوە بزانە کە ڕۆیشتووە ...

***



(٣) بالوول دارێکی لەدەستدا بوو، هەتا دەشکا لە گۆڕەکانی دەدا پێیان گوت. پیاوی ئاژاوەگێڕ بۆچی بە دار لەو گۆڕانە دەدەی؟

بالوول گوتی: ئەوانەی ڕۆیشتوون زۆری بێ ئەژمارەیان کردن و یارییان کرد. یەکێکیان گوتی: ئەوە ماڵی منە و شوێنی منە، ئەویان گوتی: ئەو زێڕ و زیوە هی منە، ئەوەی دیکەیان گوتی: ئەو زەوی و زارە هی منە، ئەویان گوتی: ئەو باج و بەروبوومەکەی هی خۆمە، خوا گوتی: ئەو هەموو کێشەیە ڕەوانییە، چونکە میراتی منە و هی ئێوە نییە. ئەوان کە ئەو شتانەیان گوت ڕۆیشتن و گیانیان دەرچوو، بۆیە بێ خۆراك و خەو دەژیم، چونکە ئەوان کۆمەڵێك ئینسانی درۆزن و ڕیاکار بوون.

ئاخۆ کاتێ ئەنجامی هەمووان بەجێهێشتنە، لە کوێ دیسان لەو بیرکردنەوە سوودیان وەرگرت، خەڵك بۆچی شتی وا کۆدەکاتەوە کە لە پەشیمانیدا ڕێ وێڵی کەن. بۆچی دڵ بە دونیایەك دەبەستی، کە ئاخیری لە گڵەکەت خشت ساز دەبێ، کاتێ برسێتی بەسەر بالوولدا زاڵ بوو زوو دای بە حەلوا و گۆشتی سورەوەکراو دانیشت و بە خۆشحاڵییەوە خواردی. یەکێك دەیگوتی بەشم نادەی ؟ ئەو تووڕە بوو، وەڵامی دایەوە خوا چۆن ئەم خواردنەی دامێ، چۆن دەکرێ ئێستا بیدەمەوە، ئەتۆ ڕازی بە بەهەر چییەك دەتداتێ، ئەگەر دەستیشت بداتێ

هەر ڕازییە، چونکی هەر پەندێکی دەبینی تۆ نازانی و پڕ بە پێستە ...

***

(٤) کەسێك بە سواری ئەسپ بە بەغدادا دەڕۆیشت. دەتگوت لەگەڵ خوای عالەم شەڕ دەکا، لە دواوە و پێشەوەیدا کەسانی خاوەن چەك دەڕۆیشتن، بە جۆرێك ڕێگای هاتوچۆکردنیان بەرتەسك ببوو. بالوول مشتێك خاکی هەڵگرت و ڕۆیشت و بە چاوێکی سووك سەیری کرد، ئاخر ئەو لە خۆبایی بوون و غرورە بۆ خاك ڕەوا نییە، کە ئەگەر بوو بە پاشا ئیدی بەندەی خودا نییە. تۆ بۆ زانین پیر بوون لە نێو بازاڕدا دەگەڕێی، کە هەموویان داویان بۆ مردارەوەبوو داناوەتەوە، ئاخر کاتێ کەسێ سندان خواردن شیاوی بێ چۆن دەتوانێ لە ڕاز و ڕەمزی پیرۆزی ئاگادار بێ.

***

(٥) هارون ڕۆژێك بە شوێنێکدا دەڕۆیشت، بالوولیش گەیشتە ئەوێ و هاواری کرد، ئەی هارونی خەمخۆر، هارون بە بیستنی ئەم وتەیە زۆر تووڕە بوو، بە هاوسەر و پارێزەرانی گوت، ئەو بێ سەرو پێیە کێیە کە بەنێوی بچووك بانگم دەکا بە (هارون) یان گوت: ئەوە بالوولە، هارون دەستبەجێ بە دوایدا ڕۆیشت و پێی گوت: تۆ نازانی ڕێزم بگری، کەوا بەناوی بچووك بانگم



دەکەی، ئەی شێت پیاو نازانی هەر ئێستا خوێنت دەڕژێنمە سەر خاك، پیاوی زۆرزان وەڵامی دایەوە: دەزانم تۆ پیاوچاکی، ئەگەر لە خۆرهەڵاتدا زاڵمێك مابێ، کە بە ڕێکەوت لاقی بە بەرد بکەوێ، ئەگەر لە جێگایەکیش پردێك هەبێ شکابێت لە ڕۆژئاوادا بۆت دەنووسن بترسە، ئەی بێ خەبەر بترسە، کە لە تۆ پرسیار دەکەن هارون بە دەنگ گریا و بە بالوولی گوت: ئەگەر قەرزێکت هەیە بڵێ تا بە یەکجاری بیدەینەوە. بالوول گوتی: دەنکە جۆیەك هی خۆت نییە، ئەو ماڵەی تۆ سامانی خەڵکە، هەر شتێ لە خەزینەدایە هی تۆ نییە، بڕۆ ماڵی خەڵکی دیکە بگێڕەوە، کێ گوتوویەتی ماڵی کەس بێنە و بیبەخشە (هارون) لە (بالوول)ی ویست ئامۆژگاری بکات، بۆیە بالوولی شێت پێی گوت: ئەی ئەو کەسەی وا لە دنیادا ڕاوەستاویی نیشانەی ئەهلی دۆزەخت پێوە دیارە، ئەو نیشانەیە لە ڕوومەتت بشۆوە. ئەگینا گوتم دەڕۆم و ئیدی خۆت دەزانی.

هارون پێی گوت: بەو هەموو ئاکار و کردارە ئاینیە چۆن دەچمە دۆزەخ.

بالوول وەڵامیدایەوە: بڕوانە مانگ و ساڵ، کە وەك دۆزەخییەکان هارون گوتی: ئەگەرچی (والفصولم) خۆتی هەڵقورتاندنە، بەڵام لەگەڵ ڕەسووڵی خوا نزیکایەتیم هەیە و هەر دەمێنێ.

بالوول گوتی: هەر وەك گوێت لە قورئان بوو، هیچ نێوانێك لە بەینی مرۆڤەكان نامێنێ و خزمایەتی دەوری نییە.
هارون بە بالوولی گوت: ئەی هەژار و نەدار ئومێدم بە شەفاعەت هەر هەیە.
بالوول وەڵامیدایەوە: بە بێ ئیجازە و خوابەخشین و شەفاعەتێك لەئارادا نییە، چیت لە من دەوێ؟ هارون سوپای دەنگدا، كە بڕۆن ئاخر بالوول ئێمەی كوشت و بەخۆمان نەزانی.

***

(٦) كابرایەك بالوولی دەناسی وتی: وەرە لەگەڵم بۆ بازاڕ ئەم دەرگایە هەڵگرە بۆ ماڵەوە، بالوول دەرگاكەی هەڵگرت و بردی بۆ گۆڕستان لەسەر گۆڕێك دانا، كابرای خاوەن دەرگا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە لە خێزانەكەی پرسی: كوا دەرگاكە؟
– دەرگای چی !
– كابرا گەڕایەوە بۆ بازاڕ، بالوولی دۆزییەوە.
– كابرا پرسی: كوا دەرگاكە ؟
– بالوول وتی: بردم بۆ ماڵتان.
– كابرا وتی: وەرە پیشانم بدە، بالوول كابرای هێنایە گۆڕستان و دەرگاكەی پیشاندا و بە خاوەن دەرگای وت: دەرگایەك بكڕە بۆ گۆڕەكەت، ئەویش بە كردەوەی چاكە دەبێت.



***

(٧) بالوول ماوەیەك بوو مات و مەلوول پێ نەدەكەنی، هارون ڕەشید بانگی دەكرد، ئەمیش پەند و ئامۆژگاری بۆ دادەدا، ڕۆژێكیان هارون ڕەشید بڕیاریدا پاداشتێك بداتە هەر كەسێك بالوول ببێنی پێكەنیوە یەكێك چاودێری بالوولی دەكرد، ڕۆژێكیان بالوول چووە بازاڕی قەسابەكانەوە، لاشەی ئاژەڵەكانی بینی هەریەكە و بە تەنیا هەڵواسراوە، پشتیدایە دیوارەكەوە بە هەموو دەنگی دەستی كردە پێكەنین. كابرا بە هارونی وت. هارون بانگی بالوولی كرد و پێی وت: بیستم ئەمڕۆ لە بازاڕی قەسابەكان پێكەنیوی، ئایا ڕاستە؟
بالوول وتی: بەڵێ، چونكە لەگەڵ تۆدا دادەنیشم ترسام پرشی گوناهەكانت بمگرێتەوە، بەڵام كە لاشەكانم بینی هەریەكەو بەپێی خۆی هەڵواسراوە بۆم دەركەوت هەركەسە و بە تاوانی خۆی سزا دەدرێ.
هارون پاداشتی كابرای كرد، لەبری ئەوەی هەواڵكەی پێگەیاند.

***

(٨)
– یەكێك بە بالوولی وت: دەزانی من كێم ؟
– بالوول وتی: بەڵێ !

– دەزانم کێی تۆ وەکو قاڵچکی ڕەسەنێکی ناسراو و لقێکی بەرهەمدارت نییە.

***

(٩) دەگێڕنەوە والییەك ویستی مزگەوتێکی گەورە دروست بکات. والییەکە نەیوست لە پارەی خۆی مزگەوتەکە دروست بکات. لەبەر ئەوە بازرگان و دەوڵەمەندەکان و کاسبکارانی ناچار کرد پارە بدەن بۆ ئەم کارە. خەڵکەکە ناچار پارەیاندا و والی مزگەوتەکەی دروست کرد.

کە تەواو بوو پرسی لە بالوول: ئایا لە بری ئەم کردەوەیە چاکەی بۆ ئەنوسرێت؟

بالوول وتی: ماوەم بدە تا سبەی بۆ ئەوەی وەڵامت بدەمەوە.

بالوول لە هەر گەڕەکێك لە گەڕەکانی شار کۆترێکی هێنا، کۆترەکانی خستە ژێر سەبەتەیەکەوە و لەسەربانی مزگەوتە تازەکەیدانا.

بۆ سبەی چوو بۆ لای والی و تکای لێکرد لەگەڵیدا بێت بۆ مزگەوت، تاوەڵامەکەی بداتەوە، پێکەوە هاتن بۆ مزگەوت و داوای لە والی کرد لەگەڵیدا سەرکەوێتە سەربانی مزگەوتەکە، سەرکەوتنە سەربان و کە لە سەبەتەکە نزیك بوونەوە. بالوول سەری سەبەتەکەی هەڵدایەوە کۆترەکان هەموو فڕین هەریەکە بۆ گەڕەك و ماڵی خاوەنی خۆی. بالوول وتی: کارەکەت وەکو



ئەم کۆترانە وایە، هەر چاکە و پاداشتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن خۆی.

***

(١٠) عەمری کوڕی جابری کوفی: دەڵێت: ڕۆژێکیان لە کوفە ڕێم دەکرد، تەماشام کرد خەڵکێکی زۆر دەوری پیاوێکی سەرومل خوێناوییانداوە، کە پرسیم وتیان: بالوولە منداڵان وەبەر بەردیانداوە. لێی نزیك بوومەوە و وتم: بۆ باوکیان گازندە ناکەیت؟

وتی: بێدەنگبە ڕەنگە کاتێ بمرم یادی ئەم خۆشییە بکەنەوە و بڵێن: خوا لە گوناهی ئەم شێتە خۆش بێت !!!

***

( ١١) بالوول نزا دەکات و هارون ڕەشید پێ دەکەنێ !!

پیاوێکی خەڵکی کوفە دەڵێت، کە هارون هات بۆ کوفە داوای بالوولی کرد ئینجا، کە هات هارون وتی: جلی ڕەشی لەبەر بکەن و فێسی لەسەر بکەن لە جێگایەك ڕایگرن. ئەوەی خەلیفە داوای کرد کرا، پێیان وت: ئەگەر هارون ڕەتبوو نزای خێری بۆ بکە، کە خەلیفە تێپەڕ بوو بالوول سەری هەڵبڕی و وتی: ئەی میری موسڵمانان داوا لە خوا دەکەم سامانت زۆر کات، هارون پێکەنی و وتی: ئامین. کە هارون تێپەڕی گەورەی کوفە لە قۆڵیدا و وتی: وانزا بۆ خەلیفە دەکەیت !

بالوول وتی: بێدەنگبە شێتە لە دونیادا خۆشەویسترین شت لای خەلیفە پارەیە، کە گەیشتە هارون. بالوول چی وتووە پێکەنی و وتی: درۆی نەکردووە، ڕاست دەکات.

***

(١٢) چیرۆکی بالوول لەگەڵ ئەبی حەنیفەدا خاوەنی (مجالس المؤمنين) دەیگێڕێتەوە: بالوول جارێکیان دێتە دەرگای یەکێك لە پێشەوا ئاینییەکان، گوێی لێبوو بە قوتابییەکانی وت: جەعفەری کوڕی سادق هەندێ شت دەڵێت من بڕوای پێ ناکەم. دەڵێت: شەیتان بە ئاگر سزا دەدرێت، چۆن سزا دەدرێت، کە خۆی لە ئاگر دروست کراوە؟

دەڵێت: خوا نابینرێ، کەچی هەشە، هەموو بوونێك دەبێ ببینرێت.

دەڵێت: مرۆڤ کە خۆی هەڵدەسێت بە کردەوەکانی، کەچی خوا دروستکەری هەمووشتێکە.

بالوول تۆپەڵێ قوڕی وشکەوەبووی هەڵگرت و دایە سەر کابرادا و سەری شکاند و ڕایکرد. کەوتنە شوێنی و تا گرتیان و بردیان بۆلای خەلیفە. بالوول وتی: دەڵێت شەیتان لە ئاگر دروستکراوە چۆن ئاگر کاری تێدەکات، کەچی تۆپەڵە قوڕەکەش لە گڵ دروستکراوە چۆن کاری تێکرد.



هەروەها دەڵێت: هەموو بوونێك دەبینرێت با ئێشەکەی سەریم پیشان بدات، دوایی دەڵێت: هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ خوا لە چارەی نووسیوە، کەواتە خوا لێیدا.

***

(١٣) بالوول ڕۆژێك سەردانی هارونە ڕەشیدی کرد، خەلیفە خەریکی خواردنەوەی شەراب بوو، بە مەبەستی پاکانە کردن بۆ شەراب خواردنەوە لە بالوولی پرسی:

– ئەگەر کەسێك ترێ بخوات حەرامە ؟

بالوول گوتی: نەء !

– خەلیفە پرسی: دوای خواردنی ترێ ئاو بخواتەوە چۆنە ؟

– بالوول وتی: مەسەلەیەك نییە !..

– خەلیفە پرسیاری کرد: پاش خواردنی ترێ و خواردنەوەی ئاویش ماوەیەك لەبەر خۆرەتاو دانیشێ قەیدی هەیە؟

– بالوول وتی: نەو !

خەلیفە ئەمجارە بە بڕوای خۆی بەڵگەی شەراب خواردنەوەی دەستکەوت و گوتی: باشە ئەو ترێ و ئاوە پاش ماوەیەك لەژێر خۆرەتاودا حەرام دەبێ؟

– بالوول گوتی: ئەگەر هەندێك خۆڵ بەسەر سەری ئینساندا بکەی ئازارێکی پێدەگا؟

– خەلیفە وەڵامیدایەوە: نەء !

– بالوول پرسیاری کرد: ئەگەر دوای ئەم خۆڵە هەندێ ئاویشی پێدا بکەین گیروگرفتێك ناخولّقێنیّ؟

– خەلیفە گوتی: نەخێر !

– بالوول پرسیاری کرد: ئێستا ئەگەر ئەو خاك و ئاوەڵێك بدەین و خشتی لیّ ساز بکەین و لەسەری ئادەمیزادی بدەین، ئایا ئازاری دەبیّ ؟ ...

– خەلیفە گوتی: چۆن سەری مرۆڤ دەشکێنیّ !

– بالوولیش گوتی: هەروەك لە تێکەڵاوکردنی خاك و ئاودا سەری مرۆڤ ئازاری پێدەگات، لە تێکەڵاوکردنی ئاو و ترێیش شتێك دروست دەبیّ، کە مرۆڤ بە غەیری شەڕ و کێشە قازانجێکی دیکەی لیّ نابێنیّ ...

خەلیفە دوای بیستنی وەڵامی بەجێی بالوول بێدەنگ و خەجاڵەت بوو و فەرمانیدا سفرەی شەرابەکە کۆبکەنەوە.

***

(١٤) ڕۆژێك خەلیفە هارون ڕەشید لە بالوولی پرسی:

گەورەترین نیعمەتی خوا چییە ؟

بالوول وەڵامیدایەوە: هۆش، چونکە وا باوە ئەگەر خوا ویستی لە مرۆڤی خۆی وەرگەڕیّ، یەکەم شت هۆشی لێی دەسێنێتەوە، هۆش لە ڕیزی ڕزق و بژێودایە بە حیساب دیّ، بەڵام بەداخەوە خوا لەو نیعمەتەی بێبەش کردووم.

***



(١٥) وا باس دەکەن — زوبەیدە خێزانی هارون ڕەشید، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ڕێگادا تووشی بوو بە تووشی بالوولی داناوە، ڕوانی خەریکی یاری کردنە لەگەڵ منداڵان، بە قامکی زەوی خەت خەت دەکرد.

– زوبەیدە خانم پرسیاری لێکرد:

– چ دەکەی؟

– بالوول گوتی: خانوو دروست دەکەم !

– زوبەیدە پرسی: ئەم خانووە دەفرۆشی !

– وەڵامیدایەوە: بەڵیّ !

– پرسیاری کرد: نرخی چەندە؟

بالوول نرخێکی گوت، زوبەیدە فەرمانیدا ئەو پارەیەی بدەنیّ. بالوول ئەو شوێنەی بەجێهێشت، زێڕی وەرگرت و بەسەر هەژاراندا دابەشی کرد، هارون ڕەشید شەو لە خەودا بینی چووەتە بەهەشت و گەیشتە بەردەم خانوویەك، هەرکە ویستی بچێتە ژووریّ ڕێگایان لێگرت، پێیان گوت: ئەو خانووە هی زوبەیدەی خێزانتە. ڕۆژی دوایی هارون ڕەشید ڕووداوەکەی لە هاوسەری ژیانی پرسی:

زوبەیدە حیکایەتەکەی بالوولی گوتەوە، هارون چوو بۆ لای بالوول و دیتی لەگەڵ منداڵان خەریکی یاریی کردنە و خانوو دروست دەکات، بە بالوولی گوت: ئەو خانووە دەفرۆشی؟

بالوول گوتی: بەڵیّ !

هارون پرسیاری کرد: نرخەکەی چەندە؟

بالوول ئەوەندەی گوت لە ژمارە نەدەهات ...

هارون گوتی: بە نرخێکی هەرزان بە زوبەیدەت فرۆشتووە !

بالوول پێکەنی و گوتی: زوبەیدە چاوبەستە کڕی، تۆ دیوتە و دەیکڕی، لە نێوان ئەم دوو مامەڵەیەدا جیاوازی زۆرە ...

***

(١٦) ڕۆژێکیان هارون ڕەشید لە بالوولی پرسی: خۆشەویستترین کەس لەلای تۆ کێیە؟

لە وەڵامدا گوتی: کەسێك سکم تێر بکات !

هارون بە بالوولی گوت: ئێستا ئەگەر سکت تێر بکەم خۆشت دەوێم ...

بالوول وەڵامی دایەوە: دۆستایەتی بەقەرز ناکرێت ...

***

(١٧) ڕۆژێك وەزیرێکی خەلیفە بە بالوولی گوت:

دڵت خۆش کە خەلیفە تۆی پەروەردە کرد و یارمەتیدای ببیە حاکمی ورچ و بەرازان.

بالوول لە وەڵامی وەزیردا گوتی: هەر لە ئێستاوە ئامادەبە و لە فەرمانی من لامەدە، چونکە لەژێر فەرمانی منداى.

خەلیفە و دانیشتووانی مەجلیس بەو وەڵامە پێکەنین و وەزیری خەلیفەش بێدەنگ و مات بوو.

***



(١٨) ڕۆژێك لە ڕۆژان هارون ڕەشید لە تەنیشت گۆڕستانێکدا ڕەت دەبوو، (بالوول و عەلیانی) شێت و دێوانەی دیت، کە پێکەوە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد، بە مەبەستی گاڵتەکردن لەگەڵیان فەرمانیدا هەردووکیان بەرنە بەردەمی. گوتی: ئەوڕۆ شێت و دێوانە دەکوژم، بانگی میرغەزەب جەلاد بکەن مەئمووری ئەشکەنجە و ئینسانکوژ دەستبەجێ شیر بەدەست ئامادە بوو، عەلیانی شێتی خستە سەر چۆك، کە لە ملی بدات.

بالوول گوتی: هارون چ دەکەی ؟

هارون گوتی: ئەمڕۆ دێوانە و شێت دەکوژم.

بالوول ئەمجار وەڵامی دایەوە، شکور بۆ خوا، لەو شارە ئێمە دوو شێت بووین وا تۆش بووی بەهاوڕێی سێیەممان، ئەگەر تۆ ئێمە بکوژی، ئەی کێ تۆ دەکوژێت ؟

***

(١٩) یەکێك لە خزمەتکارانی خەلیفە بە بالوولی گوت:

بۆچی لێرە دانیشتووی ؟ بڕۆ بۆ لای خەلیفە، کە بە هەر شێتێك دە درهەمان دەبەخشێ !

بالوول لە وەڵامدا گوتی:

ئەگەر ڕاست دەکەی تۆ بڕۆ، تا دە درهەمت بداتێ ...

***

(٢٠) بالوول ڕۆژێك چوو بۆ کۆشکی هارون و بەبێ ترس لەسەر کورسی خەلیفە دانیشت، کارەکەر و خزمەتکارانی

كۆشك كاتێك ئەم دیمەنەیان دیت بە زەبری دار و قامچی بالوولیان لەسەر تەخت هێنایە خوار، كاتێك هارون ڕەشید هاتە ژوورەوە و بالوولی دیت دەگری، لە پاسەوانانی پرسی بالوول بۆ دەگری؟

لە وەڵامدا گوتیان: لەبەر ئەوەی لە شوێنی تایبەتی تۆ دانیشتبوو و لێماندا و لەو شوێنە دوورمان خستەوە، هارون ئەمجارە پاسەوانەكانی سەرزەنشت كرد و دڵنەوایی بالوولیشی دایەوە، بالوول گوتی: من بۆ خۆم ناگریم، بەڵكو بۆ تۆ فرمێسك دەڕێژم، ئاخر من چەند خولەكێك لەسەر كورسییەكەی تۆ دانیشتم تووشی ئەو ئازار و ناڕەحەتییە هاتم، بیر لەوە دەكەمەوە تۆ بە درێژی تەمەنت لەسەر ئەو كورسییە دانیشتووی، چەند ئازار دەچێژی و زەبرت بەردەكەوێ، تۆ بیر لە دواڕۆژی كردارت ناكەیتەوە سەری كاروباری خۆت نا پەرژێی.

***

(٢١) دەگێڕنەوە هارون ڕەشید پزیشكێكی تایبەتی خەڵكی یۆنانی بۆ بارەگاكەی هێنابوو، ڕێزی زۆری لێ دەنا، ڕۆژێك بالوول سەردانی ئەو پزیشكەی كرد، دوای یەكتر ناسین و قسەوباس لە زۆر بواردا بالوول لە پزیشكەكەی پرسی: پیشەی تۆ چییە؟ پزیشكەكە بە ئاگاداربوون لە ڕابردووی



بالوول و ئەوەی كە شێتە ویستی گاڵتەی پێ بكاو پێی وت: پزیشكم مردوو زیندوو دەكەمەوە.

بالوول گوتی: تۆ زیندووەكان مەكوژە، زیندوو كردنەوەی مردووەكان با پێشكەش بە خۆت بێ، هارون و دانیشتووانی مەجلیس بەم وەڵامە گەلێك پێكەنین.

***

(٢٢) ڕۆژێ لە ڕۆژان هارون ڕەشید لە كۆشك و باڵەخانەكەی دانیشتبوو، عیسای كوڕی جەعفەری كوڕی خالیدی بەرمەكی و دایكی جەعفەریش لەلای بوون، هارون ئەمری كرد بالوول بانگ بكەنە ژوور.

كاتێ بالوول چووە ژوورێ، خەلیفە گوتی: شێتەكان بژمێرە ؟

بالوول گوتی: یەكەمیان خۆم دووهەمیش ئەوەتە، واتە دایكی جەعفەر، عیسای كوڕی جەعفەر بەو قسەیەی بالوول تێكچوو و گوتی: ئەی دایك خراپ بۆ بەم شێوەیە لەگەڵ دایكی جەعفەر ڕەفتار دەكەی ؟

بالوول گوتی: تۆش سێهەمین شێتەكانی، ئەی ئەو كەسەی هاوار دەكەی ؟

هارون لەم ساتەدا هاواریكرد: وەرن بالوول دەرنێن ...

بالوول ڕووی لە خەلیفە كرد و پێی گوت: تۆش نەفەری چوارەمی لە شێتەكان.

***

(٢٣) هارون ڕەشید جارێك  بڕێ پارە دەداتە بالوول، تاكو بەسەر خەڵكی فەقیر و هەژاراندا دابەشی كات.
سەرەتا بالوول پارەكەی وەرگرت و پاشان بۆلای هارون ڕەشید گەڕاندییەوە. هارون ئەم كارەی لە بالوول پرسیار كرد، بالوول لە وەڵامدا گوتی: هەرچەندە بیرم كردەوە لە خەلیفە هەژارتر و نەداراترم شك نەدی، چونكە دەبینم مەئمورەكانی تۆ بە زەبری لێدان و پێداداِن پارە لە خەڵك دەسێنن و بۆ خەزینەی تۆی دێنن، بۆیە بەباشم زانی تۆ لە هەمووان بەرهەق تری و پارەكەم گەڕاندەوە بۆت.

***

(٢٤) هارون ڕەشید لە بالووڵی ویست ئامۆژگارییەكی بەنرخی بكات.
بالوول گوتی: هەر كەسێك كە خوای گەورە جوانی و ماڵی دونیای پێدا، ئەویش بەم دارایی و جوان بوونە دڵپاكی كرداری باشە بكاتە پیشەی خۆی و بە هەژارەكان ڕابگا، خوای مەزن ناوی لە ڕیزی پاكاندا دەنووسێ. هارون بە بیستنی ئەم وتەیە تێگەیشت، كە بالوول قەرزارە و گوتی: فەرمانیدا قەرزی بۆ بدەنەوە.
بالوول گوتی: قەرز بە قەرز نادرێتەوە، ئەوەی كە هەتە ماڵی تۆ نییە هی خەڵكە، بیاندەرەوەوە و بزانە لەگەڵ من چاكەت كردووە.



***

(٢٥) هارون ڕەشید لە بالووڵی پرسی: پێت خۆشە ببی بە خەلیفە !
بالوول گوتی: نا !
هارون گوتی: بۆچی ؟
لە وەڵامدا بالوول گوتی: چونكە بە چاوی خۆم تا ئێستا مردنی سێ خەلیفەم دیوە، بەڵام تۆ كە خەلیفەی تا ئێستا مردنی دوو بالوولت بە چاو نەدیوە ...

***

(٢٦) هارون ڕۆژێك فەرمان دەدا خواردن بۆ بالوول بەرن، خزمەتكارانی خەلیفە بالوولیان لە كەلاوەیەك دۆزییەوە و خواردنەكەیان لە بەردەمی دانا و گوتیان:
ئەوە خواردنی تایبەتی خەلیفەیە كە بۆ تۆی ناردووە !!
بالوول سفرەی خواردنەكەی لە بەردەم سەگێك دانا، كە لە تەنیشت كەلاوەكەوە بوو، خزمەتكارانی خەلیفە هاواریان كرد ! وەی لەبەر تۆ، خواردنی خەلیفەت بۆچی لە بەردەم سەگ دانا؟
بالوول گوتی: بێدەنگ بن، ئەگەر ئەو سەگە بزانێ ئەوە خواردنی تایبەتی خەلیفەیە دەمی بۆ نابا و نایخوات.

***

(٢٧) هارون ڕەشید باڵەخانەیەکی نوێی دروست کردبوو، بە بالوولی گوت: شتێك لەسەر دیواری بیناکەم بنووسە. بالوول لەتە خەڵوزێکی هەڵگرت و نووسی: ئەو باڵەخانەیەت بەرز کردووە، بەڵام لە بەرامبەردا ڕێز و ئیعتباری ئاینی خوات هێناوەتە خوار، بە کەڵك وەرگرتن لە گەچ، دیواری باڵەخانەکەت بەرز کردووە، بەڵام پەیامی ئاشکرای قورئانیشت پشتگوێ خستووە. ئەگەر ئەو باڵەخانەیەت بە پارەی خۆت دروست کردووە، زیادە مەسرەفیت کردووە، خواش کەسانی وای خۆش ناوێ، ئەگەر نا بە پارەی ماڵی خەڵك دروستت کردووە ئیدی زوڵمت لە خەڵکی کردووە، خواش زاڵمان بە دوژمنی خۆی دەزانێت.

***

(٢٨) خەلیفە ڕۆژێك بە بالوولی گوت: پێت خۆشە خەرجی ژیانت لەسەر من بێ و پێداویستییەکانی تۆ لە خەزێنە بدەم، تاکو لە بیری دابینکردنی ماڵ و پارەی ژیانت ڕزگارت بێ و هەمیشە بێی بۆلامان ؟

بالوول گوتی: ئەگەر پێشنیارەکەت ئەو سێ کەموکوڕییەی نەبووایە ڕازی دەبووم.

خەلیفە بە سەرسوورمانەوە پرسی: کام عەیب و کام کەموکوڕیانە ! بالوول وەڵامی دایەوە:



یەکەم: تۆ نازانی من پێویستیم بە چییە تاوەکو جێبەجێی بکەیت.

دووهەم: نازانی کەنگێ موحتاج دەبم، دەستبەجێ دەستبەکار بی.

سێیەم: ئەوەیە کە نازانی چەندم پێویستە تا بەو ڕادەیە بمدەیتی، لە زۆر و کەمەکەی تووشی گێژاوی، بەڵام نەکەی خوای گەورە و میهربان، کە بەرپرسی ڕزق و ڕۆزی هەموو گیانلەبەرێکە، خۆ ئەمانە دەزانی، جا ئەوەی پێویستە لە کاتی خۆیدا بە گوێرەی نیاز دەمداتێ، ڕەنگە بە هۆی ڕوودانی کردەوەیەکی نابەجێ تۆ دڵت لێم پێس بێ و بمدەتیە بەرغەزەب پێداویستیەکانم نەدەیتێ.

***

(٢٩) هارون ڕەشید بالوولی وێڕای چەند منداڵێکی دی کە سواری ئەسپەدارینە بووە و ڕادەکا چووە پێشی و سڵاوی لێ کرد و داوای کرد پەندێکی بداتێ ...

بالوول گوتی: سەیر کردنی باڵەخانەی سوڵتان و حوکمڕانانی ڕابووردوو لەگەڵ گۆڕەکانیان دەرسێکی بەنرخ و گەورەیە، ئەوان ماوەیەك بە ناز و نیعمەت لە گەورەییدا لەو باڵەخانەیە ژیاون، ئێستاش هەموویان لە ئامێزی خاکدا هەڤاڵی ماروموورن لەم گۆڕانەدا سەدان داخ و کەسەرەوە سەریان

ناوتەوە ... سواری ئەسپەدارینەکەی بوو ڕایکرد و گوتی: خۆتان لادەن ئەسپەکەم جووتەتان لێ دەدا.

***

(٣٠) بالوول جارێك سەردانی هارونی کرد..

خەلیفە پێی گوت: چەند دەرسێکی بەنرخم پێ بڵێ؟

بالوول پرسی: ئەگەر لە چۆڵ و بیابانێکی بێ ئاودا تینوایەتی زاڵ بێ بەسەرتدا بە جۆرێك، کە مردن بەچاو ببینی لە بەرامبەر چۆڕێك ئاودا، کە تینویەتی تۆ بشکێنێ چ دەبەخشی؟

هارون لە وەڵامدا گوتی: سەد دینار.

بالوول پرسیاری کرد: ئەگەر خاوەن ئاو بەو پارەیە ڕازی نەبێ؟

هارون وەڵامی دایەوە نیوەی پاشایەتیم !

بالوول پێی گوت: ئەگەر تووشی نەخۆشی میزگرتن بووی و بۆت نەکرا چارەسەری بکەی بۆ عیلاجی چی دەدەی؟

هارون گوتی: نیوەی دیکەی حوکمڕانیم.

بالوول گوتی: خەلیفایەتی ئەگەر وایە، پاشایەتییەکە بە چۆڕێ ئاو و میزێك بەستراوەتەوە لەخۆباییت دەکا و جا دەبێ لەگەڵ خەڵکیدا بەخراپی ڕەفتارنەکەی.

***

(٣١) وادەگێرنەوە زانایەکی خۆراسانی هاتە بەغدا، هارون ڕەشید بانگی کردە (دار الخلافە) و زۆر ڕێزی لێگرت و لە



تەنیشت خۆی داینا. لەوکاتەدا بالوول چووە ژوور و خەلیفە فەرمانیدا دانیشێ، زانا بە سەیر کردنی سەرتاپای بالوول دیتی ڕەواڵەتی شێواوی ئەو بە خەلیفەی گوت:

سەرم سووڕماوە، کە خەلیفە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ئەوەندە نەرم و هێواش هەڵسوکەوت دەکاو ڕێزیان لێ دەگرێ، بالوول کە لە وتەی زانا حاڵی بوو گوتی:

بە زانایی کەمی خۆت لە خۆبایی مەبە و چاویش لە ڕواڵەتی من مەکە، ئامادەم لەگەڵ تۆ دەمەتەقێ بکەم و بۆ خەلیفەش بیسەلمێنم کە هیچ نازانی ...

زانا گوتی: بیستوومە تۆ شێتی و منیش کارێکم بە شێت و مەجنونان نییە ...

بالوول لە وەڵامدا گوتی: دان بە شێتی خۆمدا دەنێم، بەڵام ئایا تۆ دان بە نەزانی خۆتدا دەنێی؟

ئەگەر باوەڕت بە زانست و زانایی خۆت هەیە بۆچی لە قسەکردن دەترسی؟

هارون ڕووی لە زانا کرد و گوتی: چ دەبێ هەندێ مەسەلە لە بالوول بپرسی؟

زانا وتی: بە مەرجێك قبوڵی دەکەم پرسیارێك دەکەم ئەگەر بالوول وەڵامی دایەوە هەزار دینار زێڕی سوری دەدەمێ، بەڵام ئەگەر نەیتوانی وەڵامی بداتەوە هەزار دینارم بداتێ.

بالوول گوتی: ماڵی دونیام هیچ نییە، بەڵام ئامادەم ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە، زێڕی تۆ وەردەگرم ودەیدەمە هەژار و بێ نەواکان، ئەگەریش وەڵامی پرسیارەکەتم نەدایەوە وەك کۆیلەیەك لە خزمەتدا دەبم و کارت بۆ دەکەم. بە قبوڵ کردنی ئەو مەرجە زاناکە پرسیاری هێنایە گۆڕێ: ژنێك لە ماڵی خۆی لەگەڵ مێردەکەی دانیشتووە، لەو ماڵەدا کەسێکی دیکە خەریکی نوێژ کردنە و نەفەرێکیش بە ڕۆژووە، لەوکاتەدا پیاوێك دەچێتە ژوورە و دەستبەجێ ژن و پیاوەکە لە یەکتر حەرام دەبن، نوێژکەریش دەبڕێ و ڕۆژووی ڕۆژوکەریش بە تاڵ دەبێ، ئایا دەزانی ئەو پیاوە کێ بوو؟

بالوول خێرا وەڵامی دایەوە:

کەسێك کە چووە ژوورێ مێردی پێشووی ئەو ژنە بوو، کە چووبووە سەفەر، چونکە سەفەرەکەی زۆری خایاندووە، وا زانراوە کە مردووە دوایی بە ئیجازەی قازی شەرع مێردی بەو پیاوە کردووە، کە لە تەنیشتی دانیشتووە، پارەشی داوەتە ئەو دوو کەسە تاکو بۆ مێردی کۆچ کردووی ڕۆژوو بگرن و نوێژ بکەن لەم ساتەدا، کە مێردی پێشووی ژنە دێتەوە، مێردەکەی دووەم و ژنە لێك حەرام دەبن و نوێژ و ڕۆژووی ئەو دوو کەسەش بەتاڵ و بێ کەڵك دەبێ ... خەلیفە و ئامادەبووانی مەجلیس ئافەرینی بالوول و ژیرییەکەی دەکەن



... ئەمجارە بالوول گوتی: نۆبەی منە پرسیارت لێ بکەم ...

زانا گوتی: بپرسە ...

بالوول گوتی: کوپەیەکی پڕ لە دۆشاوی خورما و کوپەیەکی پڕ لە ڕۆنمان هەیە، دەمانەوێ بۆ خواردن هەندێکیان لێ بەتاڵ بکەینە نێو دەفرێك، پێش خواردن ڕوانیمان مشکێکی تۆپیوی تێدایە، ئێستا چۆن ڕوون دەبێتەوە، داخۆ مشکەکە لە نێو کوپەی سرکەدا بووە، یان لە نێو کوپەی شیرەدا ... زاناکە کەوتە بیرکردنەوە، بەڵام نەیتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ... خەلیفە بە بالوولی گوت: بۆ خۆت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەوە ...

بالوول گوتی: ئەگەر ئەو پیاوە دان بە نەزانینی خۆیدا بنێ وەڵامی پرسیارەکەم دەدەمەوە.

زانا بەناچاری تەسلیمی داوای بالوول بوو، بالوول ئەمجار گوتی: دەبێ مشکی تۆپیو بشۆینەوە، دوای ئەوەی لەشی خاوێن بووەوە سکی بدڕین، ئەگەر لەناو سکیدا دۆشاوی تێدا بوو، ڕوونەکە لە کوپەی دۆشاوەکەدا کەوتووە و ئەگەریش ڕۆنی تێدا بوو لە کوپەی ڕۆنەکەدا بووە، بەشدارانی مەجلیس و هارون ستایشی بالوولیان کرد و بالوولیش هەزار دیناری زانای خۆراسانی وەرگرت و لەنێو هەژارانی بەغدا دابەشی کرد.

***

(٣٢) هارون ڕەشید لە کاتی سەفەری بۆ حەج چووە کوفە و بۆ دیتنی ڕیزیان بەست لە کاتێکدا خەلیفە سواری وشتری ڕازاوە بووەو لە نیو ئاپۆڕاکەدا ڕادەبردە ...

بالوول بانگی کرد هارون، هارون !!

خەلیفە بەر بیستنی ئەو هاوار هاوارە پرسی:

ئەوە کێیە، کەوا بە نەترسی و بێ شەرم بەرامبەر ئێمەدا دەنگ هەڵدەبڕێت؟

وتیان: بالوولە !!

هارون پەردەی کەژاوەکەی لادا و بالوولی دیت ... بالوول گوتی: لە قدامەی کوڕی عەبدوڵلا عامری دەگێڕنەوە:

پێغەمبەری خوا دورودی خوای لێبێ، کاتی ڕەجم کردنی شەیتان تێکەڵاوی خەڵك دەبوو، دوورە پەرێزی لە خەڵك نەدەکرد، لەگەڵ گەورەییدا بە تەوازوعەوە ڕەفتاری دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ خۆ بە کەم گرتنی خەلیفە لەو سەفەرەدا تێکەڵاوی خۆپەرستی و خۆ بە زلزانین بووە، هارون کە قسەکانی بالوول کاریان تێی کردبوو گوتی: بالوول ئافەرین بۆ تۆ منت ئاگادار کردەوە داوات لێدەکەم ئامۆژگاریم بکەیت ...

بالوول گوتی: ئەی خەلیفە کە خوا دەوڵەت و گەورەیی بە تۆ بەخشی لەخۆبایی مەبە بە جۆرێك حوکمڕانی بکە، کە دوای مردنت ئەوانەی تۆ نابینن و لە بەخششی تۆ ناخۆن و لە تۆ ناترسن بە چاکە باست بکەن و لە گوناه و تاوان خۆت بپارێزە



و بەپاکی عەدالەت بکە بە پیشەی خۆت لەگەڵ کەسانی ژێر، ئەمڕۆ فەرمانت لەسەر خۆبە، تاوەکو لە ڕیزی پیاوچاك و لێهاتووەکان بی.

هارون گوتی: سڵاوت لێ بێ چاکت شیکردەوە و ئەمجارە فەرمانیدا بالوول خەڵات بکرێ...

بالوول گوتی: من پێویستم بە خەڵاتی تۆ نییە، بیدەرەوە بە ئەوانەی لێت وەرگرتوون ...

بالوول چاوی بڕییە ئاسمان و گوتی:

من و تۆ هەردووك بەندەی خوداین، چۆن دەبێ تۆ ببینێ و من لەبیر بکات ...

***

(٣٣) ڕۆژێکیان بالوول هارونی بەسەرخۆشی بینی لە باڵەخانەکەیدا دەیڕوانییە دیجلە، چووە لای ... هارون بە بالوولی گوت: پرسیارێکت لێدەکەم ئەگەر وەڵامی ڕاستم بدەیتەوە ١٠٠٠ هەزار زێڕی سوورت دەدەمێ، ئەگەر نەتوانی وەڵامی بدەیتەوە فەرمان دەکەم فڕێتدەنە نێو دیجلەوە.

بالوول گوتی پێویستیم بە زێڕی تۆ نییە ... بەڵام ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە ١٠٠ سەد کەس لە دۆستانی من لە بەندیخانە ئازاد بکەی، ئەگەریش وەڵامم نەدایەوە دەتوانی لە دیجلەم باوێژی ...

هـارون مەرجەكـەی بـالوولی قبـوڵ كـرد و پرسـیارەكەی خـۆی هێنایە گۆڕ:
مەڕێك و گورگێك و باقەیە گیامان هەیە، دەمانەوێ ئەو سێیانە لـە ئاوێـك بپەڕێنینـەوە بـە جۆرێـك نـە گـورگ مـەڕ بخـوات و نەمەڕیش گیاكە بخوات.
بـالوول گـوتی: سـەرەتا مەڕەكـە لـە ئاوەكـە دەپەڕێنینـەوە، ئەمجارە باقە گیاكە دەبەینە ئەو بەری ئاوەكە و مەڕەكە لەگەڵ خۆمـان دێنینـەوە، ئینجا مەڕەكە لەمبـەر دادەنێین و گورگەكـە دەبەینـە ئەوبـەر بـۆ لای گیایەكـە، دواتـر دەچـین مەڕەكـەیش دەبەینـە ئەوبـەر، بـەم جـۆرە نـەگورگ مەڕەكـە دەخـوات نـە مەڕەكەش باقە گیایەكە.
بالوول دوای وەڵامدانەوە ناوی ١٠٠ سـەد كەسـی لـە دۆسـتانی نووسی تا ئازاد بكرێن، كاتێك هارون چاوی بە نـاوی بەنـدەكان كـەوت و ناسـینی لـە قـەرار و بەڵێنـەكانی پاشـكەز بـووەوە، سەرەنجام لەسەر داوای بالوول تەنیا ١٠ دە كەسی ئازاد كرد.
***
(٣٤) بـالوول ڕۆژێـك چـووە ژووری هـارون لـە سـەرەوەی مـەجلیس دانیـشت. خەلیفـە لـەوكارەی بـالوول تووڕەبـوو، ویستی لەبەر چاوی ئامادەبووان بیشكێنێ، بۆیە لێی پرسی: ئایا بالوول ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێك؟



بالوول گوتی: ئەگەر خەلیفە بەڵێن بدات وەك جارانی پێشوو لە بەڵێنەكانی پەشیمان نەبێتەوە.
هـارون گـوتی: ئەگـەر وەڵامـی پرسـیارەكەم بدەیتـەوە ١٠٠٠ هەزار دینارت خەڵات دەكەم، ئەگەریش نەتوانی فەرمان دەدەم سەر و سمێڵت بتاشن و سواری چوارپێیەكت بكەن و بە كۆڵان و بازاڕی شاری بەغدادا بتگێڕن و ڕیسوات بكەن ...
بالوول وەڵامی دایەوە: پێویستم بە پارە و پوول نییە، بەڵام بە مەرجێك ئامادەم وەڵامی پرسیاكەت بدەمەوە ...
خەلیفە گوتی: بە چ مەرجێك؟
بـالوول گـوتی: بـەو مەرجە ئەگەر وەڵامی مەتەڵی تۆم دایـەوە فەرمان بكەی مێش و مەگەز ئازارم نەدەن.
هارون ماوەیەك بیری كردەوە ئەوجا گوتی: ئەوە ناكرێ كاری نەكردەیە.
بـالوول گـوتی: باشـە چ چاوەڕوانییەك لـە كەسـێ دەكرێ، كـە بەرامبەر مێش و مەگەزدا بێ هێز و زەلیلە.
بـالوول تێگەیـشت ڕەنگـە هـارون تۆڵـەی لێبكاتـەوە، دڵنـەوایی هـارونی دایـەوە و گـوتی ئێـستا ئامـادەم بـێ مـەرج وەڵامـی پرسیارەكەت بدەمەوە.
هـارون پرسـی: چ درەختێكـە سـاڵێك تەمەنیـەتی، دوانـزە لقـی هەیـە، هـەر لقـەی سـی پەلكـە گـەڵای هەیـە، كـە دیـوێكی هـەر بەرگێك ڕووناك و دیوەكەی دیكەیان تاریكە؟

بالوول خێرا وەڵامی دایەوە:
ئەم درەختە ساڵە، کە دوانزە مانگی هەیە، هەر مانگەش ٣٠ سی ڕۆژە کە نیوەی شەوە و نیوەی ڕۆژە ...
بەشداران و هارون ئافەرینیان کرد ...

***

(٣٥) هارونی ڕەشید ڕۆژێك بە نزیك گۆڕستانێکدا تێپەڕ دەبوو، وەك هەمیشە بالوولی لە گۆڕستان وەبەرچاوکەوت و پێی گوت: لێرە چ دەکەیت؟
بالوول گوتی: بۆ دیداری کەسانێك هاتووم، نەغەیبەتی کەس دەکەن، نە ئازارم دەدەن نەچاوەڕوانییەکی واشیان لە من هەیە.
هارون گوتی: تۆ دەتوانی لە ڕۆژی حەشر و پردی سیرات و لێپرسینی ئەو دونیا ئاگادارم بکەی؟
بالوول گوتی: بەڵێ، فەرمان بکە ئاگر بکەنەوە تاوەیەکی لەسەر دابنێن تاکو جوان سووربێتەوە. لەسەر فەرمانی خەلیفە خزمەتکارەکان ئاگریان کردەوە وەك بالوول گوتوبووی، تاوەکەیان لەسەر ئاگرەکە دانا و سوور بووەوە، بالوول ئەمجارە گوتی: بە لاقی ڕووت دەچمە سەر ئەو تاوە و دوا خۆناساندن ئەوەی کردوومە و گوتوومە و نەمدرکاندووە دەیڵێم دەتۆش دوای من ئەوکارە دووپات بکەوە ... بالوول بە پێ خاوسی لەسەر تاوەی سوورەوەبوو ڕاوەستاو گوتی:
بالوول جلوبەرگێکی دەروێشانە لە نانی جۆ و سرکە ...



بالوول بێ ئەوەی لاقی بسووتێ لەسەر تاوەکە هاتە خوارەوە و لاچوو، ئەمجارە سەرە گەیشتە هارون، بەڵام درێژ بوونی قسە و باسی لاقی سووتاو کەوت.
بالوول گوتی: پرسیار و وەڵامی ڕۆژی حەشریش بەم جۆرەیە: ئەوانەی لەم جیهانەدا بە هەژاری ژیاون لە خۆشی و جوانی دونیا بێ بەهرە بوون بە ئاسانی دەرباز دەبن. ئەوانەش کە لە ناز و نیعمەتدا ژیاون تووشی ئازار دەبن.

***

(٣٦) جارێك خەلیفە و بالوول پێکەوە چوونە حەمام. خەلیفە لە بالوولی پرسی: ئەگەر نۆکەر بوومایە نرخم چەند دەبوو؟
بالوول گوتی: ٥٠ پەنجا دینار.
هارون تووڕە بوو گوتی: شێتە فۆتەکەی لاقم نرخی ٥٠ پەنجا دینارە.
بالوول گوتی: منیش تەنها نرخی فۆتەکەم گوت.. خەلیفە نرخێکی نییە..

***

(٣٧) هارون ڕەشید سیخوڕێکی دەستنیشان کرد تاکو بالوول بخاتە ژێر چاودێرییەوە و بزانێ ئاینی بالوول چییە؟
پاش ماوەیەك سیخوڕەکە ڕاپۆرتیدا، بالوول لە خۆشەویستانی بنەماڵەی عەلییە و لە دۆستانی هەرە نزیکی مرۆی کوڕی جەعفەرە، خەلیفە بالوولی بانگ کرد و پێی گوت: بیستوومە لە

دۆستانی مرۆی کوڕی جەعفەری و دژی من قسە دەکەی بۆ رزگار بوون لە چنگی سزاش خۆت لە شێتیداوە !..

بالوول وەڵامی دایەوە: ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێ بەرامبەری چ ڕەفتارێکت دەبێ؟

خەلیفە بەو قسەیە تووڕە بوو بە مەسروری خزمەتکاری فەرمانیدا بالوول ڕووت بکەنەوە و کورتانی چوارپێیەکی لەسەرکەن و ڕەشمەیەکی لە مل بکەن، دوای ئەوەی لە کۆشکدا گێڕایان، ئەوکات لەبەرچاو ئەو لە ملی بدەن مەسرور دەستووری خەلیفەی بەجێ هێنا، دوای گێڕانی

بالوول لە کۆشکی هارون ڕەشید دا هێنایانە بەردەم خەلیفە تاکو بیکوژێ، بەڕێکەوت لەوکاتەدا (جەعفەری بەرمەکی) گەیشتە لای خەلیفە، کە بالوولی بەم شێوەیە دیت و پرسی:

بالوول چ خەتایەکی کردووە؟

بالوول دەستبەجێ گوتی: لەبەر ئەوەی کە ڕاستی هەقم گوتووە خەلیفە جلوبەرگی گران بایی خۆی بەمن بەخشیوە..

هارون و جەعفەر وێڕای بەشدارانی مەجلیس لەم وتەیە سەریان سووڕما و پێکەنین، خەلیفەش بالوولی بەخشی و فەرمانیدا کورتانەکەی لێ بکەنەوە و جلوبەرگی بەنرخی پێبدەن، بەڵام بالوول ڕازی نەبوو جلوبەرگی دیوانەی خۆی هەڵگرت و لە کۆشکی هارون وەدەرکەوت.

***



(٣٨) ڕۆژێکیان هارون ڕەشید لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی بارەگاکەی چوون بۆ ڕاو، بالوولیش لەگەڵیان بوو، ئاسکەیەك لە ڕاوگەکە دەرکەوت.. خەلیفە تیرێکی هاویشتێ، بەڵام نەیپێکا و ئاسکەکە بۆی دەرچوو..

بالوول هاواری کرد: سڵاو لەتۆ، بژی تۆ، خەلیفە تووڕە بوو گوتی:

گاڵتەم پێ دەکەی؟

بالوول وەڵامی دایەوە: ئافەرینی من بۆ ئاسکەکە بوو نەك بۆ خەلیفە..

***

(٣٩) دەگێڕنەوە.. گەڕیدەیەك دەچێتە بەغدا و ڕێی دەکەوێتە کۆشکی هارون ڕەشید، کە گەیشتە خزمەت خەلیفە، پرسیارێکی کرد هیچ لە زانا و ژیرەکان و ئامادەی مەجلیس نەیانزانی.

خەلیفە بەدیتنی ئەم وەزعە زۆر تێکچوو، هەڕەشەی کرد، کە ئەگەر زانایانی ژێر فەرمانی نەتوانن وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە زۆر بە توندی سزایان دەدا.

زاناکان بە ناچاری بە هارونیان گوت: دەرفەتیان بداتێ پاشان هاتن بۆلای بالوول و داوایان لێ کرد یارمەتییان بدا..

بالوول قبووڵی کرد وەڵامی پرسیارەکانی گەریدەکە بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی دوایی وێڕای زانایانی کۆشکی هارون چوونە خزمەت خەلیفە و بالوول بە گەریدەکەی وت: ئامادەیە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

گەریدەکە بە گۆچانی دەستی لەسەر زەوی خەتێکی بازنەیی کێشا، بالوول خێرا لەنێو بازنەکەدا خەتێکی کێشا و کردییە دووبەش. گەریدەکە خەتێکی بازنەیی دیکەی کێشایەوە، بالوول ئەمجارە خەتەکەی کردە چواربەش.. گەریدەکە پشتی دەستی لەسەر زەوی دانا و قامکەکانی بەرەو ئاسمان ڕاگرت.

بالوول بە پێچەوانەی گەریدەکەی کرد، واتە بەری دەستی لەسەر زەوی دانا و پشتی دەستی کردە ئاسمان..

گەریدەکە ئافەرینی بالوولی کرد و بە خەلیفەی گوت:

پێویستە ڕێزی زانای وا تێگەیشتوو بگری، هارون داوای کرد. مەبەست و مانای ئەو پرسیار و وەڵامانەی بۆ ڕوون بکەنەوە..

گەریدەکە وتی: مەبەست لە بازنەی یەکەم گۆی زەوی بوو، کە بالوول لێی حاڵی بوو، بە کێشانی خەتێك ڕایگەیاند، کە تۆپی زەوی کراوەتە دووبەش، جاری دووەم بازنەکەی کردە چوار بەش واتە بە شێکی تۆپی زەوی وشکانییە و سێیەکەشی ئاوە.. جاری سێیەم: کە پشتی دەستم خستە سەرزەوی مەبەستم ئەو گیاوگۆڵە بوو، کە لەسەر زەوی هەن و چۆنێتی ژیانیان.



بالوولیش بە هێمای دەستی دەریخست، کە باران و خۆری هەتاو دەبنە هۆی دەرچوونی گیاوگوڵ و دار و درەخت.

***

(٤٠) ڕۆژێك هارون ڕەشید لە بالوولی پرسی: دواڕۆژی من چۆن دەبینی؟

بالوول لە وەڵامدا گوتی: بە وردبوونەوە لە ئایەتی قورئان دەتوانی حاڵی بی لە ڕۆژی مەحشەر جێگات چۆنە؟

ان الابرار لفي نعيم وان الفجار لفي جحيم سورة الانفطار) الآية (١٣، ١٤) مانای پیاوچاکان و کەسانی چاك لە خۆشیدان و تاوانباریش لە ئاگردا..

خەلیفە گوتی: نزیکایەتی من و محەمەد نوێنەری خوا د. خ چی لێ دێت؟

بالوول گوتی: (ان نفخ في الصور فلا انساب بينهم يومئذ ولا يتساءلون، سورة المؤمنون الاية ، ١٠ )

کاتێك لە شەیپوڕ فوو بکرێ هیچیان لەنێودا نامێنێ.هارون پرسیاری کرد باشە ئەی پاڕانەوەی پێغەمبەر دەورێکی نابێت؟

بالوول گوتی: هەر کەسێ زوڵم لە بنەماڵە و خۆشەویستانی محەمەد بکا وەبەر داوای عەفوی ئەو ناکەوێ.

هارون پرسی: بەرامبەر بە کوڕەکانی پێغەمبەر چ زوڵمێکم کردووە؟

بالوول وەڵامی دایەوە: چ زوڵمێك لەوە گەورەترە كە موسای كوڕی جەعفەری كوڕی پێغەمبەری خوات لە بەندیخانە كردووە؟

خەلیفە تاوێك سەری داخست و پاش بیركردنەوە پرسی، ئەگەر پەشیمان ببمەوەو واز لە خراپە بێنم و تۆبە بكەم قبوڵ دەكرێت؟

بالوول پێی گوت:

دەسەڵات و حوكمڕانی وای لێكردووی ئەگەر پێغەمبەریش ئامادە بێت دەرست دادا واز لە كردەوە و كار و كرداری خراپ ناهێنی، بە خۆڕایی كاتی من بە فیڕۆ مەدە، ئەمەی گوت و خەلیفەی بەجێهێشت.

***

(٤١) بازرگانێك هاتە لای بالوول و پێی گوت: پیاوی زانا چ بكەم تاكو قازانجی لێ بكەم؟

بالوول گوتی: ئاسن و خەڵووز بكڕە..

بازرگان هەندێك خەڵووزی رەشی كڕی لە شوێنێك داینا و پاش ماوەیەك بازرگان ئاسن و خەڵووزەكەی فرۆشت و خێری زۆری لێكرد، چونكە لەم ماوەیەدا بەرزبوونەوەی نرخ و شێداربوونی شوێنەكەش قورساییان بەدی كردبوو، بازرگانەكە دۆستێكی دەبێ، كاتێك چاوی بەو هەموو ماڵ و داراییە دەكەوێ، پرسیار دەكا: ئەو ماڵەت چۆن وەدەست هێناوە؟



بازرگان لە وەڵامیدا گوتی بە هۆی ئامۆژگاری و پەندی بالوولەوە.

دۆستی بازرگان پاش بیستنی ئەم ڕووداوە دێتە لای بالوول و دەڵێ:

بالوولی دێوانە چ كاڵایەك بكڕم بۆ ئەوەی قازانجی لێ بكەم:

بالوول پێ گوت: سیر و پیاز بكڕە.

دۆستی بازرگان بە گوێرەی پەندی بالوول دار و نەداری ئەوەی هەیبوو نەیبوو دەیدا بە سیر و پیاز لە عەمباریان دەكا، دوای ماوەیەك كە دەرگای عەمبار دەكاتەوە دەبینێ سیر و پیاز گەنیون و تووشی خەسارەت هاتووە و پارەشیدا تاكو لە ژووریان هێنایە دەرەوە و بردیان لە دووری شار فڕێیاندا، كە دۆستی بازرگان بە دیتنی ئەم ڕووداوە بە تووڕەییەوە دێتە لای بالوول و دەڵێ:نەزان، ئەوە چ ئامۆژگارییەك بوو كردت؟

بالوول گوتی: مرۆڤی ژیر قسەی ژیرانە دەكا و دێوانەش قسەكانی شێتانەن. دۆستەكەت منی بە زانا بانگ كرد، منیش بە وریاییەوە ڕێنماییم كرد، تۆ منت بە شێت بانگ كرد منیش ڕێگایەكی شێتانەم پێ پیشاندای.

***

(٤٢) ئیسحاقی كوڕی محەمەد سەباح كاتێك كچیان دەبێ زۆر نیگەران دەبێ و لە خواردن و خواردنەوە دوورە پەرێزی

دەكات، كاتێ بالوول ئەم هەواڵە دەبیستێ چووە لای ئیسحاق و گوتی:
گەورەم، هۆی داد و فیغانت چییە؟
ئیسحاق گوتی، خەم و ناڵەی من لەبەر ئەوەیە، كە هاوسەری ژیانم كچی بووە.
بالوول گوتی، باشە چونكە خوا منداڵێكی ساغ و سەلیمی پێداوی خەمگینی؟
پێت خۆش بوو لە جیاتی ئەو كچە كوڕێكی.. شێتی وەك منی دابایە بە تو؟
ئیسحاق بە بیستنی وتەی بالوول پێكەنی و داوای نان و ئاوی كرد و ڕێگاشیدا خەڵك بۆ پیرۆزبایی بێن پێی گوتن بچنە بەردەم بارەگاكەی.

***

(٤٣) ڕۆژێك لە بازاڕی بەغدا هەژارێك پیاسە دەكات بە بەردەم چێشتخانەیەكدا تێدەپەڕێ، لەبەر ئەوەی كە برسی دەبێ نانەڕەقێك لە چاخەكەی دەردێنێ و دەچێتە چێشتخانەكە و نانەكە لەسەر هەڵمی چێشتەكە ڕادەگرێ، جوان نەرم دەبێت و دوای خواردنی نانەكە دەیەوێ بڕوا خاوەنی چێشتخانەكە جوان سەیری ئەم ڕووداوەی كردووە، بەری ڕێی دەگرێ و داوای پارەی لێدەكا، هەژار گوتی: پارەی چی؟ خڕ هیچم نەخواردووە، خاوەن چێشتخانەكە گوتی: لە هەڵمی خواردوتە و كەڵكت وەرگرتووە قسەیەك لە هەژار و لە خاوەنی چێشتخانەكە، هەرای لێ ساز بوو، لەوكاتەدا بالوول



پەیدا بوو، هەژارەكە داوای لێكرد نێوبژییان بكات.. بالوول پرسیاری كرد:
ئەو پیاوە چێشتی تۆی خواردووە؟
وەڵامی دایەوە: نا، بەڵام لە هەڵمی چێشتەكە كەڵكی وەرگرتووە..
بالوول هەندێ پارەی ئاسنی لە گیرفانی دەرهێناو بۆ خاوەن چێشتخانە ڕایوەشان، بەڵام هەركە خەریك بوو وەری بگرێ بالوول پارەكەی بەردایەوە و گوتی دەنگی پارەكە وەربگرە، خاوەنی چێشتخانەكە گوتی:
ئەوەچی كارێكە دەیكەی؟
بالوول گوتی: كەسێك كە بۆنی خۆراك دەفرۆشی دەبێ بەرامبەری دەنگی پارە وەبگرێ.

***

(٤٤) پیاوێك بڕیاریدا بچێتە حەج لەبەر ئەوەی منداڵەكانی بچووك بوون هەزار دیناری بردە لای حاكمی شەرعی شار لە بەردەم كارمەندانی ( دار القضاة) دا تەسلیمی كرد و پێی گوت: ئەگەر هات و لەو سەفەرە مردم و نەگەڕامەوە، تۆ لە جیاتی من چەندت پێ باشە لەو پارەیە بیدە بە منداڵەكانم. پیاوە بە هەڵكەوت لە ڕێگای سەفەردا ماڵئاوایی لە ژیان كرد، كاتێك منداڵەكانی گەورە بوون چووونە لای حاكمی شەرع و داوایان كرد ١٠٠٠ هەزار دینارەكەیان بداتەوە، حاكم پێی گوتن:
بە گوێرەی ڕاسپاردەی باوكتان من چەندم پێ خۆش بێ دەتاندەمێ ئێستاش لە ١٠٠ سەد دینار زیاترتان نادەمێ.

ئەو منداڵە بێچارانە سەریان سوورما چوونە لای هەرکەسە بە نائومێدی گەڕانەوە تا ئەوەی بالوول هەواڵەکەی بەر گوێ دەکەوێ بالوول بە ئاگادار بوونی لەو مەسەلەیە لەگەڵیان چووە لای حاکمی شەرع و گوتی: مافی ئەو هەتیوانە بدە.

حاکم وتی: باوکیان وەسیەتی کردووە ئەوەندەی پێم خۆشە بیاندەمێ ١٠٠ سەد دیناریش زیاتریان نادەمێ..

بالوول گوتی: ئەتۆ ٩٠٠ نۆ سەد دینارت دەوێ، دەبێ ئەوەندەش بدەی بەوان.. حاکمی شەرع بە غەیری تەسلیم بوون ڕێگایەکی دیکەی نەما..

***

(٤٥) مسقطی دەڵێ: ڕۆژێك بە تەنیشت گۆڕاستاندا ڕەت دەبووم، بالوولم دیت لەسەر گۆڕێك دانیشتبوو یاری بە خاك دەکرد گوتم: بالوول هۆی چییە زۆربەی کاتت لە گۆڕستان تیپەڕ دەکەی؟ لە وەڵامدا گوتی: لەلای قەومێك دادەنیشم، کە ئازارم نادەن، ئەگەریش بەجێیان دێڵم پاشەملە باسم ناکەن.

پێم گوت: نان زۆر نرخی چووەتە سەر بۆ هەرزانی بپاڕێوە گوتی: لە چوونە سەری نرخی نان ترسم نییە، ئەگەرچی دەنکێك جۆ یا گەنم بایەخی مسقاڵێك زێڕ و گەوهەری هەیە، چۆن لەسەر من پێویستە عیبادەتی خوا بکەم ئاواش لەسەر ئەو پێویستە ڕزقی من بدا ...

***



(٤٦) شێخ جونەید بە مەبەستی سەفەر لەگەڵ ژمارەیەك لە دەروێش و مریدەکانی لە شاری بەغدا وەدەرکەوت، لە ڕێگا هەواڵی بالوولی پرسی: گوتیان پیاوێکی شێتە..

گوتی: بۆم بدۆزنەوە کارم پێیەتی، دوای گەڕانێکی زۆر بالوولیان لە بیابان و چۆڵێکدا دۆزییەوە، شێخ لێی چووە پێش و سڵاوی لێکرد..

بالوول پرسی: تۆ کێی؟

گوتی: شێخ جونەیدی بەغدایی..

بالوول گوتی: تۆ ئەو شێخە بەغداییەی، کە خەڵك ڕێنمایی دەکەی؟

وەڵامی دایەوە: بەڵێ !!

بالوول پرسی: چۆن خواردنەکەت دەخۆی؟

شێخ گوتی: سەرەتا (بسم الله) دەکەم، ئەمجارە چاو لە پێش خۆم دەکەم و پارووی بچووك ساردەکەم لەلای راستی زارمی دەنێم و هێواش دەیخۆم، چاو لە پارووی کەسانی دیکە ناکەم، لە کاتی خواردندا خوا لەبیر ناکەم هەر پاروویەکی، کە دەیخۆم سوپاسی دەکەم.. پێش نانخواردن دوایی نان خواردن دەستەکانم دەشۆم..

بالوول پێشی لە شێخ گرت و گوتی: تۆ ڕابەری خەڵك بی و نەزانی خواردنی خۆت بخۆیت.

یاوەرانی شێخ گوتیان، یاشێخ ئەو پیاوە شێتە..

شێخ گوتی: قسەی ڕاست دەبێ لە شێت ببیستی دوای بالوول کەوت..

بالوول پرسی: کێی !؟

وەڵامی دایەوە جونەیدی بەغدایی، کە نازانێ نانی خۆی بخوا!!

بالوول پرسی: ئایا دەزانی قسە بکەی؟

شێخ گوتی: زۆر قسە ناکەم، بێ بیرکردنەوە هیچ ناڵێم، قسەکانم بە قەد تێگەیشتووی گوێگرانە خەڵك بۆلای خوا و پێغەمبەر ڕێنوێنی دەکەم، ئەوەندەش قسە ناکەم، کە بیسەران وەڕسبن، ڕێ و شوێنەکانی تایبەت بە قسەکردن دەپارێزم..

بالوول گوتی: قسەکردنیش نازانی و ڕووی لە شێخ وەرگێڕاو ڕۆیی، شێخ دووبارە بە دوایدا ڕۆیی..

بالوول پرسی: کێی؟

گوتی: جونەیدی بەغدایی، کە نە دەزانێ خواردن بخوا و نە دەزانێ قسە بکات.

بالوول پرسیاری کرد: داب و نەریتی نووستن دەزانی؟

شێخ وەڵامی دایەوە: دوای تەواوکردنی نوێژ و عیبادەت جلوبەرگی خەوتن لە بەردەکەم و بەگوێرەی فەرموودە و دەستوورەکانی محەمەد پێغەمبەری خوا دەنووم.



بالوول پێی گوت: نازانی چۆنیش بنوی، ئەمجارە ویستی ڕوو لە شێخ وەربگێڕێ و بڕوا، بەڵام داوێنی گرت و سوێندیدا کە ئامۆژگاریم بکە.

بالوول گوتی: چاك بزانە ئەوانەی باست کردن هیچیان ئەسڵی کار نین، لە خواردندا ئەسڵ ئەوەیە، کە حەڵاڵ بێ ئەگەر پارووی حەرام بە پەیڕەو کردن لە زۆر ڕێ و شوێن بخۆی دڵی ئینسان ڕەش دەکا، قسەکردنیش دەبێ بۆ خاتری خوا بێ و ئەگەر مەبەست کاروباری دونیا بێ دەنگ بوون زۆر لە قسەکردن باشترە، لە کاتی خەوتنیشدا دەبێ کینە و حەسادەت لە دڵ بچێتە دەر، دڵت تەنیا بە یادی خوابێت و بەس، تا دەچیتە خەو..

***

(٤٧) عەبدوڵڵا کوڕی موبارەك بە مەبەستی دیتنی بالوول..

ڕۆژێك دەچێتە دەشت و بیابان بالوول دەبینێ، کە بە سەر و لاقی ڕووتدا خەریکی عیبادەت و یادی خوایە..

عەبدوڵڵا چووە پێشی و داوای لێکرد ئامۆژگاری بکات و گوتی:

پێم بڵێ لە دونیادا چۆن بژیم تاکو لە گوناهو خراپە دوور بم.

بالوول گوتی: بە چوار مەرج ئامادەم ئامۆژگاریت بکەم..

پرسیاری کرد: ئەو چوار مەرجە چین؟

بالوول گوتی: یەکەم : ئەگەر تووشی گوناهو خراپە بی ئیدی ڕزقی خوا ناخۆی.

عەبدوڵڵا گوتی: باشە ئەدی ڕزقی کێ بخۆم.

بالوول گوتی: چۆن ڕزقی خوا دەخۆی و لە ئەمر و فەرمانی دەردەچی !

دووەم: ئەگەر گوناه بکەی لە موڵکی خوا دەچییە دەر !

عەبدوڵڵا گوتی: ئەی بۆ کوێ بچم، هەموو شوێنێك موڵکی خوایە.

بالوول وەڵامی دایەوە: زۆر خراپە ڕزقی خوا بخۆی لە موڵك و ماڵیدا بژی و لە ئەمرو فەرمانەکانی سەرپێچی بکەی.

سێیەم: ئەمەیە ئەگەر ویستت تووشی گوناهو خراپە بی، کە تۆ نەبینێ..

عەبدوڵڵا وتی: خوا لە هەموو جێگایەك هەیە و ئامادەیە بۆ کوێ بڕۆم، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا نەبێ.

بالوول گوتی: زۆر ناشیرینە ڕزقی خوایەك بخۆی و لە موڵکی ئەودا بژی و لە بەرامبەریدا سەرپێچی بکەی..

چوارەم: کاتێ سەرداری مەرگ دێت و ڕۆحت دەکێشێ داوای سەعاتێك کات بکەی تاکو کاڵا و توێشەکت بۆ ڕۆژی حەشر پێ بێ.

عەبدوڵڵا کوڕی موبارەك گوتی: سەرداری مەزن قەت ڕێگا نادا.



بالوول پێی گوت: باشە ئەگەر لە کاتی گوناهو خراپەدا ڕۆحت بکێشێ چ دەکەی؟

ئەی عەبدوڵڵا قسەی ڕاست لە شێت وەرگرە و لە خەوی بێبەری هەستە.

***

(٤٨) دارۆغە حەس حەسی بەغدا لەنێو کۆمەڵێك خەڵکدا ڕایگەیاند، کە ئەوەتا وەبیری دێ کەس نەیتوانیوە فێڵی لێبکا و فریوی بدا، بالوول کە لەنێو کۆمەڵە خەڵکەکەدا بوو، بە دارۆغەی گوت:

فێڵ کردن لە تۆ زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوەندە ناهێنێ.

دارۆغە وتی: چونکە ناتوانی ئەنجامی بدەی وادەڵێی.

بالوول گوتی: بەداخەوە ئێستا کارێکی گرنگم هەیە، دەنا پێم دەسەلماندی، کە کڵاوت دەچێتە سەر. دارۆغە بەزردەخەنەوە گوتی: بڕۆ پاش ئەنجامدانی ئیشەکەت بگەڕێوە قسەی خۆت بسەلمێنە.

بالوول گوتی: مادام وایە لێرە چاوەڕوانبە تاکو دەگەڕێمەوە، ڕۆیشت دوو سێ سەعاتێك چاوەڕوان بوو، کە بالوول بگەڕێتەوە پاشان دارۆغە تێگەیشت زۆر ئاسان فریوی شتێکی خواردووە.

***

(٤٩) یەکێك لە خزمەتکارانی هارون ڕەشید ماستی خواردبوو، کەمێك ماست ڕژابووە ڕیشیا بالوول پرسی ! چیت خواردووە؟
خزمەتکارەکە بە تەوسەوە گوتی: کۆتر !
بالوول گوتی: ڕاست دەکەی، چونکی جیقنەکەی بە ڕیشتەوە دیارە.

***

(٥٠) دەگێڕنەوە کە فەزڵ کوڕی ربیع لە شاری بەغدا مزگەوتیکی دروستکردبوو، ڕۆژێك کە بڕیار بوو لەسەر دەرگای مزگەوتەکە بنووسن، لێیان پرسی: لەسەر دەرگای مزگەوتەکە چی بنووسین؟
بالوول کە لەو شوێنە ئامادەبوو.. لە فەزڵی پرسی:
مزگەوتەکەت بۆ کێ دروستکردووە؟
فەزڵ گوتی: لە ڕێگای خوادا و بەس.
بالوول پێی گوت: ئەگەر وایە، ناوی خۆت لە نووسراوی سەر دەرگای مزگەوتەکە مەنووسە..
فەزڵ گوتی: بۆ چی ناوی خۆم لە نووسراوەکەدا نەنووسم، مەگەر نابێ خەڵك بزانن کێ مزگەوتەکەی دروست کردووە؟
بالوول گوتی: باشە لە نووسراوەکە بنووسە بالوول ئەو مزگەوتەی دروستکردووە ...
فەزڵ بە تووڕەییەکەوە گوتی: ئەمن مزگەوتم دروستکردووە، ناوی تۆ لە نووسراوی دەرگای مزگەوت بنووسن.



بالوول گوتی: ئەگەر وایە بڵێ مزگەوتم بۆ خۆم دروست کردووە، نەك بۆ خوا..
فەزڵ بەم وتەیەی بالوول بێدەنگ بوو فەرمانیدا
بالوول چ دەڵێ بینووسن، پاشان بە فەرمان و دەستووری بالوول ئایەتێکی قورئانییان نووسی و لەسەر دەرگای مزگەوتیان هەڵواسی.

***

(٥١) وا باس دەکەن، بالوول لە کەلاوە کۆنێکدا دەژیا و لە تەنیشت ماڵەکەیدا پینەچییەکی لێبوو، پەنجەرەکەی بەسەر کەلاوە کۆنەکەدا زاڵبوو. بالوول پاشەکەوتێکی کەمی دەبێ و لەژێر خاکدا شاردبووەوە، هەرکاتێ پێویستی دەبوو خاکەکەی هەڵدەدایەوە بە ڕادەی پێویست.. لە پاشەکەوتەکەی هەڵدەگرت و ماوەکەی دووبارە ژێر خاك دەکردەوە، پینەچییەکە ئاگاداری ئەم مەسەلەیە دەبێ و ڕۆژێك لە نەبوونی بالوولدا پاشەکەوتی بالوول دەدزێ، بالوول کاتێ سەری لە پارەکەیدا نەمابوو تێگەیشت ئەوە کاری پینەچییە، بۆیە چووە لای پینەچی و قسەی زۆری لەگەڵ کرد، بێ ئەوەی باسی دزرانی پاشەکەوتەکەی بکا، داوای لێکرد مەسەلەیەکی بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەمجارە بالوول چەند وێرانەیەکی ناوبردن لە دوای هەرکامیان پارەیەکی گوت لە پاشان گوتی: نیازم هەیە

ئەو پارانەی لەو شوێنانەدا دامناون بیانهێنم لەو کەلاوەیەدا ژێر خاکی بکەم.. ڕات چییە؟

پینەچییەکە بە تەئییدکردنی فکر و ڕای بالوول تەماع بەرچاوی گرت و مەنجەڵی تەماعی وەکوڵ هات، لێکیدایەوە ئەگەر بالوول پارەکەی کۆبکاتەوە و بیهێنێتە ئێرە، ئەگەر شوێنی ئەم پارەیە بەتاڵ بێت لە بڕیاری خۆی پاشگەز دەبێتەوە چاك وایە ئەم پارە کەمە بگێڕێتەوە سەر جێگای خۆی و دوای ئەوەی بالوول بڕیاری خۆی بردە سەر هەموو پارەکە بە یەکجاری بدزێ.

پینەچییەکە پاشەکەوتی دزراوی گەڕاندەوە شوێنی خۆی و پاش ماوەیەك بالوول گەڕایەوە وێرانەکە و هەڵیگرت و لەو شوێنە دوور کەوتەوە..

***

(٥٢) لە شاری بەغدا بازرگانێك هەبوو بە پیاوەتی و ئەمینداری نێوبانگی دەرکردبوو، شتومەکی باشی شارەکانی دەبردە بەغدا و بە قازانجێکی کەم بە خەڵکی دەفرۆشت، لەبەر ئەوە خۆشەویستی هەموولایەك بوو.

بازرگان رقەبەرێکی جوولەکەی بێبەزەیی و دڵڕەقی هەبوو، کە جیا لە بازرگانی کاروباری پارە گۆڕینەوەی شاری لە ئەستۆدا بوو، هەر کام لە بازرگانەکانی شار کە پێویستیان بە پارە



دەبوو قەرزیان لێ وەردەگرت و سوودێکی بەرچاوی لەو قەرزانە وەردەگرت..

لە بەدبەختی سووڕخواردنی ڕۆژگار، بازرگانی ناسراوی بەغدا و خۆشەویستی خەڵك لەبەر نەداری دەستی یارمەتی بۆ لای بازرگانی جوولەکە رادەکێشێ و داوای قەرزێکی کەمی لێدەکا بەڵام بازرگانی جوولەکە ئەم داوایە بەهەل دەزانێ و بەو مەرجە قەرزی دەداتێ، ئەگەر سەری وەخت نەیتوانی بیداتەوە مافی ئەوەی هەبێ (رطل)یێك گۆشتی لەشی ببڕێ، بازرگانی بەناوبانگی بەغدا بە ناچاری مەرجی جوولەکەی قبوڵ کرد، بەڵام هەروەك سوونەتی ڕۆژگار لە کاتی دیاریکراو قەرزەکە ڕەتنەکرایەوە و ئەو کار درایە دادگا، جوولەکە بە بەڵگە و سەنەدەوە چووە لای حاکم و سکاڵای بردە بەردەم حاکمی شەرع زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو خاوەن سەرمایەی جوو، لەبەر ئەوەی کێشەی کۆنی لەگەڵ پیاوی قەرزدار هەبوو، ئەندامێکی وای لە لەشی دەکردەوەو کە بیکوژێ، قازیش کە لە کابرای جوو گەیشتبوو سکاڵاکەی پشتگوێ خستبوو، هەر ئەمڕۆ و سبەینێی پێ دەکرد، بەڵکو خاوەن قەرز بێتە سەر قەناعەت واز لە قەرزار بێنێ، بەڵام دەستبەرداری نەدەبوو، پاش ئەوەی هەواڵی ئەو کێشەیە لە هەموو شاردا بڵاوبووەوە بالوولیش بیستی، لە ڕۆژی دادگایی کردندا چووە (دار القضاة) داوای لە حاکم کرد ڕێگای پێبدا وەکیلایەتی قەرزار بکا. حاکم داوای

قبول کرد و بالوول لە جلوبەرگی وەکیلدا ڕووی لە خاوەن قەرزار کرد و گوتی:

بەڵێ ڕاستە بە گوێرەی بەڵگە و شاهیدەکانی خاوەن قەرز مافی هەیە (رطل)ێك گۆشت لە لەشی قەرزار بکاتەوە، بەڵام ئەم کارە دوو مەرجی هەیە:

یەکەم: بە جۆرێك گۆشتەکەی ببڕێ کە دڵۆپە خوێنێك لەو شوێنە نەڕژێ.

دووەم: دەبێ بە قەدەر (رطل) ێك بێ نە زیاد و نە کەم ئەگەر دوو حاڵی سەرەکی لەبەرچاو نەگرێت، سکاڵاکەر بە تاوانبار دەناسرێ و بە گوێرەی یاسا دەبێ سزا بدرێ حاکمی (دار القضاة) وتەکانی بالوولی بەدڵ بوو، چونکە جوولەکەی ڕق لە دڵ ناچار بوو حوکمی قازی قبوڵ بکا، واتە بە پارەیەك کە بە قەرزی داوە وەریگرێتەوە ...

***

(٥٣) کەسێك گوێدرێژێکی، بە دیاری بۆ دەسەڵاتداری شاری کوفە برد، یەکێ لە ئامادەبووان بە گاڵتەوە گوتی:

ئامادەم من ئەم گوێدرێژە فێری خوێندن و نووسین بکەم.

حاکمی کوفە لەم قسەیە زۆر تووڕە بوو، ڕووی لەم کەسە کرد و پێی گوت: مادام ئەم قسەیەت کرد دەبێ هەر جێبەجێی بکەی، واتە گوێدرێژەکە فێری خوێندن و نووسین بکەی، ئەگەر نا فەرمان دەدەم سەرت لە لەشت جیا بکەنەوە، بێ چارە لە



گاڵتەی خۆی پەشیمان بووەوە، چونکە چارەیەکی دیکەی نەبوو، بۆ چەند ڕۆژێك داوای دەرفەتی کرد، گوێدرێژەکەی لەگەڵ خۆی هێنایە دەرەوە، بە مل شۆڕییەوە ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەر لە ڕێگادا تووشی بالوول بوو، ئەو کێشەیەی لەگەڵ ناوبراودا هەیبوو بۆ گێڕایەوەو داوای کرد یارمەتی بدات ...

بالوول دڵنەوایی دایەوە و پێی گوت: ڕۆژێکی تەواو هیچ شتێ نەداتە گوێدرێژەکە، ڕۆژی دوایی هەندێ دەنکە جۆ لەنێو پەڕەکانی کتێبەکە بکات، پاشان کتێبەکە بەرێتە بەردەم گوێدرێژەکە و لاپەڕەکانی هەڵبداتەوە، چونکە بە زمانی دەنکە جۆیەکانی نێو لاپەڕەکان هەڵدەگرێ، ئەم کارە بۆ ماوەی دە ڕۆژ دووپات بکاتەوە، ئینجا یازدەهەم دووبارە هیچ شتێك نەداتە گوێدرێژ بۆ ڕۆژی دوایی بیباتە مەجلیسی حاکم لە بەردەمیدا کتێبەکە لە پێش گوێدرێژ ڕابگرێ.

پیاوی بێچارە وتەکانی بالوولی بەجێ کرد و ڕۆژی یازدەهەم گوێدرێژ و کتێبەکەی بردە مەجلیسی حاکم و کتێبەکەی خستە بەردەم گوێدرێژەکە، گوێدرێژەکە لەبەر ئەوەی برسی بوو بە گوێرەی عادەتی ڕۆژان لەنێو لاپەڕەی کتێب دەستی بە گەڕان کرد و بە زمان هەموو لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، بەڵام هیچی گیرنەکەوت دەستی کردە زەڕەزەڕ تاکو بەم جۆرە برسێتی خۆی پیشان بدا.. حاکمی بێ خەبەر لە هونەری کار

وای لێ حاڵی بوو، کە گوێدرێژ دەیەوێ کتێبەکە بخوێنێ، بە ناچار وادەی خۆی بەجێ هێنا و پارەیەکی بەو پیاوە بەخشی.

***

(٥٤) وادەگێڕنەوە ڕۆژێك حاکمی شار لە بالوولی پرسی: وەزع و حاڵت چۆنە، ئایا خۆشحاڵی؟

بالوول گوتی: تا کاتێك بە ڕایەتی موسلمانانم بە ئەستۆ نەگرتووە زۆر شاد و خۆشحاڵم ...پرسی: دەزانی ئەگەر لەگەڵ خەڵك بە عەدالەت هەڵسوکەوت بکەی وەك عیبادەت وایە؟

گوتی: دەزانم، بەڵام خەلیفەیەك کە پێویستە پەیڕەوی بکەم، بۆ خۆی ئەم پێویستەی داگیرکردووە.

پرسی: پێت خۆشە هەمیشە ساغ و سەلامەت بی؟

وەڵامی دایەوە: نا ! ئەگەر بێت و هەمیشە ساغ بم هەستی دونیا و خۆشەویستی لە مندا بەهێز دەبێ و لەئاکامدا کاروباری تایبەتی ئەو دونیا پشتگوێ دەخەم، خۆشبەختی و ڕزگار بوونی من لەو بارودۆخەدا مسۆگەرە، لە خوای بانیش دەپاڕێمەوە لە گوناهو خەتاکانم خۆش بێ لە عەفو بەخششی خۆی بێبەشم نەکا و ئەوەی شیاوی منە بمداتێ.

***

(٥٥) عەرەبێك حوشترەکەی تووشی نەخۆشی خوروو هات و پێیان گوت: ڕۆنی گەرچەك لە لەشی بساوێ، بیابان نشینەکە



بۆ لای شار چوو لە دەرەوەی بەغدا تووشی بالوول هات و لەبەر ئاشنایەکی کە لەگەڵی هەیبوو گوتی:

حوشترەکەم تووشی نەخۆشی خوروو هاتووە و دەڵێن ئەگەر ڕۆنی گەرچەکەی تێ هەڵسووم چاك دەبێتەوە، لەو بڕوایەدام پاڕانەوەی تۆ دەورێکی باشی هەبێ، داوات لێدەکەم لە خوا بپاڕێوە تاکو حوشترەکەم لەو نەخۆشییە ڕزگاری بێت. بالوول وەڵامی دایەوە: ئەگەر ڕۆنی گەرچەك بکڕی و لەگەڵ دوعای من لێکی بدەی، ڕەنگە حوشترەکەت لە نەخۆشییەکەی ڕزگاری بێت، پاڕانەوەی من بەتەنیا چارەسەری نەخۆشییەکە ناکات..

***

(٥٦) وەزیری خەلیفە کە بە تەنیشت گۆڕستاندا ڕادەبرد، بالوولی دی دانیشتووە و ئێسکی مردووان دەگوازێتەوە، وەك ئەوەی لە شتێك بگەڕێ. وەزیری خەلیفە گوتی: لێرە چ دەکەی؟ بالوول وەڵامی دایەوە: ئەمڕۆ هاتوومەتە ئێرە تاکو ئێسکی مردووان لێك جیا بکەمەوە و جیاوازی نێوان وەزیر و بەڕێوەبەر و فەرمانده و دەوڵەمەند و هەژار ڕوون بکەمەوە. دەمەوێ بزانم کامەیان وەزیرە، هەرچی چاو دەگێڕم هیچیان لێك جیاناکەمەوە..

وەزیر لێی پرسی: تۆ بۆچی شارت جێهێشتووە لێرە ماویەوە؟

بالوول گوتی: لەنێو شاردا ئازارم دەدەن، بەڵام لێرە هیچ کەس بێ حورمەتیم پێ ناکا..

وەزیری هارون ڕەشید پرسی: ئایا لەگەڵ مردووەکان قسە دەکەی؟

وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

پرسی وەڵامیان چییە؟

گوتی: پرسیاریان لێدەکەم ئەی کاروانی بارخستوو، کەی لێرە دەڕۆن؟

ئەوان دەڵێن: ئێمە لێرە بارمان خستووە و چاوەڕوانین ئێوە بێن و پێکەوە بچینە دەشتی مەحشەر.

***

(٥٧) کەسێك لە مەجلیسی هارون ڕەشید دا باسی کرد، کەوا لە عیلمی ئەستێرەناسیدا شارەزایە بالوول کە لەو مەجلیسەدا بوو پرسی:

ئایا دەزانی لە تەنیشت کێ دانیشتووی؟

گوتی: نازانم.

بالوول گوتی: تۆ کە جیرانەکەت ناناسی، چۆن شارەزاییت لە ئەستێرەکانی ئاسمان هەیە..

***

(٥٨) ژمارەیەك لە خەڵکی ئاسایی لەژێر سێبەرێك دانیشتبوون و خەریکی قسەکردن بوون. بالوولیان دیت بە تەنیشت ئەواندا دەڕوا.



خۆبەخۆ گوتیان با لەگەڵ بالوول گاڵتە بکەین.. بۆ ئەم مەبەستە هەموویان هەستان چوونە لای بالوول و پێیان گوت:

ئەگەر بتوانی بچیتە سەر ئەو دارە (١٥) پانزە درهەمت دەدەینێ.

بالوول ڕازی بوو درهەمەکانی لەسەر دەستی بەست و گوتی:

بڕۆن پەیژەیەك بێنن.

وتیان: ئێمە بەو مەرجە قسەمان لەگەڵ کردووە بێ پەیژە بڕۆنە سەر.

بالوول گوتی: ئاخر خۆم بە مەرجی پەیژە قبوڵم کرد.

***

(٥٩) بالوول ڕۆژێك ڕێی کەوتە ماڵی ئەبو حەنیفە، ئەبو حەنیفە خەریکی وانە گوتنەوە بوو، بالوول ڕاوەستا و گوێی ڕادەگرت..

ئەبو حەنیفە دەیگوت: جەعفەری کوڕی محەمەد باوەڕی بە سێ مەسەلە هەیە کە قبوڵم نین.

یەکەم دەڵێ: شەیتان بە ئاگر سزا دەدرێ، لە کاتێکدا شەیتان لە ئاگر دروستکراوە، ئاگر چۆن ئاگر دەسووتێنێ؟

دووەم دەڵێ: خوای مەزن بە چاو نابینرێ؟

چۆن شتێك دەتوانێ هەبێ بەچاو نەبینرێ؟

سێیەم: ئەوەیە دەڵێ: خوا دروستکەری هەموو شتێکە و بۆ خۆی سەرچاوەی بوونە، سەرەڕای ئەوەش ئەم ئیشانە خاوەنی دەسەلاتی هەڵبژاردنە و ئەوەش ئەقڵ قبوڵی ناکات.

بالوول بەبیستنی ئەو قسە پووچانەی ئەبو حەنیفە مەسینە گڵێکی تاودایە و لەسەری ئەبو حەنیفەیدا و سەری شکاند..

قوتابییەکانی ئەبو حەنیفە بالوولیان گرت، بەڵام لەبەر نزیکایەتی بالوول لە خەلیفە هیچیان لێی نەکرد و تۆڵەیان لێی نەسەندەوە..

ئەبو حەنیفە شکایەتی بردە لای خەلیفە، خەلیفە بالوولی بانگ کرد و پاش ئامادەبوونی لە مەجلیسی، بە توندی پێی گوت:

بۆچی سەری ئەبو حەنیفەت شکاندووە؟

بالوول وتی: من نەم شکاندووە.

بە فەرمانی خەلیفە ئەبو حەنیفە لە مەجلیس ئامادەکرا..

بالوول ڕووی لە ئەبو حەنیفە کرد و گوتی:

چ زوڵمێکم لە تۆ کردووە؟

گوتی: چ زوڵمێك لەوە گەورەترە، کە سەرت شکاندم شەوی ڕابووردوو، لەبەر ئازاری سەرم خەو نەچووەتە چاوم.

بالوول گوتی: دەتوانی ئازارەکانتم پیشاندەی؟

ئەبو حەنیفە گوتی: ئێش و ئازار چۆن دەبینرێ؟

بالوول پێی گوت: تۆ بڕوات وایە ناکرێ شتێك نەبینرێ و هەبێ.. لێرەدا دەردەکەوێ ئەو بڕوایەت درۆیە..



دووهەم: ناکرێ مەسینەی گڵ زەبرت لێبدا، چونکە تۆ لە خاك و ئەویش لە خاکە هەروەك ئاگر، ئاگر ناسووتێنێ. خاکیش لەسەر خاك شوێنی دیار نییە، پاشان من ئەو گڵەم نەهاویشتووە. ئەبو حەنیفە گوتی: ئەی کێ بوو؟

بالوول گوتی: خوایەك بوو، کە هەموو کارەکان لەو دەزانی مەگەر بڕوات وانییە، کە خوا لە سەرووی هەموو کارێکە و مرۆڤ خاوەن ئیختیار نییە..

ئەبو حەنیفە بەبیستنی ئەم قسانەی بالوول بێدەنگ و مات مەجلیسی بەجێهێشت..

***

(٦٠) دەگێڕنەوە یەکێك لە بازرگانەکانی بەغدا لەگەڵ خزمەتکارەکەی سواری پاپۆڕ بوو بەرەو بەسرە بەڕێ کەوت، بالوول یەکێك بوو لە موسافیرانی ئەم پاپۆڕە.. خزمەتکاری کابرای بازرگان لە شەپۆلەکانی دەریا دەترسا و تۆقی بوو، لە ترسان حاڵی موسافیرانی تێکدابوو.

بالوول بە بازرگانی گوت: ڕێگای پێبدا کارێك بکا و خزمەتکاری ترسنۆك لە هات و هاواری ڕزگار بکات.. بازرگان ڕێگەیدا و بالوول فەرمانیدا لە دەریای بهاوێژن، کاتێ زانیان خەریکە هیلاك دەبێ لە ئاوەکە دەریان هێنایەوە. خزمەتکاری بازرگان دوای ئەم بەسەرهاتە ئارام و بێدەنگ لە قوژبنێك

دانیشت. حیکمەتی ئەم کارەیان لە بالوول پرسی: ناوبراو لەوەڵامدا گوتی:
تا لە دەریا نەکەوت و بە چاوی خۆی نەیدی نەیزانی پاپۆڕەکە چەند جێگایەکی ئەمین و ئارامە..

***

(٦١) دوو دراوسێ لەسەر لاشەی سەگێکی تۆپیو لە نزیك ماڵیان دەمەتەقێیان لێساز بوو، کێشە و ناکۆکییان بردە لای حاکم هەردووکیان پێیان وابوو هەڵگرتنی لاشەی سەگ وەزیفەی ئەوی دیکەیە.
بالوول کە لەو شوێنە ئامادەبوو حاکم پرسیاری لێکرد: تۆ ڕات چییە؟
بالوول گوتی: کوڵان موڵکی گشتییە و هەڵگرتن و لابردنی لاشەی سەگ لە ئەستۆی داروغەی شارە.

***

(٦٢) لە بالوولیان پرسی: دێوانە و شێتەکانی بەسرە بژمێرە؟
وەڵامی دایەوە: شێتەکان ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن، بەڵام ئەگەر بڵێن ژیر و ئاقڵەکان بژمێرە، ئەوان ژمارەیان کەمە.

***

(٦٣) لە بالوولیان پرسی لە ڕوایەتدا هاتووە لە ڕۆژی حەشردا ئاکاری و کرداری پیاوچاکان لە تایەکی تەراز و دەخەن کردار



و ڕەفتاری هەموو خەڵکیش دەخەنە تاکەی دیکەی تەرازوو دیسان تای تەرازووی پیاوچاکان لە هەمووان قورسترە..
بالوول گوتی: ئەگەر ئەم ڕوایەتە ڕاست بێ تای تەرازووەکە عەیبی هەیە.

***

(٦٤) یەکێ لەپەیڕەوانی ئەهلی سوننە بە گاڵتە لە بالوولی پرسی:
ئەگەر بێت و کەسێك بمرێ و میراتێکی لە دوای خۆی بەجێ نەیەڵێ بە دایك و کچ و کوڕ و هاوسەری ژیانی میرات چییان پێ دەگا؟
وەڵامی دایەوە: بە کچەکە و کوڕەکەی هەژاری و قوڕبەسەری، شین و گریان و ڕۆڕۆش بەشی دایکە دەبێ.. هاوسەری ژیانیش بەدبەختی و ماڵوێرانی، خزم و کەسی پیاوەکەش، کە کۆچی کردووە پاشماوەی دەرد و مەئیوسی پەتیان پێ دەبڕێ..

***

(٦٥) بالوول جارێك چووە مزگەوت و لە ترسی دزرانی پێڵاوەکانی یا گۆڕانیان پێچایەوە و لە نێوی لبادەکەدا شاردنییەوە، لە قوژبنێك دانیشت کەسێك کە لە تەنیشتییەوە بوو بەدیتنی بن هەنگڵی هەڵساو بە بالوولی گوت:

وا بیردەکەمەوە کتێبێکی بەنرخ و بەقیمەت لەبن هەنگڵی ناوە..
چ کتێبێکە؟
وەڵامی دایەوە کتێبی فەلسەفەیە..
پرسیاری کرد: لە کام پەرتووک فرۆشت کڕیوە؟
بالوول گوتی: لە پێڵاوفرۆشم کڕیوە.

***

(٦٦) پیاوێکی دەم و چاو ناحەز و بەدخولق بە بالوولی گوت:
زۆر پێم خۆشە شەیتان ببینم.
بالوول گوتی: ئەگەر لە ماڵەوە ئاوێنەت نییە، بڕۆ چاو لە ئاوی ڕوون بکە شەیتان دەبینی.

***

(٦٧) یەکێك لە دۆستەکانی بالوول ڕۆژێك داوای کرد گوێدرێژەکەی بە قەرز بداتێ.
بالوول پێی گوت: گوێدرێژەکەم لە ماڵ نییە، لەو کاتەدا دەنگی گوێدرێژەکەی بالوول لە تەوێڵەوە بەرز بووەوە.
دۆستی بالوول بەبیستنی دەنگی گوێدرێژ پێی گوت.
تۆ دەڵێی گوێدرێژەکەم لە ماڵ نییە..
بالوول گوتی: دوای پەنجا ساڵ دۆستایەتی، بڕوا بە قسەی من ناکەی بە زەرە زەڕی گوێدرێژەکەم بڕوا دەکەی..

***



(٦٨) بالوول لە کاتێکدا پێڵاوێکی نوێی کردبوو، بە مەبەستی بەجێهێنانی عیبادەت و نوێژکردن، چووە مزگەوتێك. دزێك چاوی بڕیوەتە پێڵاوەکانی..
بالوول تێگەیشت تەماعی لە پێڵاوەکانی کردووە، بۆیە بە پێڵاوەوە نوێژەکەی دابەست، دزەکە پێی گوت: نوێژ بە پێڵاوەوە دروست نییە.
بالوول گوتی: ئەگەر نوێژەکەم خێری نەبێ پێڵاوەکانم دەمێنێ.

***

(٦٩) بالوول ڕۆژێ لە ڕۆژان دانەیێ زێڕی لەدەستدابوو یاری پێی دەکرد، فێڵبازێك لێی پەیدابوو و پێی گوت:
ئەگەر ئەو زێڕەم بدەیتێ دە دانەی وەك هی خۆت دەدەمێ.
بالوول سکەکانی فێڵبازی دیتبوو زانی لە مسن، بۆیە پێی گوت: بە مەرجێك زێڕەکەت دەدەمێ کە سێجار وەك گوێدرێژ بزەڕێنی..
پیاوی فێڵباز قبولی کرد و سێجار وەکو گوێدرێژ زەڕاندی، بالوول دوای ئەم ڕووداوە، ڕووی لە فێڵباز کرد و گوتی:
ئەگەر تۆ بەو کەرییەت حاڵی بووی کە سکەی من زێڕە.
چاوەڕوانیشت هەیە دەزانم ئەوانەی تۆ فافۆنن..

***

(٧٠) لە بالوولیان پرسی: لووت پێغەمبەری چ قەومێك بوو؟

وەڵامی دایەوە: لە ناوەکەی دیارە پێغەمبەرێکی بەربەرەڵڵا و خراپەکاربووە..
وتیان: چۆن بێ حورمەتی بە پێغەمبەری خودا دەکەی؟
وەڵامی دایەوە بە خۆی ناڵێم بە قەومەکەی دەڵێم و درۆش ناکەم ؟

***

(٧١) بالوول ڕۆژێك چووە حەمامێ خزمەتگوزارانی حەمام وەك پێویست ڕێزیان لێ نەگرت و گوێیان نەدایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاتێك لە حەمام دەرکەوت ١٠ دە دیناری حەقدەستدا و خزمەتگوزاران بە دیتنی ئەم بخششە هەموویان لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوە.. بۆ جاری دووەم، کە ڕێیکەوتەوە ئەو حەمامە، بە ڕێزەوە شووشتیان و زۆر بە دەوریدا هات و چوون، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا دینارێکی حەقەدست دانێ، ئیشکەرانی حەمام هۆی ئەم کارەیان پرسی: وەڵامی دانەوە: حەقدەستی ئەمڕۆ لە جیاتی جاری پێشوومە و حەقدەستی جاری پێشوو هی ئەمڕۆیە..

***

(٧٢) بالوول ڕۆژێك لە نێو کۆمەڵێك لە دۆستانی پڕمی، دۆستانی واتێگەیشتن کە لێی بەربووەوە، بۆیە جنێویان پێدا و بێحورمەتییان پێکرد..



بالوول پێکەنی و گوتی: سەیرە ئەوساتەی پارەم هەبوو ئەگەر لێم بەردەبوو خەڵك بە پشمین وەریانەدەگرت سڵاویان بۆ دەناردم، ئێستا کە لە حاڵ و وەزعێکی خراپدام پشمینەکەم بە شتێکی سەیر تێدەگەن و نەفرەتم لێدەکەن..

***

(٧٣) شاعیرێکی زۆر بڵێ بە بالوولی گوت:
کە گەیشتمە ماڵی خوا لە شاری مەککە، دیوانی شیعرەکەم بەنیشانەی موفەڕك لە بەردی ڕەش (حجر الاسود) خشاند.
بالوول پێی گوت: ئەگەر لە ئاوی زەمزەمت هاویشتبا باشتر بوو..

***

(٧٤) لە بالوولیان پرسی: کەی کاتی نانخواردنە؟
گوتی: بۆ دەوڵەمەند کاتێك برسی دەبێ و هەژاریش کاتێ شتێك وەدەست دێنێ..

***

(٧٥) ژمارەیەك لە خەڵك بە مەبەستی بەڕێوەبردنی دوعای باران (بووکە بارانە) لە شار دەرکەوتن زوربەی منداڵەکانی قوتابخانەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو..
بالوول پرسی: ئەو منداڵانە بۆ کوێ دەبەن؟
گوتیان: ئەوانە بێ گوناهن و ئەگەر بپاڕێنەوە پاڕانەوەکەیان سەرنجی دەدرێتێ..

بـالوول گـوتی: ئەگـەر دوعـا و پاڕانـەوەیان قبـوڵ بکـرێ و وەربگیرێ، هیچ مامۆستایەك لە دونیادا زیندوو نامێنێ..

***

(٧٦) کەسێك چووە لای قازی شکاتی لە کەسێك کرد، قازی داوای شاهیدی لێکرد، پیاوەکەش بالوولی وەك شاهید بردە لای قازی. قازی، لە بالوولی پرسی؟ هیچ دەزانی؟

گوتی: ئەوەندە دەزانم کە باسی ناکرێ..

پرسی: لە قورئان دەزانی؟

لە وەڵامدا گوتی: لەبەرمە:

قازی لێی پرسی مردوو شۆرینت کردووە؟

بالوول گوتی: ئەوە کاری باب و باپیرانم بووە.

دووا پرسیار: ئەوەی مردوو بشۆرێ و کفنی بکا و لە تابووتی بنێ دەڵێ چی؟وەڵامی دایەوە: دەڵێ: خۆزگە بە تۆ کە مردی و گیانت سەلامەتی دەرکرد نەچییە لای قازی..

***

(٧٧) بالوول لە مەجلیسی خەلیفە بە چرپە لەگەڵ کەسێك قسەی دەکرد، خەلیفە پرسی: دووبارە چ درۆیەك بە یەك دەڵێن؟

بالوول گوتی: ستایش و تاریف خەلیفە..

***



(٧٨) یەکێك لە قازییەکان ویستی لەگەڵ بالوول گرەوێك بکات و گوتی:

پرسیارێکت لێدەکەم و پێویستە وەڵامی ڕاستیم بدەیتەوە.

بالوول گوتی: ئەوەی بیزانم دەیڵێم، ئەگەر نەمزانی لە جەنابی حاکم دەپرسم..

قازی گوتی: سەگێك ئەم سەربان و ئەو سەربانی دەکرد، لە ناکاو بایەکی لێبووەوە بۆ کام خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە؟

بالوول گوتی: هەر سەربانێك کە نزیکتر بێ.

قازی گوتی: هەردوو سەربانەکە وەکو یەك وان.

بالوول وەڵامی دایەوە: نیوەی بۆ خاوەنی ئەم ماڵە و نیوەکەی دیکەشی بۆ ئەوماڵ.

قازی پرسی: باشە ئەگەر خاوەنی ماڵەکان لە ماڵ نەبن؟

بالوول گوتی: ئیدی ئەوە (بیت المال) بۆ جەنابی قازی دەگەڕێتەوە

***

(٧٩) لە بالوولیان پرسی: ئەگەر لە چۆڵ و بیابانێك بگەینە کانیاوێك یا زێیەك، خۆمان بشۆین دەبێ ڕوو لە کام لا بکەین؟

بالوول گوتی: دەبێ ڕوو لە جلوبەرگتان بکەن تاکو دز نەیاندزێ..

***

(٨٠) خەلیفە ڕۆژێك بە بالوولی گوت:

بۆچی شوکری خوا ناکەی، کە حاکمی ئیۆەم بەم بۆنەوە دەردی تاعون لە نێواندا نەماوە.

بالوول گوتی: خوا زۆر دادپەروەرە لە یەك كاتدا دوو بەلا بە بەندەی خۆی نابەخشێت..

***

(٨١) بالوول جارێك بەپێ بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت، پێی خەلیفە بە کەپ کەپە و دەب دەبەوە وەدەرکەوت.. خەلیفە ویستی لەگەڵ بالوول گاڵتە بکات..

گوتی: بۆ ئێمە زۆر سەیرە دەبینین بەپێ بە ڕێگادا دەڕۆی..

باشە ولاخەکەت کوا؟

بالوول گوتی: ئەمڕۆ تەمەنی پێشکەش تۆ کرد.

***

(٨٢) ڕۆژێك بالوول چووە لای خەلیفە و دیتی خەلیفە لەسەر تەختە و ئەوانی تر هەموویان لە بەردەمی وەستاون.

گوتی: یا خوا سلاوت لێ بێ..

خەلیفە وتی: من خوا نیم..

بالوول گوتی: سلاوت لێ بێ یا جبریل..

خەلیفە وتی: جبریل نیم.

بالوول گوتی: ئەگەر خوا نیت بۆچی چوویتە ئەو بەرزە دانیشتووی؟

تۆش وەرە خوارێ لەنێو خەڵکەکە دانیشە..



***

(٨٣) ڕۆژێك کەسێکی خاوەن سەروەت و سامان داوای لە بالوول کرد دڵتەنگە و بچێتە لای پێکەنینی بدات..

گوتی: ئەرێ لە ماڵەوە ئاوێنەت هەیە؟

پیاوی خاوەن سەروەت وتی: زۆرمان هەیە..

بالوول پێی گوت: لەوان بڕوانە، ئەوەی بۆ پێکەنین ببێ دەیبینی؟

واتە ئەو شتەی مرۆڤ وەپێکەنین دەخەن، دیارە مەبەستی بالوول سەیر و سەمەرە بووی دەم و چاوی ئەو کەسە بوو..

***

(٨٤) هەموو ڕۆژێ بالوول بۆ ماوەی سەعاتێك بە هێواشی لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد، لێیان پرسی: هۆی ئەم کارە چییە؟

وەلامی دایەوە: دەمەوێ لە شەو و ڕۆژدا سەعاتێك لەگەڵ مرۆڤەکان قسە بکەم و بدوێم.

***

(٨٥) لە بالوولیان پرسی: سڕ و ڕازی تەمەن درێژی چییە؟

گوتی: زمانە..

پرسییان: ئەم ڕازە چۆنە؟

گوتی: هەرچەندە زمانی مرۆڤ کورت بێ تەمەنی درێژترە و، هەرچەندە زمانی درێژ بێت تەمەنی کورت دەبێ.

***

(٨٦) ڕۆژێك خەلیفە بانگی بالوولی کرد.. تا خەونێکی بۆ لێکبداتەوە. بالوول گوتی: چییە؟
خەلیفە گوتی: لە خەومدا حەیوانێکی دڕندە و شێرانە بووم، هێرشم بۆ ئەملاو ئەولا دەبرد، هەرچی لەسەر ڕێگام ورد و درشت تێکم شکاند و قوتم دەدا، پێم بڵێ ماناکەی چییە؟
بالوول گوتی: خەلیفە خەونە ڕاستییەکان نازانم لێك بدەمەوە، تەنیا خەونەکان دەتوانم تاوتێ بکەم..

***

(٨٧) ساماندارێکی لەخۆ ڕازی و مەغرور لە بالوولی پرسی:
چوونە خوار و هاتنە سەری ئاوی دەریا، چ هۆیەکی هەیە؟
گوتی: ئەوە ڕووداوێکی دوور و درێژە..
دەوڵەمەند وتی: بیگێڕەوە..
بالوول گوتی: لەسەردەم چاخەکانی ڕابووردوودا هەندێ لە خواجەکان هاتنە لای دەریا، ئاوی دەریا بە دیتنی سەر و سیمای ئەوان بە جۆرێك نەترەی چوو، هەندەی نەمابوو وشك بێ. لەو کاتەوە تا ئێستا جاروبار دێت دەڕوانێت بزانێ ئەو گیانلەبەرە سەیر و سەمەرانە لەوێ ماون، یان نا؟

***

(٨٨) ڕۆژێکیان خەلیفە بە مەبەستی تاقیکردنەوە لە بالوولی پرسی: تا ئەمڕۆ کەست لە خۆت شێتتر دیوە؟
گوتی: نەخێر، ئەوە یەکەم جارە کە دەیبینم !

***



(٨٩) جارێك دارۆغە بە بالوولی گوت:
کەی بۆ شارێکی دیکە ڕەوانە دەکرێم؟
بالوول گوتی: ئەوە موسیبەتێکی گەورەیە.
دارۆغە پرسی: بۆ ئێوە؟
بالوول گوتی: نا، بۆ دانیشتووانی شارە کەی دیکە..

***

(٩٠) بالوول لە تەنیشت دیوارێکی (دار الخلافە) خەوتبوو، دارۆغە بە توندی تێی ڕاخوڕی، هەستە ئێرە قەدەغەیە هیچ وەڵامێك نەبوو، دارۆغە بە دەنگێکی بەرزتر هاواری کرد. لەگەڵ تۆمە، مەگەر لە زمانی مرۆڤ تێناگەی..
بالوول گوتی: لە زمانی مرۆڤ تێدەگەم، بەڵام لە زمانی دارۆغەکان تێناگەم..

***

(٩١) ڕۆژێك کەسێك بە ناهەق تۆمەتی لە بالوولدا و لای قازی شکاتی لێی کرد، حاکم بالوولی بانگ کرد و گوتی: چ دەڵێی سەبارەت بە قسەی ئەم پیاوە؟
بالوول گوتی: درۆ دەکات !
قازی گوتی: سوێند بخۆ کە وانییە..
وەڵامی دایەوە: ڕەوایە تەواوی نیعمەتەکانی تۆ بیخۆی و منیش تەنیا سوێند بخۆم..

***

(٩٢) بە بالوولیان گوت: لەگەڵ چ کەسانێك ژیان بەسەر دەبەی؟

گوتی: لەگەڵ حوشتر و بزن ...

وتیان: ئەوە چ مانایەکە..

وەڵامی دایەوە: لەگەڵ ئەوانە دادەنیشم، کە لە برسێتی و تینوێتیدا توانای حوشتریان هەیە و لە ترسنۆکیدا وەك بزن وان..

***

(٩٣) خەلیفە جارێك بە بالوولی گوت،

ماوەیەك دەبێ تاریکی شەو ترس دەخاتە نێو دڵم؟

بالوول گوتی: تا ئەمڕۆ نەمبیستووە بە شتێك قەرزار بێ و لێی بترسێ.

***

(٩٤) ڕۆژێك خەلیفە لە بالوولی پرسی: زەوی بە چ ڕووناك دەبێت؟

گوتی: بە هۆی خۆر.

خەلیفە پرسیاری کرد: شەو تاریکی لە چ وەردەگرێ؟

بالوول گوتی: لە وجودی موبارەکی خەلیفە.

***

(٩٥) جارێکیان خەلیفە بە بالوولی گوت:

گەورەترین گیانلەبەری دەریا کامەیە؟



بالوولی گوتی: نەهەنگ.

خەلیفە پرسی: گەورەترین گیانلەبەری وشکانی چییە؟

بالوول وەڵامی دایەوە: پەنا بە خوا، چ گیانلەبەرێك غیرەت دەکا خۆی لە خەلیفە بە گەورەتر بزانێت..

***

(٩٦) ڕۆژێك بالوول لای حاکم دانیشتبوو، هاوارێك لە دەرەوە بەرزبۆوە، کە دەیگوت:

دز.. دز بگرن.. خێرا هەستایە سەرپێ و ڕووی لە دەرەوە کرد و گوتی:

هێندە هاوار مەکە، ئەگەر غیرەت دەکەی وەرە ئێرە و بۆ خۆت بیگرە.. لێرەدا مەبەستی حاکم بوو..

***

(٩٧) ساماندارێکی گەورە تەلارێکی بەرزی ساز کرد و سەدان کرێکاری لە بەیانییەوە تا شەو بە پێدانی هەندێ نانی وشك دەچەوساندەوە.

کەسێك بەرامبەر بەو تەلارە بەرزە ڕادەبرد، بالوولی دیت کە ڕاوەستاوە و دەڕوانێ..

پرسی: لێرە چ خێرە؟

بالوول گوتی: شتێکی وانییە نان دەدەن و گیانی مرۆڤ دەسێنن..

***

(٩٨) ڕۆژێك بالوول لە باڵەخانەی خەلیفە لە تەنیشت پەنجەرە دانیشتبوو چاوی لە دەرەوە دەکرد..

خەلیفە پرسی: لە ڕووبەڕووت چ دیارە؟

بالوول وەڵامی دایەوە: ژمارەیەك شێت و دێوانە، کە دێن و دەڕۆن نازانن چ دەکەن، سەیر ئەوەیە ئەگەر بەرامبەری پەنجەرەکەدا چاوم لێرە کردبایە دووبارە هەر ئەوەم دەدیت..

***

(٩٩) یەکێك لە هاونشینەکانی خەلیفە لە ڕێگایەکدا ڕادەبرد، بالوول بەبێ قەست پاڵی پێوەنا، هاونشینی خەلیفە قەڵس و تووڕە بوو.

گوتی: دەزانی کێم؟

بالوول گوتی: بەڵێ چاك دەزانم، چونکە پێشتریش تۆم دیوە.

پرسی: لە کوێ؟

بالوول وەڵامی دایەوە: لە شێتخانە:

هاونشینی خەلیفە هاواری کرد: بێ هۆش لە باڵەخانەی خەلیفەم و ڕاوێژی ناوبراوم..

بالوول گوتی: ئەمنیش هەر ئەوەم عەرز کردی.

***

(١٠٠) کەسێکی ڕژد و ئێرەییبەر جارێك لە بالوولی پرسی:

مەرجی ئارام و تەحەمول چییە؟



گوتی: ئەوەیە ئەگەر میوانێك لەسەر سفرە و نان پێش تۆ دەست هەڵگرێ تۆ سەری نەشکێنی.

***

(١٠١) جارێکیان بالوول لە گۆڕستان دانیشت بوو، خەلیفە تووشی هات و گوتی:

بۆچی نایەیتە ئاوەدانی؟

بالوول گوتی: ئەوانەی لە ئاوەدانی دەژین سەرئەنجام بۆ کوێ دەچن؟

خەلیفە گوتی: دێنە ئێرە.

بالوول گوتی: ئەگەر وایە ئاوەدانی ئێرەیە..

خەلیفە وەڵامی دایەوە: شێتە قسەی ئاقڵانە دەکەی.

بالوول گوتی: ئەگەر شێت بوومایە دونیای فانیم بەسەر دونیای هەمیشەییدا زاڵ دەکرد، ئەو کارە تۆ کردووتە.

***

(١٠٢) بە بالوولیان گوت: جلوبەرگت پیس بووە، بۆچی نایشۆی؟

گوتی: دووبارە پیس دەبێتەوە.

گوتیان: چ قەیدی هەیە، دیسان بیشۆوە..

بالوول گوتی: بۆ جلوبەرگ شووشتن نەهاتومەتە دونیاوە..

***

(١٠٣) بالوول هەرچەند بنێشتی بجویایە لە پاشان دەینووساندە لووتییەوە.. دەیان گوت بۆ وادەکەی ؟..
دەیگوت: بۆ ئەوەی چاوم لە ماڵی خۆم بێت..

***

(١٠٤) بالوول و ژن هەڵبژاردن:

کابرایەك لە بەغدا دەگەڕا بەدوای پیاوێکی داناداا، بۆ ئەوی تەمێی بکات و سوودی لێ ببینێ، دەیویست هاوسەرێ هەڵبژێرێت..

وتیان: یەکێك هەیە دانایە و پێی دەڵێن بالوول دیوانە دەژێت وا خۆی پیشان دەدات لای خەڵکی کە شێتە تێکەڵی خەڵك نەدەبوو، بۆ ئەوەی بێزاری نەکەن.. سواری قامیشێك دەبوو وا خۆی پیشان دەدا، کە سواری ئەسپ بووە. لەگەڵ منداڵانی کوچە و کۆڵانانـدا یاری دەکرد، میوانەکە ڕایکرد بۆلای، سڵاوی لێکرد و وتی: ئەی سوار خۆت و ئەسپەکەت وەرن بۆلام.

بالوول وەستا و گەڕایەوە و هات بۆلای..

پێی وت: بڵێ چیت دەوێت پەلەکە نەك ئەسپە شێتەکەم جووتەت لێ بدات..

میوانەکە وتی: من هاتوومە بۆ مەسەلەی ژنهێنانم تا پرست پێ بکەم.

من بەدوای ئافرەتێکی باشی شارستانیدا دەگەڕێم..



بالوول وتی: ژنی ئەم سەردەمە سێ جۆرن..

یەکەم: نیوەی هی تۆیە و نیوەی هی خەڵکە..

دووەم: نامۆیە و لەگەڵتدا دەژیت..

سێیەم: دەژی لەگەڵت هەمووی هی تۆیە.

بالوول کابرای بەجێهێشت و ڕۆیشت، کابرا بە دوایدا ڕایکرد و پێیگەیشت.

پێی وت: تێمگەیەنە ئەم سێ جۆرە چۆنن؟

بالوول وتی: ئەوەی کە نیوەی هی تۆیە نیوەی هی خەڵکە..

ئەوە ئەو بێوژنەیە، کە منداڵی نەبووە لە مێردە مردووەکەی.

دووەم: کە بێگانەیە لە عەشیرەتەکەت، ئەو بێوەژنەیە کە منداڵی هەیە دڵی لای منداڵەکانێتی..

سێیەم: کە هەمووی هی خۆتە، دڵی بەتاڵە و بەتەمای کەس نییە.. کە وتەکانی تەواوکرد، میوانەکە جارێکی دیکە هاواری کرد و وتی: گەورەم ئەم فێڵە چییە خۆتت دوور خستۆتەوە لە خەڵك پەنات بردۆتە بەر خۆ بەشێت کردن، ڕۆژ بەهەور ناشاردرێتەوە..

بالوول وتی: من هۆش و گرێی ئەم کۆمەڵە دەکەمەوە خەڵکی ئەم شارە ویستیان بمکەنە قازی، زۆر هەوڵمدا کە نەیکەم..

هەر وازیان نەهێنا و دەیانوت: تۆ زیرەکترین کەسمانی و پێویستە تۆ ببیت، نەك یەکێکی دیکە هەڵبژێرین، پەند لای زۆر کەس وەك زێڕ وایە، کە شاراوە بێت لە نێو کۆشکی

ڕوخاو.. ئەگەر من ئەم قسانە لای هەموو کەس باس بکەم ئەوا شێتییە درۆکەم دەبێتە ڕاستی، هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو سواری قامیشەکەی بوو لەچاو ون بوو، تاپەندەکانی لە پشت پەردەوە بێت.

***

(١٠٥) پەندی بالوول:

جارێکیان هارون ڕەشید و جەعفەری بەرمەکی بە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕانەوە، بۆ ئەوەی ئەکەر زۆرلێکراوێکیان بینی، زۆردارەکەی سزات بدەن، گەیشتنە بازاڕ و بالوولیان بینی، سێ کۆمەڵ خۆڵ لە پێشدا بوو هارون کە بالوولی بینی سەری سووڕما بە جەعفەری وت: بزانە بالوول چی دەفرۆشێت؟

هات بۆلای بالوول و پێی وت: چی دەفرۆشیت؟

بالوول وتی: خۆڵ

جەعفەر وتی: چیتر؟

بالوول وتی: ئەوەی نرخی بزانێت زێڕە.

جەعفەر وتی: باشە من دەیکڕم، کۆمەڵی بە چەند؟

بالوول وتی: بە درهەمێك

جەعفەر وتی: وا یەکەمم کڕی، چی تێدایە؟

یەکەم: نهێنی خۆت لای ژنەکەت مەدرکێنە، چونکی بلاوی دەکاتەوە.



دووەم: براکانت و ئامۆزاکانت مەدۆڕێنە، بزانە پشتوێنی پشتن.

سێیەم: بڕوا بە سولتان مەکە، دۆستی سولتان هەمیشە دۆڕاوە.

بالوولیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن.. جەعفەر لەبەر خۆیەوە وتی: بابزانم ئەو پەندانەی کڕیم ڕاستن یا درۆیە؟

ئەمینی کوڕی هارون ڕەشید ئەسپێکی کەحێڵەی باشی هەبوو، غاری بکردایە کەس پێی نەدەگەیشت، ئەسپەکەی دزی و، ئینجا هات بۆلای ژنەکەی و وتی: شتێکت پێ دەڵێم لای کەس مەیدرکێنە..

وتی: بۆ من منداڵ و نەفامم.

جەعفەر وتی: من ئەسپەکەی ئەمینم دزیوە.. ژنە نەیتوانی قسەکە ڕاگرێت بۆ دراوسێکەیان باسی کرد، دراوسێ بۆ دراوسێ تاگەیشتە (ست زوبەیدە)ی دایکی ئەمین ئەویش گەیاندییە هارون ڕەشید پێی وت: تۆ ئەو بێتاوانەت تاوانبار کردووە، کەچی دزیش وەزیرەکەتە پۆلیسی نارد بە دوایدا و وتی. ئێستا دەیهێنن.

وتیان لەگەڵمان وەرە خەلیفە تۆی دەوێت ...

وتی: ئیوە بڕۆن خۆم دێم.

وتیان: ئەگەر بە خۆشی نەیەیت بە زۆر دەتبەین.

**مەسەلەکە وای لێهات.. هاواری برد بۆ برا و ئامۆزاکانی، بەپەلە هاتنە فریایەوە، شیرەکانیان دەدرەوشایەوە..**

**وتیان: بلێ ئێمە ئامادەین، کە پۆلیس ئەمەی دی ڕۆیشتن بۆلای هارون ڕەشید.**

**جەعفەر هات بۆلای خەلیفەو وتی: بۆ وات کرد تۆ وەزیری جێی بڕوا و متمانەی ئێمەی.**

**جەعفەر وتی: ئەی هارون ویستم قسەکانی بالوول تاقی بکەمەوە..**

**هەمووی ڕاست دەرچوون..**



**سەرچاوەکان:**

**١- (قصەهای بهلول). چیرۆکەکانی بالوول گۆڕینی بۆ کوردی، عەزیز شێخانی.**

**٢- العارف بالله الصوفي، بقلم یونس الشیخ ابراهیم السامرائي.**

**٣- بهلول الکوفی - بقلم لبیب بیچون.**

**٤- لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، د. عزالدین مستەفا ڕەسوول، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.**

**٥- هاوکاری ژمارە ١٨٢٣ - هاشم کاکەیی (ت ١) -١٩٩٣.**

**٦- عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە:- هاوکاری، ژمارە ١٩٩٩ - ٢٠٣٩ - ٢١١٤ - ٢١١٨ - ٢١٢٤ - ٢٢٢٦ - ٢٢٣٦.**

**٧- ئێمە و بالوولی دانا - دەسنووسێکی هاشم کەکەیی بۆمی نارد.**

**٨- التراث الشعبي، العدد الاول، السنة الثامنة - ١٩٩٧ - ص ١:١.**

# قەرەقووش

پێشەکی..

که گوێمان له وشەی قەرەقووش دەبێت یەکسەر زوڵم و زۆرداری و گەمژەیی و گەوجی دەستڕۆیەکمان دێنێتەوەیاد. لەم سەر زەمینەدا لە هەر کوێیەك خراپەیەك یا کردەوەیەکی نالەبار ڕووبدات یەکسەر دەڵێن"دەڵێی قەرەقوشە" دوور نییە ناوی "قەرەقووشی ئەسەدی"لەگەڵ"شەرەفەدین بارەگای شا "موزەفەردین عومەر کوڕی شاکوڕی ئەیوب"کاری دەکرد کابرایەکی سەرەڕۆیی تاڵانکەری بەرتیل خۆر بووە و مەترسی خستبووە دڵ و دەروونی خەڵکەوە زۆر شتی سەرسووڕهێنەر و مەترسی لێ دەبینرا، بەڵام قەرەقووشی لەمەڕ خۆمان وەکو ئەو نەبووە هەر لە سەرەتاوە توانیی کۆت و زنجیر بپچڕێنێت لە تاریکە شەوێکدا هەڵهات بێ ئەوەی بزانێت ڕوو لە کوێ دەکات، تەنها هیوا و ئاواتی ئازادی و سەرفرازی بوو، زۆر ماندوو بووبوو لەسەر زەوی خەوی لێکەوت بۆ بەیانی هەستا پرسی؟ پێیان وت گەیشتوویتەتە وڵاتی شام مرۆڤێك زۆر لێکراو بێت بڕواناکەم ئارەزووی زۆرداری بکات، ئەوەی من بیزانم تائێستا هیچ کوردێك لەسەر قەرەقووش نەینوسیووە، بەڵام بە دەیان نووەسین لەسەر مەلای مەشهور و کەسانی کە هەیە گەنجینەکەمان پێویستی بە هەموو شتێك هەیە، بەتایبەتی کردەوە و وتەی ناوداران. ئەم دەستنووسەم پیشان زۆر هاوڕێ و برادەرمدا



زۆربەیان لایان سەیر بوو، کە قەرەقووش ئەو دڕندەیە نەبێت کە بیستوویانە و چەسپ بووە لە مێشکیاندا.

ئەوەی جێی سەیرە بڕیار وابوو ئەم نووسینە بە چەند ئەڵقەیەك لە یەکێ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوبکرێتەوە، کەچی بڵاونەکرایەوە، کە سەرم لە ڕۆژنامەکەدا تەماشام کرد ڕەفزکراوە پرسیم بۆ؟ وەڵامەکەیان زۆر سەیر بوو مامۆستا ئاخر ئەمە قەرەقوشە!؟

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و چوومە دەرەوە. کەچی بە دەیان نووسین بە عەرەبی و بە تورکی هەیە لەسەر قەرەقووش.

ئەوەی لە توانای مێشکدا نەبێت و کەس بڕوای پێ نەکات پێی دەوترێت"فەرمانی قەرەقووش"....

عەبدوڵڵا زەنگنە

کەرکوك/١٩٩٧

## " بەهائەدین قەرەقووش"
## سالی ٥٩٧-١٢٠١ی ز مردووە

زۆرجار ڕاستی مێژوو دەگۆڕێنرێ یا دەشێوێنرێ نەوە بە نەوە ڕاستییەکەی ون دەبێت شێوە خەیاڵاوییەکەی خۆی دەچەسپێنێ پێشی هەموو شێوە و ڕاستییەکانی مێژوو دەگرێت.

ئەم وتەیە پڕ بەپێستی"بەهائەدین قەرەقووش"ە وەزیری سوڵتان سەلاحەدین مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە و پێشکەشمانی دەکات وەکو وەزیرێکی لێهاتوو بەڕێوەبەرێکی توندوتیژ هەستاوە بە دروستکردنی پرۆژەی گەورە گەورە، بەڵام ئەفسانە و چیرۆکە میللییەکان بە پێچەوانەوە پێشکەشی دەکەن، وەکو خوێن ڕێژێك دادوەرێکی ستەمکار پێشێلکردنی هەموو مافێك و دادێك و نەرمییەك، ئەمەش خۆی دەنوێنێ لەم ڕستە میللییە کاریگەرییەدا "فەرمانی قەرەقووش"، بەڵام مێژووی هاوچەرخ و نزیکی سەردەمی "قەرەقووش"دەیگێڕێتەوە و پێشکەشمانی دەکات لە شێوەیەکی باشدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەفسانەکاندا.

"إبن خلكان"بەم شێوەیە لە"اعیان الوفیات"دا پێشکەشی دەکات:

کە باوکی سەعید قەرەقووش کوڕی عەبدوڵلا ئەسەدی ناسراو بە بەهائەدین قەرەقووش واتا"قەلەڕەش"یەکێ بووە لە نۆکەرەکانی



"اسد الدين شێرکو مامی سەلاحەدین"کاتێ سەلاحەدین بووە، سەرۆك وەزیرانی سەردەمی خەلیفەی فاتیمی "العاضد باالله"کردییە لێپرسراوی کۆشکی فاتیمی کە"سەلاحەدین"کاروباری میسری گرتە دەستیەوە و کردییە گەورەی کۆشکی تایبەتی زۆر هەنگاوی بەرەو پێشەوەنا، ئەوەی پێی سپێرابوو بەباشی و بەزیادەوە جێبەجێی دەکرد، تا بووە یەکە پیاوی دەستە ڕاستی سەلاحەدین و بووە جێی بڕوای لە هەموو کاروبارێکدا سەلاحەدین ماوەیەك دوورکەوتەوە لە میسر قەرەقووشی کردە جێگری و کاروباری وڵاتی پێسپارد، توانی ئەمن و ئاسایش بچەسپێنێ. ئەو ماوەیە کە قەرەقووش خزمەتی سەلاحەدینی دەکرد هەستا بە دروستکردنی زۆر کاری گرنگ و بووە هۆی مانەوە و زیندووکردنەوەی هەتا هەتایە، تا ئێستایش پاشماوەکانی ماونەتەوە، هەر ئەو بوو قەڵای چیای سەرکەشی لەسەر داوێنی "مقطم"دروستکرد.

سەلاحەدین ئارەزووی لە دروستکردنی کۆشکێکی گەورە و قایم بوو، تا لە کاتی گەمارۆدانا خۆی تێدا حەشار بدات و بتوانێ لە فرۆفێڵی دوژمنەکانی لە فاتیمییەکان و ئەوانی تر خۆی بپارێزێ و بیکاتە جێنشین و بنکەی حوکم کردن.

قەرەقووش توانی خواستەکەی بهێنێتە دی، هەستا بە دروستکردنی قەڵاکە ساڵی "٥٦٩ك - ١١٧٤ز".

هەروەها بە دروستکردنی بیرە سەرسووڕهێنەرەکەی، کە ئاوی بۆ دەهێنا. لە هەمان کاتیشدا سەڵاحەدین بیری کردەوە لە دروستکردنی شوورەیەکی گرنگ تا قەڵاکە و شاری میسر و قاهیریش بگرێتەوە، بۆ ئەمەش لە قەرەقووش باشتر نەبوو خواستەکەی بهێنێتە جێ.

قەرەقووش بۆ ئەم پرۆژەیە چالاکییەکی چاکی پیشاندا زۆر گۆڕستان و مزگەوتی ڕووخاند، کە ڕێگای شووراکەیان گرتبوو، جگە لە مانەش زۆر کوچکی"هرم"بچووکی ڕووخاند لە"جیزە"، کە ڕووبەڕووی قاهیرە بوو بەردە گرنگەکانی بۆ شوورەی قەڵاکە بەکاردەهێنا.

هەروەها هەستا بە دروستکردنی "بنەوانی جیزە" لەسەر ڕووباری نیل نزیك بە کوچەکانی زۆر پرۆژەی تریشی کرد.

کە سەڵاحەدین توانی"عەکا"لە دەست فەرەنگەکان وەرگرێت و قەرەقووشی نارد بۆ چاکردنەوەی شوورەی قەڵاکان فەرەنگەکان گەڕانەوە و "عەکا"یان گرتەوە، لێرەدا قەرەقووش بە دیل گیرا و بەرنەدرا تا سەرانەیەکی زۆردرا لەبری.

کە قەرەقووش ڕزگاری بوو لە دەستیان گەیشتە لای سوڵتان، سوڵتان زۆر پێی گەشایەوە و پلە و پایەشی بەرزکردەوە، قەرەقووش جێی ڕێز و ڕەزامەندی سوڵتان بوو، تا سوڵتان سەڵاحەدین لە ساڵی (٥٨٩ك) ئەمری خوای بەجێهێنا.



قەرەقووش دوای ئەوە چەند ساڵێك ژیاوە پایە بەرز و قسە و دەستڕۆیشتوو بووە، تا لە ساڵی (٥٩٧ك ١٢٠١ز) ئەمری خوای بەجێهێناوە، لێرەدا لەسەر ڕووناکی ئەم کورتەی ژیانی قەرەقووشدا دەتوانین بڵێین کە قەرەقووش ناودار بووە و هەستاوە بەکاری گرنگ، ئەمەش مێژووی نزیکی چەرخەکەی و هاوچەرخمان دەیگێڕێتەوە"یوسف الشارونی"دەربارەی قەرەقووش دەڵێت "قەرەقووش"سەڵاحەدینی ئەیوبی متمانەی کردە سەری نەزانراوە ڕەسەنی کێیە زۆر بەوەفا بوو بۆ ئەیوبییەکان، لە سەرەتای سەردەمی سەڵاحەدیندا هەستا لەسەر بڕیاری گەورەکەی "بەجیاکردنەوەی پیاوان لە ژنان لە کۆشکی فاتیمییەکان، تا نەگەنە یەك، بۆ ئەوەی زاوزێ نەکەن، چونکی یارمەتی گەڕانەوەی دەوڵەتی فاتیمی دەدات".

قەرەقووش کە کتێبەکانی فاتیمییەکانی فرۆشت لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا لەوە مەزنتر و بەنرختر نەبوو، بەمەش کارێکی زۆری کردە سەر دەروونی ڕۆشنبیر و زاناکان و تووڕەیانی کرد، هەروەها لە بواری دروستکردن و چاکردنەوەدا زۆر توندوتیژ بوو بەرانبەر خەڵکی "قاهیرە"، کە بەکاریانی دەهێنا، بۆ دروستکردنی دیوار و شوورە، ئەگەر بەیانی زوو پیاوێکی ببینایە کە بۆ کار دەڕۆیشت تا ژیانی ڕۆژانەی مەیسەر بکات دەیوەستان و زۆری لێدەکرد لەگەڵیان کار بکات، ئینجا کرێکەی دەدایە کابرا وەریدەگرت، بەڵام لە ڕقا وەخت بوو شەقی ببردایە، چونکی شازادە

به زۆر بردی و بێگاری پێکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی پەلاماری بەرنە سەر و بەتایبەتی ئەوانەی زۆر نزیکی بوون وەکو "ابن مماتی".

لێرەدا دەبێ پرسیار بکەین ئەم حوکمە توندوتیژە چییە، کە بە دەور قەرەقووشدا دەسوورێتەوە و پێشکەش کراوە بە شێوەیەکی ڕەش ئەم ئەفسانە میللییانە لە کاتی قەرەقووشدا و لە پاشی بە کەمێك ئاشکرا بووە بە دەرچوونی نامیلکەیەکی دەستنووسی بچووکی"ئەسعەدی کوڕی مەماتی"بەناوی"الفاشوش فی أحکام قراقوش" کە زۆر بە توندی هێرش دەباتە سەر قەرەقووشدا و ناوی بە نەزان و گێل و ستەمکار دەبات، لەوەشە کتێبەکە هی ئەویش نەبێت، بەڵام ناوی ئەوی لەسەرە "گازانۆفا"کە ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسی بوو بایەخی بەم کارەدا و پەردەی لەسەر ئەم دەستنووسە بەنرخە هەڵماڵی..

"ابن مماتی"دەیویست بڕوا بە قەرەقووش جێ لەق بکات لەلایەن سەرکردەکانییەوە.

"گازانۆفا"دەڵێت: "ابن مماتی"لە ڕاستیدا ویستی گەل ڕقی لە دەوڵەتی ئەیوبی تازە بێتەوە، چونکی جێگای فاتیمییەکانیان داگیرکردبوو، بەتایبەتی ئەیوبییەکان "سونی"بوون و فاتیمیەکان"شیعە"بوون.

"ابن مماتی"لەبەر ئەوەی لە فەرمانبەرە گەورەکانی دەوڵەتی ئەیوبی بوو، وەك وەزیری دارایی و لێپرسیاوی خەزینە بوو، لەبەر



ئەوە توانی نهێنییەکانی کۆشك و گەوجی و نەفامی حاکمەکانیش پیشان بدات لەو کتێبەدا.

ئەو چیرۆکانەی"ابن مماتی"دەربارەی قەرەقووش دەیگێڕێتەوە تەنیا کەسایەتییەکەی و هۆشی تێك نادات، بەڵکو هەندێ جار بە گەوج و گەمژەیی پیشان دەدات، کەوا هەموو شتێکی ئاڵۆز ئاسان دەکات و ئاسان ئاڵۆز دەکات، لەسەر ئەوەشەوە کابرایەکی تووڕە و سوورە لەسەر ڕای خۆی، هەرچەندە ڕایەکی هەڵە و هیچ و پووچیش بێت لە ڕای ئێمەدا نهێنی شێواندنی ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ شەخسیەتی قەرەقووش و کردەوە گرنگەکانی قەرەقووش کەسایەتییەکی توندوتیژە بە توندی و بەپەلە هەڵدەستا بە پرۆژەی گرنگ لە پێشەکی ئەوانەشدا دروستکردنی قەڵای سەر چیا و شوورە قاهیرە و بنەوانی جیزە لە چەرخی ناوەڕاستدا ئەم پرۆژانە هەزارەها پیاوی بۆ ئامادە دەکرا، بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەورە پێویستی بە سوخرە بوو بۆ کۆکردنەوەی کرێکار لە ڕێگای زۆردارییەوە. ئەم بێکارانەش پێویستی بە پیاوی ئازای وەکو قەرەقووش بوو. هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی دە هەزار، یا سەد هەزار کرێکاری دیل و کۆیلە و زۆربەیان بەزۆر لە ماڵەوەدا یا لەسەر شەقامەکان دەهێنران بۆ کارکردن و ڕۆژانەکەیان تەنیا پارچە نانێکی وشك بوو، کە دەیان جاوی.

لێرەدا قەرەقووش هەڵدەستا بەم پرۆژەیە گرنگانە، لە هەمان کاتدا ڕەمزێکی توندوتیژی جەور و زۆرداری بوو، لە پێش چاوی هەموواندا. بەرپرسیار بوو لەم قوربانییانە، کە بە سەدان دەکەوتن و دەمردن، تەنیا بۆ پیشاندانی توانا و گەورەی ئەو بوو. ئەمانە بووە هۆی ئەوەی کەسایەتییە مێژووە گەورەکەی بگۆڕدرێتەوە بە کەسایەتییەکی هیچ و پووچی دەستکردی پووچەڵ، کە تا ئێستا زاڵە بەسەریدا و لێی نابێتەوە.

بەڵام لە کتێبی"خزینة لطائف"دا لە لاپەڕەی (٧١) دا بەم جۆرە باسی دەکات و دەڵێت:

لە کتێبی "نجوم الزاهرة في ولادة القاهرة"دا دەڵێت:

"قەرەقووش یەکێ بووە لە وەزیرەکانی سوڵتان""سەلاحەدین کوڕی ئەیوب" سوڵتان قەرەقووشی کردە لێپرسیاوی دروستکردنی"قەڵای سەرکەوتن"کە حەوت ساڵی خایاند، هەروەها هەستا بە دروستکردنی "بازاڕی ساحب"نزیک مزگەوتی "حاکم بامرالله"لە"دەروازەی سەرکەوتن".

قەرەقووش خاوەن دڵێکی بێگەرد و هێمن و بەزەیی داربوو، هەرچەندە نەزان بوو دەربارەی حوکم کردن، بەڵام دادکار و دروستکار بوو، هەر لەبەر ئەوە کە سوڵتان سەفەری بکردایە بۆ شام دەیکردە جێگری خۆی و بەگزادەیەکیش یارمەتی دەدا. ساڵی "٥٧١"یاریدەدەرەکەی ئەمری خوای کرد، حوکمی میسری سەربەخۆ و بە شێوەیەکی زۆر سەیرکرد، قەرەقووش زۆر



بەجەرگ و ئازا بوو لە زۆربەی شەڕە ئیسلامییە گەورەکاندا بەشداری دەکرد، بە تەواویش بەشداری کرد لە ڕزگارکردنی "عەکا"دا. لە ساڵی"٥٩٠ك"ئەمری خوای بەجێهێنا لە قاهیرە لە گۆڕستانی"قرانەی بچووك"دا ناشتیان.

ساڵی لە دایکبوونی قەرەقووش نازانرێت.

دەربارەی سەرەتای ژیانی:

کوێلەیەکی خەساوی سپیی پێست بوو، لە یەکێ لە لادێ دوورەکانی ئاسیای بچووك ژیاوە، لەتاو زوڵم و زۆرداری لە تاریکە شەوێکدا کۆت و زنجیری پسان و هەڵهات شار بە شار تا گەیشتە وڵاتی شام لە سەردەمی شا"عیماددین زەنگی"دا.

توانی نزیک بێتەوە لە سەرکردەی مەزن "اسد الدين شيركو" لە "دمشق"ناویان نا "بەهائەدین کوڕی عەبدوڵڵا ئەسەدی"، لەبەر ئەوەی باوکێکی موسڵمانی نەبوو ناوی"کوڕی عەبدوڵڵا"یان لێنا ناوی "ئەسەدیش"لەبەر"اسد الدين شيركو"، چونکی بە پارەی خۆی کڕی و پەروەردەی کرد و بووە هۆی ئیسلام بوونی و ئازادیشی کرد.

ئەو کردەوانەی بەدەم قەرەقوشەوە دەیگێڕنەوە جیاوازیان لەگەڵ یەکدا هەیە، تەنانەت هەندێکیان پێچەوانەی یەکترن لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێك و لە شارێکەوە بۆ شارێك دەگۆڕێت.

ئەمەش هەندێ لەو کردەوانەیە، کە بە ناوی قەرەقوشەوە دەیگێڕنەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(١)یەکێك لە وەزیرەکانی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی گێڕایەوە وتی:

هەموو ساڵێك لە مانگی موحەڕەمدا"قەرەقووش"خێری دابەش دەکردە سەر هەژاران و بێ دەرەتاناندا، ساڵێکیان دوای تەواو بوونی خێر، ئافرەتێك هات بۆ لای قەرەقووش بەبیانووی ئەوەی مێردی مردووە و یارمەتی دەوێت تا کفن بکڕێت و مردووەکەش بنێژرێت.

"قەرەقووش" پێی وت:

خێری ئەمساڵم کردووە و بە تەواوی لێبوومەتەوە، پەنا بە خوا ساڵێکی دیکە لە مانگی موحەڕەمدا وەرەوە تا یارمەتیت بدەم و کفنت بۆ بکڕم.

* * * * * *

(٢) ڕۆژێکیان دوو پیاوی ڕیشدار پیاوێکی ڕیش تاشراویان هێنا بۆ لای "قەرەقووش" و وتیان:

گەورەم ئەی قەرەقووشی بەڕێز ئەم پیاوە دەیەوێ ڕیشمان بتاشێ، لەبەر ئەوە هێنامان بۆلات، قەرەقووش زۆر باشە منیش ئێوە بەند دەکەم، تا ڕیشی ئەم پیاوە دەردەچێت و درێژ دەبێت، ئەوکاتە ئێوەش ڕیشی بتاشن، کە بەندیانی کرد ناچار بوون لە داواکەیان وازبێنن.

* * * * * *

(٣) پیاوێك هات بۆ لای قەرەقووش و وتی:

خۆی و خێزانەکەی کە لە گەشت دەگەڕانەوە بە سواری کەشتی لە میسرەوە یەکێ لە گەشتکەران لە ژنەکەیدا، ژنەکە سگی شەش



مانگان بوو و بووە هۆی لەبارچوونی کۆرپەلەکەی، لەبەر ئەوە هاتووە بۆ شکات.

قەرەقووش یەکسەر تاوانبار دێنن بە زوویی کە کابرا هات، قەرەقووش ئەم بڕیارەی بەسەریاندا، ئەم ئافرەتە بەرکەسکی بووە شەش مانگان بیدەرەوە دەست مێردەکەی. مێردی ژنەکە ناچار وازی لە شکاتەکەی هێنا و دەستی خێزانەکەی گرت و ڕۆیشت.

* * * * * *

(٤) کوڕەکەی قەرەقووش ویستی هێسترێك بکڕێت، ڕێککەوت بە هەزار پەنجایی بیکڕێت، بە باوکی گوت تا پارەکەی بداتێ، بەڵام قەرەقووش سەیری کرد پارەکە زۆرە، لەبەر ئەوە ڕازی نەبوو، پوری کوڕەکەی قەرەقووش هات و بە قەرەقووشی وت:

نەخێر گەورەم قەرەقووشی بەڕێز پارەکە هەزار پەنجایی نییە ئەوە هەڵەیە پارەکە نۆسەد و نەوەد و نۆ پەنجاییە قەرەقووش بانگی خەزنەداری کرد پارەکەی بداتێ.

* * * * * *

(٥) چەند فەلاحێك هاتن بۆلای قەرەقووش و وتیان:

ئەمساڵ بەرووبوومی لۆکەمان فەوتاوە تووشی زیان بوو، بە هۆی سەرما و سۆڵەی زستانەوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لە باج بمانبەخشیت.

قەرەقووش، نەخێر نابێت ساڵێکی دیکە لەگەڵ لۆکەدا خوریش بچێنن دەبێ سوێند بخۆن و جێبەجێی بکەن، چونکی خوری گەرمی دەداتە لۆکە و ناهێڵێ بفەوتێ، وتیان باشە ساڵێکی دیکە لەسەر فەرمایشتی جەنابت لە تەنیشت لۆکەکەوە خوری دەکێڵین ئا بەم جۆرە ڕزگاریان بوو لە باج.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٦) ئافرەتێك هات بۆلای قەرەقووش و شکاتی لە کوڕەکەی کرد، کە زۆر ئازاری دەدات و دەسەڵاتی کوڕەکەی نییە تکای وایە تۆڵەی لێ بسێنێ.

قەرەقووش داوای کوڕەکەی کرد و بڕیاریدا ساڵێك بەند بکرێت.

دایکە بەم جەورەی زانی پەشیمان بووەوە، بەڵام دەسەڵاتیشی نییە، قەرەقووشیش بڕیاری بەندکردنیداوە، لە دواییدا دایکە لە توانایدا نییە کوڕەکەی بە بەندکراوی ببینێت.

هەستا پەنای برد بۆ کەسوکاری قەرەقووش تا هەوڵی ڕزگارکردنی کوڕەکەی بدەن لەم تەنگ و چەڵەمەیەدا، خزمانی قەرەقووش بە دایکەکەیان وت: سکاڵانامەیەك بنووسە بۆ قەرەقووش و تێیدا بنووسە وا حوکمەکەی جەنابت ساڵێك بەسەریدا تێپەڕبوو، لەبەر ئەوە داواکارم کوڕەکەم بەرەڵڵا بکەیت.

سکاڵانامەکەی پێشکەش قەرەقووش کرد و کە خوێندیەوە وتی:

"نەخێر تۆ هەڵەیت دوو ڕۆژی ماوە ساڵەکە تەواوبێت، دوو سبەی وەرەوە کوڕەکەت بەرەوە"



پاش دوو ڕۆژ دایکە هاتەوە و کوڕەکەی لە بەندینخانە دەرکرد و بردییەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٧) قەرەقووش تەماشای کرد ئەسپەکەی لە پێشبڕکێی ئەسپاندا دواکەوت، کە گەڕایەوە بۆ جێگاکەی بە مەیتەرەکەی وت:

یەك هەفتە ئالیك مەدەرە ئەسپەکە، مەیتەرەکە وتی: گەورەم ئەم ئاژەڵە هەفتەیەك بێ ئالیك بمێنێتەوە دەتۆپێ: قەرەقووش پاش بیرکردنەوەیەکی کەم وتی: "بیدەرێ، بەڵام پێی مەڵێ من پێتم وت"

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٨) کابرایەکی بازرگان کوڕێکی هیچ و پووچی هەبوو لەکاتی نەخۆشی باوکیدا قەرزێکی زۆری کرد وایلێهات نقووم بوو لە قەرزدا، خاوەن قەرزەکان دەرگایان لێگرت و تەنگیان پێ هەڵچنی و داوای پارەکەیان دەکرد.

کوڕە ڕێککەوت لەگەڵ خاوەن قەرەزەکاندا و بڵاوی کردەوە کە باوکی مردووە، باوکیان خستە تەرمەوە و بردیان بۆ مزگەوت و نوێژیان لەسەری کرد و بەرەو گۆڕستان کەوتنە ڕێ، لەکاتی ڕێکردندا قەرەقووش بەرانبەریان هات، هەندێ لە بازرگانەکان بە باوکەیان وت ئەوە قەرەقوشە بازرگانە مردووەکە کە بیستی ڕاستەوەبوو لە نێو تەرمەکەوە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

"گەورەم من نەمردووم، بەڵام ئەمانە دەیانەوێ زیندە بەچاڵم بکەن، هۆی ئەمەش کوڕەکەمە، قەرەقووش بڕیاریدا سەری تەرمەکە هەڵدەنەوە و بازرگانەکە دەربهێنن، هەروەها کوڕە نالەبارەکەشی بێت بۆ بەردەمی بە کوڕەی وت: "ئەم کردەوەیە چییە کردوتە؟ ئەمە تاوانە !"

کوڕە وتی: نەخێر گەورەم زیندوو نییە و مردووە درۆت لەگەڵدا دەکات، ئەگەر دەتەوێ پرسیار لەم پیاوانە بکە؟..

قەرەقووش پرسیاری لێکردن ئایا ئەمە ڕاستە؟ بەڵێ گەورەم مردووە، ئێمە شایەتین کە هێنامان مردبوو.

قەرەقووش سەیرێکی بازرگانەکەی کرد و وتی: ئەم هەموو خەڵکە دەڵێن تۆ مردوویت هەموو موسڵمانن و درۆش ناکەن چۆن دەتەوێ بڕوات پێبکەم و متمانە بکەمە سەر وتەکانت، قەرەقووش وتەکانی تەواوکرد و ڕۆیشتن ناچار بازرگانە بەسزمانەکە هەستا و ڕازی بوو قەرزەکانی کوڕەکەی بداتەوە و هەموو سامانەکەی بەفیڕۆ چوو و ڕزگاری بوو لە مردن.

★ ★ ★ ★ ★ ★

( ٩) دوو پیاو هاتنە لای قەرەقووش و یەکێکیان وتی:

ئەم پیاوە چاومی کوێرکرد، یەکسەر قەرەقووش بڕیاریدا چاوی تاوانبار دەربهێنن لە تۆڵەی ئەو کردەوەیەی کە کردوویەتی، بەڵام پیاوەکانی قەرەقووش وتیان:



گەورەم ئەم پیاوە بەرگدووری کۆشکە، ئەگەر کوێربێت سوودی نامێنێت. تکایە لێی خۆش بە.

قەرەقووش وتی: نابێ سزای خۆی وەرگرێت، هەندێ بیری کردووە و ئینجا وتی:

"ڕاوچییەك هەیە لە دەرەوەی دەروازەی کۆشك بیهێنن با چاوی هەڵکۆڵین، چاوێك بەسیەتی بۆ ڕاوکردن"..!

★ ★ ★ ★ ★ ★

(١٠) مردوویەك و گایەك و پیاوێکی دەست بەستراویان هێنا بۆلای قەرەقووش و وتیان:

"ئەم پیاوە خاوەن ئەم گایەیە، ئەم گایەیش ئەم پیاوەی کوشتووە، تکایە تۆڵەمان بسێنە!

قەرەقووش ماوەیەك بیری کردەوە و بڕیاریدا سکی گایەکە بدڕن و خاوەنەکەی بەڕەڵڵا بکەن، کە ئەم بڕیارەیان بیست وتیان ئەمە ڕاست نییە.

قەرەقووش: ئەوە چیتانە واز لە قسەکردن بهێنن، تەنانەت لەسەردەمی فیرعەونیش بڕیاری وا ڕاست و بەجێ دەرنەچووە ! ئایا دەتانەوێ پیاوێك بکوژم لە پێناوی گایەکدا؟

★ ★ ★ ★ ★ ★

(١١) یەکێ لە پیاوەکانی قەرەقووش پیاوێکی کوشت، لەبەر ئەوە قەرەقووش فەرمانی خنکاندنیدا، زۆر هەوڵیاندا لەگەڵ قەرەقووشدا بۆ ڕزگارکردنی بێسوود بوو.

پێیان وت: ئەمە ناڵبەندە ئەسپەکانت ناڵ دەکات و خزمەتت دەکات، ئەگەر بیخنکێنی کەس نییە جێگای بگرێتەوە، لەو کاتەدا قەرەقووش سەیری لای دەرگای کرد، پیاوێکی ئاسنگەری بینی و وتی: ئەم ئاسنگەرە پێویستمان پێی نییە بیخنکێنن لەبری ناڵبەندەکە..

* * * * * *

(١٢) قەرەقووش کراسەکەی لەسەر تەناف هەڵخرابوو، کراسەکەی لە تەنافەکە کەوتە خوارەوە.

هەزار پەنجایی کردە خێر و وتی: "ئەگەر لە کاتی کەوتندا لەبەرم بوایە ئێستا ملم دەشکا".

* * * * * *

(١٣) لە کەشتییەکدا سەربازێك هەبوو، فەلاحێك و ژنەکەی لە هەمان کەشتیدا بوون، ژنە سکی حەوت مانگان بوو. سەربازەکە لە ژنی فەلاحەکە کەوت، ژنە منداڵەکەی لەبارچوو، مێردەکەی پەلی سەربازەکەی گرت و بردی بۆلای قەرەقووش:

بڕیاری قەرەقووش ئەمە بوو: سەربازەکە ژنەکە بەرێت نانی بدات و جلوبەرگی بۆ بکات، کە سکی بووە حەوت مانگ مانگانە بیداتەوە فەلاحەکە..

* * * * * *

(١٤) یەکێك لای قەرەقووش شکاتی کرد و وتی:



ئەم کابرایە قەرزەکەم ناداتەوە، کە قەرەقووش پرسیاری لە تاوانبار کرد و بۆ قەرزەکەی نادەیتەوە؟

قەرزار وتی: گەورەم کە پارە پەیدا دەکەم و دەیبەم بۆ خاوەن قەرز نایبینم، لە پاشان پارەکە خەرج دەکەم. لەبەر ئەوە گەورەم من تاوانم چییە؟

قەرەقووش بڕیاریدا خاوەن قەرز بەند بکرێت تا جێگاکەی بزانرێت، کە قەرزار پارەکەی پەیدا کرد یەکسەر بۆی بەرێت..

* * * * * *

(١٥) قەرەقووش بیستی هەڵۆکەی فڕیوە. بڕیاریدا دەروازەکانی شار داخرێت، تا هەڵۆکەی نەفڕێت بۆ دەرەوەی شار.

* * * * * *

(١٦) دوو کەس هاوبەش بوون لە حوشترێکدا. یەکەم بەشێکی هەبوو دووەم دووبەش، ئاویان بە حوشترەکە دەهێنا، ڕۆژێکیان حوشترەکە کەوتە نێو ئاوی نیلەوە و خنکا. مەسەلەکە گەیشتە "قەرەقووش" بەم جۆرە بڕیاریدا: هۆی خنکاندنی حوشترەکە، قورسی دوو بەشەکە بوو، ئەم کارەش ستەمە بۆ خاوەن یەك بەش، لەبەر ئەوە یەکەم دەبێت زیانی دووەم ببژێرێت بە بەشێك.

* * * * * *

(١٧) قەرەقووش بەنوژدارەکەی وت:

ئەم شەو لە تاو ئازار نەنووستم!.

نوژدارەکە پرسیاری لێکرد: کام لات ئازاری هەبوو؟

قەرەقووش وتی: کە چوومە نێو جێگەوە ئەو لایەی کە ڕووی لە دەروازەی قەڵاکە بوو!

★ ★ ★ ★ ★ ★

(١٨) دوو کەس چوونە لای قەرەقووش، شکاتیان لە یەکتری کرد، قەرەقووش بڕیاریدا لە هەردووکیان بدرێت وتی:
زۆردار هەرکامیان بێت ڕزگاری نەبوو لە سزام!.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(١٩) ڕۆژێکیان دەرچوو بۆ گەڕان بۆ دەرەوەی شار هەرچەند یاریدەدەرەکەی وتی:
کەش باش نییە و دونیا هەورە لەوانەیە باران ببارێت. قەرەقووش پرسیاری لە شوانێك کرد و وتی: "باران دەبارێت یان نا".
شوانە کلکی بزنێکی هەڵبڕی و سەیری کرد و وتی:
نەخێر گەورەم باران نابارێت، دونیا خۆش دەبێت لەپاش ماوەیەك هەور و باران هێنای.
قەرەقووش کە ئەمەی بینی وتی:"ڕۆژێکی پیرۆزە".
یاریدەدەرەکەی وتی: "ئەستێرە ژمێر شوان بێت و ڕوانگە بزن، ڕۆژەکە پیرۆز دەبێت".

★ ★ ★ ★ ★ ★

( ٢٠) یەکێك شکاتی کرد لای قەرەقووش و وتی: فلان کەس لە خەودا سەد داری لێدام.



قەرەقووش تاوانبارەکەی بانگ کرد و وتی: لەبەر هەتاو ڕایگرن. لێدراویشی بانگ کرد و وتی: سەد دار لە سێبەرەکەی بدەن !.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢١) خانمێکی حیجازی لای قەرەقووش شکاتی لە"جارییە"کەی کرد.
قەرەقووش سەری سووڕما لەوەی کە ئافرەتێکی سپیی"جارییە"بێت لای یەکێکی ڕەش، بڕوای نەکرد و گوێی بە شکاتەکەی نەدا. بەڵگەشی ئەوە بوو کە ئەو خانم نییە، بەڵکو ئەو"جارییە"کەیە "جارییە"کەیش خانمەکەیە ویستی بەندی بکات چاك بوو جارییەکە، لە خانمەکەی خۆش بوو.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٢) جارێکیان قەرەقووش داوای لە قازی کرد، کە حیسابی دانەوێڵەی گەنم و جۆ و لۆبیە"ی بۆ بکات، قازی سەری سووڕما لە داواکارییەکەی، هەستا هەموو حیسابەکەی تەواو کرد و پوختەکەی کردە لاپەڕەیەك. قەرەقووش لێی تێکچوو، وایزانی قازی هەموو دانەوێڵەکانی تێکەڵ و پێکەڵ کردووە، ئەگەر وانییە بۆ هەمووی لە لاپەڕەیەکدا کۆکردووەتەوە، بڕیاریدا قازی بەند بکرێت. قازی مەسەلەکە تێگەیشت لە بەندیخانەوە حیسابەکانی جیاکردەوە و ناردی قەرەقووش بەمە زۆر پێخۆشحاڵ بوو لێشی بورد و وتی: "ماندوو بوویت ئەم هەمووەت لەیەك جیاکردەوە، کردییانە شایی و خۆشی بۆ دەرچوونی قازی لە بەندیخانە.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٣) پیرەمێردێك و منداڵێك شكاتیان لای قەرەقووش كرد بۆ مەسەلەی خانوویەك، هەر یەكەیان دەیوت هی منە. كە هاتنە لای قەرەقووش بە منداڵەكەی وت:"بەڵگەت هەیە هی تۆیە؟"
دوایی بیری كردووە و وتی:
چۆن دەبێت ئەم خانووە هی ئەم منداڵە بێت، هەر دەبێ هی پیرەمێردەكە بێت، بە منداڵەكەی وت:
خانووەكەی بدەیە، كە تەمەنت گەورە بوو وەكو ئەو خانووەكەت دەداتەوە..

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٤) جارێكیان شاعیرێك لات بۆلای قەرەقووش زۆری بەسەر و گوێلاكی هەڵدا، كە تەواوی كرد. قەرەقووش وتی: دەی قورئان خوێند قورئانێكی باشت خوێند. وایزانی قورئانی خوێند، وەك بڵێیت جیاوازی قورئان و شیعر نەزانێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٥) ئاوی"نیل"لە میسردا چەند ڕۆژێك كەمی كردبوو.
قەرەقووش تەماشای كرد حوشتری ئاو هێنەرەكان بیست بیست بە شەقامەكانی قاهیرەدا ڕێدەكەن.
وتی:
بە پیاوەكانی بانگ دەن لە شاردا:



بە فەرمانی"بەهائەدین قەرەقووش"هەر كەسە یەك حوشتر ئاو پڕ بكات و بیهێنێت. بەڕێكەوت لەناكاودا ئاوی "نیل" زۆر بوو، وتی:
قسەكەم ڕاست دەرنەچوو، ڕایەكەم پیرۆز بوو.
قەرەقووش وایدەزانی حوشترەكان ئاوەكەی"نیل"یان كەم كردووەتەوە، هەر لەبەر ئەوە قەدەغەی كرد حوشترەكان بە كۆمەڵ ئاو بهێنن، كەچی تاكە تاكە قەیناكات.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٦) جارێكیان كابرایەك هات بۆ لای قەرەقووش كەڵەشێرێكی پێبوو.
قەرەقووش پێی وت: "ئەم كەڵەشێرە گەر دەنووك لە چاوت بدات هەڵی دەكۆڵێ !"
بە پیاوەكانی وت:"خوێنانەی دەرهێنانی چاوی لێ بسێنن!"
كابرا سوێندی خوارد لەو شارەدا نەمێنێ قەرەقووشی تێدا بێت..

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٧) كابرایەكی گاور هات بۆلای قەرەقووش ترسا بڕواتە ژوورەوە بە دەواتە ڕەشە ئەبە نووسیەكەوە نەك شازادە پێی بڵێت:
"هاتنەكەت واتای ڕەشبینی دەگەیەنێ"
دەواتەكەی پێچایە پەڕۆیەكەوە، بەڵام لاقی گاورەكە ڕەش بوو.
قەرەقووش پێی وت:

"بێ فەڕ!! لەبەر ئەوەی لە دەفتەرەکانی سوڵتان هەڵە دەکەیت و هەڵەکانی زوومان دەسڕێتەوە جلەکانت ڕەش بووە !".

داوای لە پیاوەکانی کرد "بیبەن بۆ بەندیخانە تا جلەکانی سپیی دەبێتەوە، ئینجا تەماشای دەکەین تا ڕزگاری بکەین!".

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٨) لەسەردەمی قەرەقووشدا هەندێ پارە دزرا. بەخاوەن پارەکەی وت:

"گەڕەکەکەتان دەروازەی هەیە؟"

وتیان:"بەڵێ !"

وتی: "بڕۆن بۆمی بهێنن!"دەرگاکەیان هێنا..

وتی: پاڵی خەن..

وتیان: گەوەوم ئەمە تەختەیە و هۆشی نییە..

وتی: چیتان پێ دەڵێم وابکەن"

پاڵیان خست و دەستیان کردە لێدانی..

قەرەقووش گوێی نایە قەدییەوە. دەستی کردە وتەوت لەگەڵێدا، کە تەواو بوو پێی وتن:

"هەموو خەڵکی گەڕەکەکە با ئامادە بێت"

کە ئامادە بوون پێی وتن !"دەروازەکە دەڵێ:

ئەوەی پارەکەی دزیوە پەڕێك لەسەر سەرێتی، دزەکەش لە نێو خەڵکەکەدا بوو پەشۆکاو دەستی بۆ سەری برد، قەرەقووش بینی،



فەرمانیدا لێی بدەن بە لێدان.دزەکە دانی نا بە تاوانەکەیدا و پارەکەی هێنایەوە و دایەوە خاوەنەکەی.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٢٩) لاوێکی لێدراو هات بۆلای قەرەقووش و شکاتی کرد، کە لێیانداوە، قەرەقووش پێنج ژاندرمەی نارد تا شەڕکەر بهێنن، کە شەڕکەر زانی زوو خۆی گەیاندە لای قەرەقووش و لە تەنیشتیەوە وەستا..

کە لێدراو هاتەوە شەڕکەر هاواری کرد:

"گەورەم ئەمە بوو لێی دام و کوشتمی !"

قەرەقووش هات و لێدراوی پاڵخست ئەوەندەی لێدا تا بردییە شەرای مەرگ، ئەویش هەر هاواری دەکرد:

"من زوڵم لێکراوەم !"

قەرەقووش وتی: "پێشت کەوت !.."

خەڵکەکە سوێندیان خوارد لەو شارەدا دانەنیشن کە قەرەقووش دادکاری بێت..

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٣٠) بەڵگەنامەیەکیان هێنا بۆ لای قەرەقووش شایەتی موسڵمانەکانی تێدا بوو، دەربارەی خانوویەك لەسەر هێڵی کۆشکی مۆم، کە شازادە قەرەقووش تەماشای کرد وتی: ئەرێ ئێوە ئەمەتان بەخەتی سەرۆکی جوولەکەکان تەواوکرد؟

وتیان:"نا "

وتی: دەبوایە واتان بکردایە..
کەواتە ئەمە دروست نییە و درۆ و دەلەسە و مەحاڵە..
بەڵگەنامەکەی فڕێدا..

* * * * * *

(٣١) دوو پیاو هاتن بۆلای قەرەقووش و یەکێکیان وتی: ئەمە گازی لە گوێم گرتووە، کە قەرەقووش لێی پرسی دەربارەی مەسەلەکە وتی: خۆی گازی لە گوێی خۆی گرتووە.
میر هەستا چووە ژووری نووستنەوە، زۆر هەوڵیدا گوێی خۆی بگەزێت، نەیتوانی تەختەکە لارەوە بوو کەوت و دەستی شکا بەو جۆرە دەرچووە دەرەوە و داوای کرد لە شکات لێکراو بدەن.
وتی:"تۆ گوێی ئەم پیاوەت گەستووە و لەسەر ئەوەشەوە دەستی منیشت شکاند".

* * * * * *

(٣٢) کوڕێك ویستی باوکی زیندەبەچاڵ بکات.. خستییە نێو دار تەرمەوە و بەرەو گۆڕستان کەوتنە ڕێ..
قەرەقووش و دەستە و تاخمەکەی بەرانبەریان هاتن باوکە دەستی کردە هاوار.. هاوار..
قەرەقووش و خەڵکەکە و دارە تەرمەکەی ڕاگرت..
مردووەکە دەستی کردە ڕاڤەکردنی بەسەرهاتەکەی..
کوڕەکە وتی: باوکم زیندوو نییە لە مردنیشدا پەنات بۆ دەبات، بۆ ئەوەی تەنگ و چەڵەمەم بۆ دروست بکات لە ژیانیشدا هەر وابووە.



خەڵکەکە پشتی کوڕەکەیان گرت.. باوکە لەنێو دارە تەرمەکەوە هەر هاواری بوو: من نەمردووم.. نەمردووم.
قەرەقووش وتی: شایەتی مرۆڤ بۆ خۆی پەسەند نییە.. بڕۆن بەرەو گۆڕستان..

* * * * * *

(٣٣) کابرایەك چوو بۆ گەرماو، ناترێك دەستی کردە شوشتنی سەر و گوێلاکی، ناترەکە بانگ کرا بۆ کارێك پێش تەواوبوونی، کابرای بەجێهێشت ناترێکی دیکە هات دەستی کردە شوشتنی کابرا، کە یەکەم گەڕایەوە بووە مشتومڕیان لەسەر سەر و گوێلاکی کابرا، هەر یەکەیان ئەیوت سەر و گوێلاکی منە!!
چوونە لای قەرەقووش بۆ ئەوەی ناوبژیان بکات.
پاش گوێگرتن لە هەردووکیان بە کابرای وت:
ڕاست بڵێ و درۆ مەکە.. کامیان خاوەن سەرتن ؟
خوا خۆشتان کات.. سەرسەری خۆمە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵمایە، هیچ کاتێك گومانم لەوە نەبووە کە هی خۆم نەبێت..

* * * * * *

(٣٤) دەگێڕنەوە قەرەقووش بە"فەرمانی هەمایۆنی"هەموو ساڵێك لە سەرەتای سەری ساڵدا یەکێکی دەکردە پارێزگار. فەرمانەکەی بەم جۆرە دەردەچوو:
پارێزگاری ئەم شارە فلان کوڕی فلانە.. ئەم دادکارە نابێ دەست بخەنە ڕێی فەرمانەکانی ڕەوایە دەبێت جێبەجێ بکرێت و بۆی

هەیە بە ئارەزووی خۆی پارە کۆبکاتەوە و کۆشك و تەلار دروست بکات و کەنیزە بکڕێت.. گەنجینەی وڵات کرایەوە بۆی لەژێر دەستیان دەبێت.. ئەمە هەمووی بۆ ماوەی ساڵێك پاش تەواوبوونی ماوەکە لە ملی دەدرێت لە یەکێك لە گۆڕەپانە گشتییەکانی شاردا.. لەبەر ئەوە دەبینرا هەموو ساڵێك ئاهەنگ دەگێڕدرا لە ماڵ پارێزگاری تازە و شیوەنیش بووە لە ماڵی پارێزگاری پێشوودا.. لە یەکێ لەم ڕۆژانەدا کابرایەکی"سەقا"ئاوکێش بە پێش ماڵی پارێزگاری تازەدا ڕەتبوو، تەماشای کرد ئاهەنگە.. دەهۆڵ و زوڕنا و سەما و گۆرانی و هەڵپەڕکێیە بەر دەرگای ماڵیش ڕازاوەتەوە بە ئاڵا و واڵای ڕەنگاوڕەنگ کابرا پرسی چییە؟
وتیان بە فەرمانی قەرەقووش گەورەمان کراوەتە پارێزگار.. بیری کردەوە گوێدرێژەکەی لای دەرگاوە بەستەوە لەگەڵ پیرۆزباییکەراندا چووە ژوورەوە بۆ پیرۆزبایی لە پارێزگاری تازە، کە دراوسێیان بوو.. تەماشای کرد وا لەسەر کورسییەك دانیشتووە و مۆم و بخوور بە دەوریدا دەسووتێت.. لێی نزیك بووەوە و پیرۆزبایی لێکرد و وتی:
گەورەم بەڕێزتان گوێدرێژە دێزەکەم دەناسن، کە ئاوی پێ دێنم؟
چۆن نایناسم.. دەیناسم چۆن تۆ دەناسم.. زۆر باشە پێش چوار ساڵ بە کۆڵانێکدا تێپەڕبووین پێی لە بەردێك هەڵکەوت و بریندار بوو، تیمارم کرد لەسایەی سەری ئێوەوە چاك بووەوە، لەو ڕۆژەوە کە بەو کۆڵانەدا تێپەڕین خۆی لادەدات.. نازانم بەڕێزتان چۆن



ڕازی بوون بەم کارە، کە پاشەڕۆژی خۆتان دەزانن: واشین و ماتەمە لە ماڵی پارێزگاری پێشوودا لە ماڵی ئێوەشدا شایی و ئاهەنگە.. ئایا هیچ حیسابێکت بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە. هیچ نەبێت سوودێك لە گوێدرێژەکەم وەرگرە.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٣٥) کابرایەکی جوڵا ڕۆژگاری نالەبار وای لێکرد پێویستی بە نانێك بوو. بیری کردەوە فێڵێك بدۆزێتەوە تا ژیانی ڕۆژانەی ناو خێزانەکەی مەیسەر بکات. ڕۆیشت بۆ لای قەرەقووش و پێی وت: گەورەم ئەمشەو خوا لە خەودا کارێکی پێدام بۆ کاروباری وڵات زۆر چاکە بەباشم زانی بە بەڕێزتانی ڕابگەیەنم.. قەرەقووش بە سەرسووڕمانەوە.. ئەم کارە دەبێت چی بێت؟ گەورەم من جوڵام.. پیشەم جوڵاییە.. زۆر باشە..
پێم وترا دەتوانی مێزەرێکی ئەفسووناوی دروست بکەیت.. هەر کەسێ لەسەری بکات پیاو خراپ و درۆزنان نەیبینن.. بەڵام پیاوچاك و ڕابردوو پاك لەسەری دەیبینێت.. ئەمە کارێکی زۆر چاکە.. کەواتە ئەم مێزەرەم بۆ دروست بکە تا لەسەری بکەم، بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکان چاك و خراپیان لەیەك جیابکەمەوە. قەرەقووش پێشەکی"١٠٠"سەد دیناری پێدا تا کەرەسەی پێ بکڕێت.. کەی مێزەرەکەی تەواو دەبێت؟
پەنا بەخوا مانگێکی کە.
دەبڕۆ دەست بەکاربە.

کابرای جۆلا بە پارەکە خواردن و جلوبەرگی باشی کڕی بۆ ماڵ و منداڵەکانی، دەنگ و باسی مێزەرەکە لە شاردا بلاوبووەوە، دەوروبەری قەرەقووش لە خۆیان دەترسان، چونکی هەموو ڕابردوویان خراپ بوو، ئەگەر ئەم مێزەرە تەواو بێت ئەوا هەموویان ئاشکرا دەکات، بەڵام چاریش نییە.

لە دوای مانگێك قەرەقووش سکرتێرەکەی نارد بۆ لای جۆلاکە، هەر لە دوورەوە بینیان کابرا چووە سەر تەونەکە و بە درۆ دەستی کردە جۆلایی.. سکرتێرەکە زۆر ستایشی کابرای جۆلا و مێزەری نەبینراوی کرد.

بە سکرتێرەکەی وت: بۆ هەفتەیەکی دیکە تەواو دەبێت.

سکرتێرەکە کارەساتەکەی بۆ قەرەقووش گێڕایەوە.. بڕوای پێ کرد و وتی:

سکرتێرەکە پیاوێکی چاکە و ڕابردووی بێ خەوشە.

بۆ هەفتەی ئایندە قازی نارد.. قازیش زۆر ستایشی جۆلا و مێزەرەکەی کرد، بێ ئەوەی هیچ ببینێ. پاش دوو مانگ جۆلاکە هات بۆلای قەرەقووش و وتی: گەورەم مێزەرەکە تەواو بووە، پێویستە لە ئاهەنگێکی گەورەدا بکرێتە سەری بەڕێزتان، کابرای جۆلا مێزەری لەسەر قەرەقووش نا، کردیانە سەڵەوات و چەپڵەڕێزان.. دانیشتووان یەك یەك ستایشی مێزەری قەرەقووشیان کرد.. هەریەکە بە جۆرێك.. قەرەقووش هەرخۆی مایەوە دەستی بۆ سەری برد هیچ نەهاتە دەستی و مێزەری



نەبینی. شێت بوو.. من ڕاست نیم لە کارەکانمدا. تەماشای ئاوێنەی کرد هیچی نەبینی..

وتی: جۆلاکەم بۆ بانگ بکەن.. ئەوە گاڵتەم پێ دەکەیت ؟

من نۆکەری بەڕێزتانم..

ئەی کوا مێزەر؟

گەورەم بەم فێڵە ویستم بەڕێزتان ڕابردوو و ئێستای فەرمانبەرەکانی بزانێت.

هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا بوو..

ئێستا چیم لێ دەکەیت بیکە !.

قەرەقووش کردەوەی جۆلاکەی زۆر پێ خۆشبوو (١٠٠٠) هەزار دیناریشی خەڵات کرد.

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٣٦) قەرەقووش زەوییەکی ئەمیری زۆری بۆخۆی برد وەرزێڕەکانی تەمێ کرد لۆکە تۆو بکەن..

لۆکەیان تۆو کرد.. جۆرە کرمێك لێیدا لۆکەکەی خراپ کرد.. وەرزێڕەکان قەرەقووشیان ئاگادار کرد. زۆر خەفەتی خوارد، سەرزەنشتیانی کرد و وتی: گەر خوریتان تۆو بکردایە ئەوا مەڕی دەگرت و کرمی نەدەبوو..

★ ★ ★ ★ ★ ★

(٣٧)

## "قەرەقووش"

شەوێك لە شەوان دزێ     بۆ ماڵ بڕین دەخزێ

کۆشکێك دەبینێ گەورە     دەڵێ ئەم ماڵە چەورە

ئێرە جێی دزی و ڕاوە     زێڕ و پارە ڕژاوە

دزە چاوی دەگێڕێ     لە دەرگاوە نییە ڕێ

تەنیا، تاکە، یەك ڕێیە     بیگەیەنێت بەو جێیە

ئەو ڕێیەش زۆر دژوارە     پەنجەرەیە و دیوارە

دزە بۆی سەردەکەوێ     بەنیازی زێڕ زێڕی دەوێ

هەر دەگاتە پەنجەرە     بەختی ئەو خاك بەسەرە

پەنجەرە هەڵدەتەکێ     دزە قاچێکی دەشکێ

دزەی کەساس و داماو     نا ئومێد و قاچ شکاو

بەیانی زوو پەلەپەل     بە نەخۆشی و شەلە شەل

خێرا دەچێ بۆ شکات     بۆ لای سەرداری وڵات

سەردار میر قەرەقوشە     ئاسنی لا وەك پووشە

★ ★ ★ ★ ★ ★

دەڵێ: ئەی گەورەی وڵات     باوکی دەوڵەمەند و لات

دوای شەو بۆ دزی کردن     هەستام بچمە ماڵێك من

بە دیوارا هەڵگەڕام     پەنجەرەم کرد بە ڕێگام

پەنجەرەی کۆنی خانوو     لە بن دەرهات خێرا زوو



کەوتمە خوار پێم شکاوە     هیوای مانم نەماوە

لە خاوەن ماڵ و خانوو     "مافم دەوێ بێ سێ و دوو"

★ ★ ★ ★ ★ ★

لەسەر فەرمانی پاشا     خاوەن ماڵیان ڕاکێشا

بە "یاسا"ی قەرەقووشی     کەوتە ناو داوی تووشی

فەرمانی خنکان درا     سێدارەی بۆ دانرا

خاوەن خانوو فێڵباز بوو     لەم سزایە دەرباز بوو

وتی: من مەدەن لەدار     "دارتاش"بەدە و تاوانکار

گەر پەنجەرە باش بکا     قاچی دزە چۆن دەشکا

"قەرەقووش"دەڵێ وایە     هەڵە لە دارتاش دایە

★ ★ ★ ★ ★ ★

ناردی بە دوای دارتاشا     بێ بۆ دیوانی پاشا

کاتێ مەحکەمەی کرا     حوکمی خنکانی درا

دارتاش وتی: ئەی سەردار     باوکی داماو و هەژار

پەنجەرە و دار و تەختە     هەروەکو پۆڵا سەختە

شیشی ئاسن پساوە     ئەم ئیشە وا قەوماوە

کاری من ڕاست و ساغە     "ئاسنگەر"قورمساغە

تاوان لە ئاسنگەرە     بیکوژە، گیانی بەرە

قەرەقووش دەڵێ وایە     "یاسا"لەگەڵ تۆ دایە

داروتەختە تەواوە     تەنیا شیشی پساوە

ئەمجا بە مرخێش مرخێش     ئاسنگەریان دایە پێش

★★★★★★

ئاسنگەر وتی گەورەم     هەرزەکاری ئەم دوورەم
کاتێك من ئیشم دەکرد     کچێك بە لاما ڕابورد
هۆش و بیری لێ سەندم     ڕیشەی جەرگی هەڵکەندم
ئیشەکەم نارێك دەرچوو     سەرەنجامی ئەمە بوو
ئەو کچە شۆخە جوانە     بوو بە هۆی ئەم تاوانە

★★★★ ★★

قەرەقووش ئەمجا ناچار     پیاوی خستە کوچەی شار
چوون و کچەیان هانی     فەرمان درا نەمانی
کچە وتی: ئەی سەردار     بۆچی من دەدەن لە دار
سەری گلۆڵەی تاوان     لای"خومچی"یە بێگومان
ئەو بەم دەردیەی بردم     کراسی بۆ ڕەنگ کردم
قەرەقووش کەوتە نەڕە     وتی"خومچی"بێ فەڕە
ئەم کچە شۆخە جوانە     دیارە کە بێتاوانە
ئەم کیژە بەڕەڵلاکەن     خومچی زوو بە داراکەن

★★★★★★

چوون و خومچیان هانی     پاشاکە دی نەڕانی
سەگباب تۆ تاوانباری     تۆ دووژمنی هەژاری
زۆر خەڵکت بە کوشت داوە     گیانی زۆرت کێشاوە
سەیر ئەم دزە داماوە     چۆن؟ قاچێکی شکاوە
هەمووی پیلانی تۆیە     ئەم خەڵکە ڕەنجەڕۆیە



ئەمجا منیش پشت بەخوا     پشت بە"یاسا"و بە"ڕەوا"
هەرکەس کەوا خوار بڕوا     ژینی نابێ لەمەو دوا
خومچی هەر بەو بڕیارە     نێردرا بۆ پای سێدارە

★★★★★★

بەڵام خومچی قەڵەو بوو     باڵابەرز و پتەو بوو
خومچی وتی: من کەتەم     کەی من کوڕی ئەم پەتەم
کورتە پنە و لاوازێ     بۆ سێدارە دەسازێ
قەرەقووش وتی وایە     وتەکەی زۆر ڕەوایە
خومچێکی تریان گرت     بەبێ قڕە و جرت و فرت
ناردیانە پای سێدارە     ئەمەیە تاوانبارە
"ڕەوا"و"ڕژێم"و"یاسا"     هەر لەو دەمەوە تاسا
هەرچی دەڵێن هەڵاتە     "داد"لە جیهانا قاتە

١٩٦٢ — سلێمانی

سەرچاوەکان:

١- تراجم إسلامية شرقية واندليسة – محمد عبداالله عنان – ط ٢ - ١٩٧٠
٢- المنجد في اللغة والاعلام. ط ٢٠ ص ٤١٤.
٣- الفاشوش في حكم قراقوش- كامل زهيري – الهلال – العدد ٨ ١٩٦٦.
٤- النادرة العربية في الادب المصري – يوسف الشاروني – الهلال مارس ١٩٧٧.
٥- جحا الضاحك المضحك – عباس محمود العقاد – كتاب الهلال – ٦٥ – ١٩٥٦.
٦- الفكاهة في مصر – الدكتور شوقي ضيف كتاب الهلال. ٨٣- ١٩٥٨.
٧- كليات لطائف – توركى – ئەستانه – ١٣٢٨ ك.
٨- خزينة لطائف – توركي.
٩- الفاشوش في حكم قراقوش – لابن مماتي – المكتبة الحديثة للطباعة والنشر – بيروت – شارع سوريا.
١٠- بغداد من ١٩٠٠ ص سنة ١٩٣٤ – ج ١.
١١- شخصيات اثرت في حركة التأريخ – سالم جلميران – مطبعة الأديب – ١٩٨٩.
١٢- قراقوش بين التأريخ والأسطورة.. محمد عبدالله عنان الهلال – الجزء ١٠ – المجلد ٦٥ – أكتوبر ١٩٥٧.
١٣- جمهرة الامثال البغدادية – ج١ – ١٩٧١ – ص ١٦٩. تأليف العميد المتقاعد عبدالرحمن التكريتي.
١٤- حكم قراقوش: د. محمد خشفة.. الجيل.. ص ٤٣ – ١٩٨٩ ٢ ب – اغطس.
١٥- ئەستێرەی بەیان: عوسمان شارباژێڕی.. ص ٨٩ – ١٩٦٩.



بەرهەمە چاپکراوەکان:

١- وتەکانی ژیان – بەرگی یەکەم، گۆڕین و ئامادەکردنی: محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە – عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە.
٢- قەرەقووش..
٣- بالوولی دانا.

ئامادەیە بۆ چاپ:–
١ – لەهەر باخێ گوڵێك.
٢ – مامۆستای هونەر.

نووسەر لەچەند دێڕێکدا:–

عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە
ساڵی ١٩٤٥ ز لە شاری کەرکوك لە دایکبووە.
قوتابخانەی سەرەتایی و ناوندی و ئامادەیی و خولی پەروەردەی لە کەرکوك تەواو کردووە.
لە ١٩٦٤/١٢/٩ بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە دێی کەوەڵە.
لە ١٩٩٥/٩/١ خانەنشین بووە.
لە ٧ / ٣ / ٢٠١١ بە نەخۆشی لە کەرکوك کۆچی دوایی کرد.